روودا و
RÛDAW
ژمارە (439) دووشەممە 2017/1/2 – 12ی بەفرانبار 2716 (750) دینار

له ساڵی رابردوودا

## هەشت پیاو بەدەستی ژنەکانیان کوژراون

روودا و– سلێمانی

له ساڵی رابردوودا 583 حاڵەتی توندوتیژی لەلایەن ژنانەوە بەرامبەر پیاوان تۆمار کراون و هەشت پیاویش لەلایەن ژنەکانیانەوە بەهاوکاریی کەسانی دیکە کوژراون.

بەپێی ئاماری یەکێتی پیاوانی کوردستان کە کۆپییەکی داوەتە (روودا و)، له ساڵی رابردوودا هەشت پیاو لەلایەن ژنانەوە کوژراون، لەکاتێکدا له ساڵی 2015دا شەش پیاو بە دەستی ژنان کوژرابوون.

هەر بەپێی ئاماری ئەو رێکخراوە، له سەرەتای ساڵی رابردووەوە تاوەکو کۆتایی ساڵەکە 583 حاڵەتی توندوتیژی لەلایەن ژنەوە بەرامبەر پیاوان تۆمار کراون.

هەر له چوارچێوەی تاوانەکانی کوشتنی پیاواندا له ساڵی رابردوو، شەش برا لەلایەن براکانیانەوە بەهۆی کێشەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتییەوە کوژراون. سێ باوکیش لەلایەن کوڕەکانیانەوە کوژراون.

هاوکات بەپێی ئامارەکانی ئەو رێکخراوە، له ساڵی 2016دا 70 کەس له رەگەزی نێر بەشێوازی جۆراوجۆر خۆیان کوشتووە.

مەرزیە عومەر، توێژەری کۆمەڵایەتی ئەو ئامارەی بەلاوە زۆرە و گوتی "لەبەرئەوەی له کۆمەڵگەی ئێمە ژن بە مرۆڤێکی بەسۆز ناسراوە و کەمتر پەنا بۆ کوشتن دەبات، بۆیە کوشتنی هەشت پیاو زۆرە و کاتێک هەواڵی لەو جۆرە دەبیستین شۆک دەبین".

«13

## سۆفی و سەلەفییەکان ناچنە بەرەی ئیسلامی

3

پێشبینیەکانی ستراتفۆر:

## پاش شەڕی مووسڵ پەیوەندیی عێراق و کوردستان ئاڵۆزتر دەبێ

17

له یەک ساڵ و نیوی رابردوودا...

## 2500 کەس له شارەکانی باکووری کوردستان کوژراون

6

ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتی زانیارییەکەی له بەرپرسانی گۆڕان وەرگرتووە

# نەوشیروان مستەفا ناگەڕێتەوە کوردستان

« 5



راپۆرت 4

### 50 هەزار کەس ناوی خۆیان بۆ حەج تۆمار کردووە



ئابووری 8

### نرخی کرێی خانوو له هەولێر 35% دابەزیوە

تەندروستی 15

### دەرزیئاژنین دەگاتە سلێمانی

راپۆرتە هەواڵ 2

### خاوەنی نایت کڵەبەکەی ئیستانبوڵ کوردە

راپۆرت 4

### گورگەکانی سۆران بوونە خەڵووز



## کچە کوردێک تۆڕەکانی بازرگانی بە کۆچبەرانەوە ئاشکرا دەکات

«14

## مامۆستایانی ناڕازی دەچنە هەولێر

ڕووداو- سلێمانی

دانا عەبدول، ئەندامی دەستەی داکۆکی لە مافی مامۆستایان لە پارێزگای هەڵەبجە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، مامۆستایانی ناڕازی بەنیازن چەند مامۆستایەک لە هەر شارۆچکەیەک کۆبکەنەوە و بەپێ بڕۆنە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیران و کونسوڵخانەکان لە هەولێر، بەڵام وەکو مامۆستایانی هەڵەبجەش بڕارەی دیکەیان لەبەردەستە لەوانەش، خێمە هەڵدان و مانگرتن لە خواردن، تۆمارکردنی سکاڵا لە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام کاتەکانیان دیارینەکراون. ئەمڕۆش 2017/1/2 خۆپیشاندان دەکەن و دواتر بڕیار لەسەر یەکێک لەو بژارانە دەدەن. ماوەی سێ مانگە بەشێک لە مامۆستایان لە سلێمانی و هەڵەبجە دژی دواکەوتنی مووچەکانیان و نەمانی پاشەکەوت، بایکۆتی هۆڵەکانی خوێندنیان کردووە.



راپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە (439) - دووشەممە 2017/1/2

# خاوەنی نایت کڵەبەکەی ئیستانبوڵ کوردە

## دوو گەنجەکەی هەولێر بە چوار گوللە کوژراون

هێڤیدار ئەحمەد
ڕووداو- هەولێر


مستەفا جەلال


ئەحمەد ڕەعد حوسێن


سوسنا ڕەحیم

خاوەنی ئەو یانە شەوانەیەی لە ئیستانبوڵ لە شەوی سەری ساڵدا 39 کەسی تێدا کوژرا، کوردە. لە نێو کوژراوەکاندا هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان هەن. کچێکی دانیشتووی سلێمانی کە دەگوترێ بە سەختی بریندار بووە، بە دایکی گوتبوو جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ کوردستان.

لە شەوی سەری ساڵدا 700 کەس لە یانەی شەوانەی (ڕەینا) لە ناوچەی ئۆرتاکۆی گەشتیاری لە شاری ئیستانبوڵ ئاهەنگیان دەگێڕا کاتێک لەناکاو چەکدارێک کە دەگوترێ جلی (بابا نوئێل)ی لەبەردا بووە، خۆی بە یانەکەدا کرد و دەستڕێژی گوللەی لە ئاهەنگگێڕان کرد.

پۆلیسی تورکیا ئاماری قوربانیانی ئەو ڕووداوەی بڵاوکردەوە کە 39 کوژراو و 65 بریندار بوون. هەر زوو ئاشکرابوو کە لەنێو بریندار و کوژراوەکاندا چەند کەسێکی خەڵکی هەرێمی کوردستان هەن.

مستەفا جەلال، 19 ساڵ کە یەکێک بووە لە قوربانیانی ئەو ڕووداوە، دانیشتووی شاری هەولێرە. ئەحمەد جەلال، برای مستەفا کە چاوەڕێی هێنانەوەی تەرمی براکەی دەکات، بە (ڕووداو)ی گوت "پێش ئەوەی مستەفا بکوژرێ، بە تەلەفۆن قسەمان کرد و لە ئەحواڵیم پرسی".

مستەفا وەک ماڵباتەکەی باسی دەکەن، سێ مانگ بوو لە ئیستانبوڵ بوو، قوتابی زانکۆ بووە و لەوێ بەشی زمانی ئینگلیزیی دەخوێند.

ڕووداوەکە لە دوای کاژێر 12:00ی شەو ڕوویدا، چەکدارەکە گەیشتووەتە بەردەم دەرگای یانەکە و پۆلیسێکی کوشتووە، ئینجا چووەتە ژوورەوە و دەستڕێژی گوللەی کردووە، بەڵام ماڵی مستەفا، درەنگ زانیویانە کوڕەکەیان لەو ڕووداوەدا کوژراوە. ئەحمەد جەلال دەڵێت "ماڵی خوشکەکەم لە ئیستانبوڵە، کاژێر 10:30 بەیانی ئێمەیان ئاگادار کردەوە کە مستەفا لەو ڕووداوەدا کوژراوە و سێ گوللەی بەرکەوتووە".

جگە لە مستەفا، ئەحمەد ڕەعد حوسێن، دانیشتووی هەولێر یەکێکی دیکەیە لە قوربانیەکانی ئەو هێرشە. باوکی ئەحمەد هەر زوو لە هەولێرەوە خۆی گەیاندە ئیستانبوڵ بۆ هێنانەوەی تەرمی کوڕەکەی. ئەو لە ئیستانبوڵەوە بە تەلەفۆن بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "سێ ڕۆژ پێش سەری ساڵ ئەحمەدی کوڕم سەردانی ئیستانبوڵی کرد، خۆی قوتابی زانکۆی جیهان بوو لە هەولێر". گوتیشی "کوڕەکەم گوللەیەک بەر سەری کەوتووە و یەکسەر مردووە".

ئەحمەد دوو ساڵ پێش ئێستا لە هەولێر کافتریای هەبووە، دواتر لەگەڵ باوکی کۆمپانیایەکی بەڵێندەرایەتی دادەنێن. سەعد محەممەد، کوردی ڕۆژئاوایە و لەو کافتریایە کاردەکات کە ئەحمەد پێشتر خاوەنی بووە، دەڵێت "ئێستاش بەهۆی ئەحمەدەوە من و برادەرانی من لە ڕۆژئاوا لەسەر کارەکەی خۆمان بەردەوامین، هیچ جارێ وەکو خاوەن کارێک مامەڵەی لەگەڵ ئێمە نەکردووە، بەڵکو برادەر بوو لەگەڵمان، بەڕاستی حەیف بۆ لەدەستدانی کەسێکی ئاوا".

ئەحمەد ڕەعد لەدایکبووی 1990 و باوکی عەرەبە و دایکی کوردە. باوکی دەڵێت "هەشت ساڵە هاتووینەتە هەولێر و خۆش دەژیاین، کەچی بەداخەوە کوڕەکەم لەو ڕووداوەدا کوژرا".

ناوی ئەو نایت کڵەبەی پەلاماردرا ناوی (ڕەینا)یە، خاوەنەکەی محەممەد کۆچ ئارسلان بە ئەسڵ خەڵکی دێرسمە و کوردی عەلەوییە.

ڕووکەن بادۆ، بەڕێوەبەری ئۆفیسی (ڕووداو) لە ئیستەنبوڵ باسی گرنگیی ئەو شوێنە دەکات و دەڵێت "باڵیۆزخانەی ئەمریکا 300 مەتر دووری نایت کڵەبەکەیە، زانیارییان هەبووە لەبارەی ئەگەری هێرشێکی تیرۆریستی، بۆیە پێشوەختە ڕێوشوێنی ئەمنیی توند گیراوەتەبەر. هەروەها بنکەی سەرەکی هەواڵگریی ئیستانبوڵ نزیکی نایت کڵەبەکەیە، کەچی ڕووداوەکە هەر ڕوویدا".

نایت کڵەبی ڕەینا پێنجەم گەورەترین نایت کڵەبی ئیستانبوڵە و حەوت چێشتخانەی گەورەی تێدایە. شەوانە دوای کاژێر 11:00ی شەو دەرگای بەڕووی میوانەکانیدا دەکاتەوە. دەگوترێ ئەستێرەکانی وەک جنیفەر لۆپێز، پاریس هیڵتن، مۆنیکا کروز و چەندین گۆرانیبێژ و ئەکتەری بەناوبانگ سەردانی ئەو یانەیەیان کردووە.

نرخی کەمترین پلیتی شەوێکی ئەو یانەیە، تەنیا بۆ ئەوەی بچیتەوە ژوورەوە لە 220 دۆلارەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە سەرووی 1500 دۆلار.

### باوکی ئەحمەد:
### کوڕەکەم گوللەیەک بە سەری کەوتبوو

### هاوڕێیەکی سوسنا:
### سوسنا بە دایکی گوتبوو ناگەڕێمەوە بۆ کوردستان

#### کچەکەی سلێمانی چارەنووسی نادیارە

سوسنا ڕەحیم، لەدایکبووی 1993، کچێکی خەڵکی سلێمانییە و لەو ئاهەنگەدا بووە. لە دوای ڕووداوەکەوە چارەنووسی نادیارە و زانیاریی دژ بە یەک لەبارەیەوە بڵاودەبنەوە.

هاوڕێیەکی نزیکی سوسنا بە (ڕووداو)ی گوت "سوسنا ڕۆژی 2016/12/28 گەیشتووەتە تورکیا و بە دایکی گوتبوو ناگەڕێمەوە، لە ئیستانبوڵ خۆم ڕادەستی UN دەکەم".

برادەرەکەی سوسنا کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، زانیاری زیاتری لەبارەی ئەو هاوڕێیەی دا و گوتی "پێش ڕووداوەکە بە نزیکەی کاژێرێک، بە تەلەفۆن قسەمان کرد و گوتی ئەمڕۆ ڕۆژی لەدایکبوونی منە". بەڵام "کاژێر 12:30 خولەک لەسەر هێڵ نەما، زۆر هەوڵماندا پەیوەندی پێوە بکەین، بەڵام وەڵامی هەر نەبوو". ئەو کچە هەروەها دەڵێت "بنەماڵەکەی هەندێ زانیارییان لەسەر کچەکەیان دەستکەوتووە کە بریندارە و لە نەخۆشخانەیەکی ناوچەی بێشکتاشە، بڕیارە براکەی لە ئەڵمانیاوە بگاتە تورکیا بۆ ئەوەی سەردانی بکات".

سوسنا پێش ئەوەی سەفەر بکات، ڕۆژی 25ی دیسەمبەر لە واڵەکەی خۆیەوە لە وەڵامی پێشبینییەکانی فەیسبووکدا کە نووسیبووی: وڵاتەکەی خۆت بە یەکجاری جێدەهێڵی و سەفەر دەکەی، نووسیویەتی: "جا کوا نەجاتم بووایە". هاوڕێکەی دەڵێت "سوسنا لە کوردستان زۆر بێزار بوو".

### کەمترین گەشتیار چوونەتە تورکیا

عەلی شوان، بەڕێوەبەری مارکێتینگ لە کۆمپانیای ئەتڵەس بۆ فڕۆکەوانی باسی چوونی گەشتیارانی کوردستانی بۆ تورکیا کرد و گوتی "ئەمساڵ کەمترین گروپ و گەشتیار بۆ سەری ساڵ ڕۆیشتوونەتە تورکیا، زۆربەیان ڕوویان لە دوبەی کردووە".

گوتیشی "تەنیا لە 29-30/12/2016 فڕۆکەکانی ئێمە پڕبوون لە گەشتیار کە بۆ ئاهەنگی سەری ساڵ ڕۆیشتوونەتە تورکیا. ڕۆژانی پێشتر 50%ی کورسییەکانی فڕۆکە بەتاڵ بوون".

# 10 هەزار گەشتیار شەوی سەری ساڵ لە دهۆک بوون

ناسر عەلی
ڕووداو- هەولێر



بەڕێوەبەری گشتیی گەشتوگوزاری دهۆک ڕایگەیاند شەوی سەری ساڵ نزیکەی 10 هەزار گەشتیار لە شاری دهۆک بوون. بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیری دهۆکیش دەڵێت شەوی سەری ساڵ لە نزیکەی 20 شوێن ئاهەنگ هەبووە و 105 گۆرانیبێژ بەشدارییان لە ئاهەنگەکاندا کردووە.

بەپێی ڕاپۆرتی نووسینگەی نشینگە و پاسپۆرت لە بەڕێوەبەرایەتی دەروازەی سنووریی ئیبراهیم خەلیل، مانگی ڕابردوو 79 هەزار و 246 کەس لەو دەروازەیەوە هاتوچۆیان کردووە، لەو ژمارەیەش 40 هەزار و 856 کەس لە تورکیاوە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان کە 32 هەزاریان هەڵگری پاسپۆرتی تورکی و 806 کەسیش پاسپۆرتی وڵاتانی دیکەیان هەبووە.

لە بەرامبەریشدا 38 هەزار و 390 کەس لە ڕێگەی دەروازەی سنووریی ئیبراهیم خەلیلەوە سەردانی تورکیایان کردووە کە 32 هەزار و 554 کەس هەڵگری پاسپۆرتی تورکیا بوون و 4935 کەسیشیان هەڵگری پاسپۆرتی عێراقی بوون، 901 کەسیش هەڵگری پاسپۆرتی وڵاتانی دیکە بوون.

ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیارانی بیانی و ناوخۆیی شەوی سەری ساڵیان لە شاری دهۆک بەڕێکرد، بەڵام گەشتوگوزاری دهۆک لە ئاستی ژمارەی گەشتیاران ڕازی نین.

شەماڵ جەعفەر لە بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە شەوی سەری ساڵدا نزیکەی 10 هەزار گەشتیار لە ناوچەی جیاجیای کوردستان و عێراق و دەرەوەی عێراقەوە سەردانی شوێنە گەشتیارییەکانی شاری دهۆکیان کردووە، بەڵام زۆرینەیان خەڵکی پارێزگاکانی عێراق بوون".

شەماڵ دەڵێت ئەوان پێشبینی هاتنی ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیارانیان کردووە "ئێمە پێشبینیمان کردبوو ژمارەیەکی زۆر گەشتیار ڕوو لە شاری دهۆک بکەن، بەڵام بەهۆی ناسەقامگیریی ڕەوشی باکووری کوردستان ژمارەیەکی کەم لە گەشتیارانی باکوور هاتبوون، جگە لەوەش شوێنی گەشتکردنی زستانە لە دهۆک کەمە، بۆیە گەشتیار کەم ڕوو لە دهۆک دەکەن".

### بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە دهۆک:
### شەوی سەری ساڵ 105 هونەرمەند لە شاری دهۆک ئاهەنگیان گێڕاوە

لە شەوی سەری ساڵدا لە چەندین هۆڵ و ڕێستورانت و هۆتێلە گەشتیارییەکانی دهۆک ئاهەنگ هەبوو، ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندانی کورد و عەرەب تاوەکو درەنگانی شەو گۆرانییان گوت.

کامەران مەرعی، بەڕێوەبەری تیپ و سەنتەرەکانی ڕۆشنبیری لە بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری دهۆک بە (ڕووداو)ی گوت "ساڵی 2013 ئێمە ئاهەنگێکی جەماوەریی گەورەمان کرد، بە تەمابووین هەموو ساڵێک ئاهەنگ بگێڕین، بەڵام لەبەر ڕەوشی ئێستا و قەیرانی دارایی لەدوای 2013ەوە هیچ ئاهەنگێکی حکومی بەبۆنەی سەری ساڵەوە لە دهۆک بەڕێوەنەچووە".

کامەران مەرعی، لەبارەی ژمارەی ئاهەنگەکانی سەری ساڵی 2017 لە دهۆک بە (ڕووداو)ی گوت "ئەمساڵ لەڕووی ئاهەنگی تایبەتەوە سەری ساڵێکی گەرم بوو لە دهۆک، نزیکەی 20 ئاهەنگی جۆراوجۆر لە هۆڵ و ڕێستورانت و هوتێلە گەشتیارییەکان لەلایەن کەرتی تایبەتەوە کران. بەپێی زانیارییەکانمان 105 گۆرانیبێژ بەشدارییان لەو ئاهەنگانەدا کردبوو".

# کورد مووەلیدەکانیان دەبەنە لوبنان

ئەیوب نەسری
ڕووداو — دهۆک

هاووڵاتییەکی خەڵکی دهۆک دەڵێت گرێبەستی دابینکردنی کارەبای گەڕەکێکی بەیرووتی پایتەختی لوبنانی بۆ ماوەی یەک ساڵ وەرگرتووە.

ئازاد ساڵح نەچار کە دانیشتووی دهۆکە و ساڵانێکی زۆرە لە دهۆک مووەلیدەی هەیە، ئێستا دەیەوێ پیشەکەی بباتە دەرەوەی کوردستان و شوێنی دیکەش ڕووناک بکاتەوە.

ئازاد ساڵح بە (ڕووداو)ی گوت "لە گەڕەکی جونیەی باکووری بەیرووت، سێ مووەلیدەم کڕیوە، زیاتر لە 4000 ئەمپێر کارەبا دەدەمە ماڵان و شوێنە گەشتیارییەکان".

نرخی تێچوونی ئەو سێ مووەلیدەیە لەسەر ئازاد 42 هەزار دۆلار کەوتووە، گرێبەستەکەشی بۆ ماوەی ساڵێکە، دوای ساڵەکە مووەلیدەکان لە زیادکردنی ئاشکرادا بە کرێ دەدرێنەوە. ئازاد گوتی "خۆم چووم لەوێ گرێبەستم کردووە، چونکە بەپێی ڕێسا و ڕێنماییەکانی ئەوێ، کەسانی بیانیش دەتوانن بەشداری لەو زیادکردنە بکەن".

ئازاد ستافێکی لوبنانی بۆ ئیشپێکردنی مووەلیدەکان داناوە و خۆی لە کوردستانەوە سەرپەرشتییان دەکات. گرێبەستەکەی ئازاد لە سەرەتای ئەم مانگەوە دەستپێدەکات.

لوبنان یەکێکە لەو وڵاتانەی کە بە دەست بێ کارەباییەوە دەناڵێنێ، بۆیە لەوێش هاوشێوەی کوردستان کارەبای مووەلیدە و کارەبای نیشتیمانی هەیە. سەبارەت بە کارەبای نیشتیمانی لە لوبنان، ئازاد گوتی "لەوێش هاوشێوەی کوردستان بەپێی وەرزەکان سەعاتەکانی پێدانی کارەبای مووەلیدە و کارەبای نیشتیمانی دەگۆڕێ، بۆ نموونە لە وەرزی زستان و هاویندا 15 سەعات کارەبای نیشتمانی هەیە و 9 سەعاتیش کارەبای مووەلیدە".

سەبارەت بە نرخی ئەمپێری کارەبا لە لوبنان، ئازاد گوتی "لەوێ وەکو کوردستان نییە بەگوێرەی سەعاتەکانی ئیشکردنی مووەلیدە مانگانەی کارەبا دیاری بکرێ، بەڵکو لە سەرەتای ساڵەوە نرخی ئەمپێرێک کارەبا دیاری دەکرێ، بۆ نموونە بۆ ئەمساڵ 12 هەزار لیرە دانراوە بۆ ئەمپێرێک کە دەکاتە هەشت دۆلار، جا ڕۆژانە دوو سەعات مووەلیدە ئیش بکات، یان 10 سەعات، هاووڵاتی مانگانە تەنیا هەر هەشت دۆلارەکە دەدات".





## گۆڕان داوا لە پارتی دەکات بەیاننامەکەی بارزانی بکەنە پرۆژە

ڕووداو- هەولێر

کاروان هاشم، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، سەبارەت بە پرۆژە ئامادەکراوەکەی گۆڕان، بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو لەگەڵ شاندی دانوستاندنکاری پارتی دیموکراتی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە چاوەڕێی شاندی پارتی دەکەین، کە بەیاننامەکەی بارزانی بکەنە پرۆژەیەک و بیدەن بە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان". گوتیشی "ئێستا تۆپەکە لای پارتییە هەنگاوی کردەیی بنێت و لایەنەکانیش بۆچوونەکانی خۆیان بەپارتی گوتووە" . لەدوای پەیامەکەی بارزانی، پارتی لە ڕۆژی 2016/11/28 دەستیکرد بە کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان و ڕۆژی 2016/12/19 لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان کۆبووەوە .

## دژی بەستنی کۆنگرەیە بۆ دەرکردنی باڵێکی یەکێتی

# پێگەی پاڤڵ تاڵەبانی لەنێو یەکێتی بەهێزتر دەبێت



### دەبێ جێگرانی سکرتێری گشتی بەپێی قەبارە و سەنگی خۆیان ڕۆڵیان لەنێو یەکێتی هەبێت

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر

لەگەڵ قوڵبوونەوەی کێشە نێوخۆییەکانی یەکێتی، ڕۆڵی کوڕە گەورەی جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی ئەو حیزبە زیاتر دەبێت. پاڤڵ تاڵەبانی بۆ یەکەمجار پۆستەکەی لەلایەن مەلا بەختیار، بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە ڕۆژی 2016/10/31 دا لە سەردانی شاندی حیزبەکەیان بۆ ئێران ئاشکرا بوو کە ئەویش "لێپرسراوی کاروباری دژایەتی تیرۆرە". لەپاڵ کارکردن لە سلکی ئەمنی، ڕۆڵی پاڤڵ تاڵەبانی لە بواری سیاسی زیاتر بوو کاتێک لە هەوڵەکانی بۆ نزیککردنەوەی باڵی زۆرینەی مەکتەبی سیاسی بە سەرۆکایەتی هیرۆ ئیبراهیم ئەحمەدی دایکی و باڵی ناوەندی بڕیار بە سەرۆکایەتی جێگرانی سکرتێری گشتی، سەرکەوتوو بوو.

هیچ ئەنجامێک لە هەوڵ و دەستپێشخەرییەکان بۆ چارەسەری کێشە نێوخۆییەکانی یەکێتی بەدی نەهاتووە".

شەوی 2016/10/14 پاڤڵ تاڵەبانی بە نوێنەرایەتی باڵی زۆرینەی مەکتەبی سیاسی، لە ماڵی کۆسرەت ڕەسوڵ لەگەڵ ناوەندی بڕیار بۆ ماوەی سێ کاژێر کۆبووەوە. ئەگەرچی کۆبوونەوەکە بێ ئەنجام بوو، بەڵام پاڤڵ تاڵەبانی سەرکەوتوو بوو لەوەی ڕێگای نەدا لە کۆبوونەوەی ڕۆژی 2016/10/15ی سەرکردایەتیی یەکێتیدا هیچ بڕیارێک لە بەرژەوەندی یان لە دژی هیچ باڵێکی یەکێتی دەربچێت. کە ئەو کۆبوونەوەیە لەلایەن کۆسرەت ڕەسوڵ (بەپێی بەیاننامەیەک) بە ڕاگەیاندنی "دوولەتکردنی یەکێتی" وەسف کرا، بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) کۆبوونەوەی دووەمی سەرکردایەتیی یەکێتی لەسەر داوای پاڤڵ تاڵەبانی بە فەرمی نەکرا.

### سەرکردەکانی یەکێتی پشتگیری دەکەن

مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەو سەردان و کۆبوونەوانەی چ لە ماڵی کاک شێخ جەعفەر لە قەرەداخ، چ ئەوەی ماڵی مام جەلال، هەموومان پشتیوانیمان بۆ هەوڵەکانی کاک پاڤڵ دەربڕی، بەڵام ئەو بابەتە تەنیا بەو ناکرێت، ئەگەر سەرکردەکانی یەکێتی بە قەناعەتەوە خەمی حیزبەکەی مام جەلال نەخۆن، هەزار کۆبوونەوەش بکەین ناگەینە ئەنجام".

مستەفا چاوڕەش لەبارەی ڕۆڵی پاڤڵ تاڵەبانی لەنێو یەکێتیدا گوتی "هەوڵەکانی کاک پاڤڵ جێگای ڕێزە، بە حوکمی ئەوەی کوڕی مام جەلالە و لەدایکییەوە نزیکە، پەیوەندیشی لەگەڵ کاک کۆسرەت و کاک بەرهەم، هەروەها لەگەڵ سەرکردەکانی دیکەش هەیە. ئەو کاریگەریی خۆی هەبووە لەسەر ئەو کەشە هێمنەی ئێستا لەنێو یەکێتیدا دروست بووە".

هەرچی فەرید ئەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتییە، دەڵێت پاڤڵ تاڵەبانی کادیرێکی یەکێتییە و وەکو هەر کەسێکی دیکە بەو دۆخەی یەکێتی نیگەرانە. ئەسەسەرد گوتی: "دۆخەکە هێور بووەتەوە، بەڵام هەتاوەکو ئێستا

### ڕەخنەی لە باڵی زۆرینە گرتووە

سەرکردەیەکی سەر بە ناوەندی بڕیار کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت و بەشداریی زۆربەی کۆبوونەوەکانی کردووە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کاک پاڤڵ قسەی باشی لەو کێشانەدا کردووە، هەر کەسێک نێوەندگیری کردبێت تووشی کێشە بووە لەگەڵ یەکێک لەو باڵانە، بەڵام ئەو خوا هەڵناگرێت، قسەی بە هەندێک کەس لەنێو باڵی زۆرینە گوتووە کە بەناوی ماڵی مام جەلال و ئیبراهیم ئەحمەدەوە کێشەکانی نێو یەکێتی قووڵتر دەکەنەوە".

هاوکات هاوڕێیەکی نزیکی پاڤڵ، تێڕوانینی ئەو بۆ کێشەکانی نێو یەکێتی دەخاتەڕوو و دەڵێت "کاک پاڤڵ پێیوایە لە بەڕێوەبردنی یەکێتیدا ماڵی مام جەلال سەنتەرە. لەگەڵ پاراستنی پێگە و دەسەڵاتی هەردوو جێگرانی سکرتێری گشتی. هەروەها بەستنی کۆنگرەش بە چارەسەر دەزانێت، بەڵام بەو مەرجەی نەبێتە هۆی پەراوێزخستن یان دەرکردنی باڵ و کەسانێک لەنێو یەکێتی".

پاڤڵ تاڵەبانی کەمترین دەرکەوتنی لە کۆبوونەوە و بۆنە فەرمییەکاندا هەبووە. بەدرێژایی ساڵی ڕابردوو چەند چالاکییەکی کەمی هەبووە کە لە میدیاکانەوە تیشکیان خرابێتە سەر. لەوانەش بەشداریکردنی لە کۆبوونەوەی هاوبەشی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی بە سەرپەرشتی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە ڕۆژی 2016/3/6 لە پیرمان بەڕێوەچوو. کۆتایی حوزەیرانی 2016 لە هەولێر سەردانی عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی کرد. هەروەها ڕۆژی 2016/8/6 سەردانی د.فوئاد مەعسوم، سەرۆک کۆماری عێراقی لە بەغدا کرد و ڕۆژی 2016/11/22 سەردانی نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکووکی کرد.

دواین دەرکەوتنی پاڤڵ تاڵەبانی لە میدیاکانەوە ڕۆژی 2016/12/4 بوو کە بەشداریی کۆبوونەوەیەکی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی کرد لەگەڵ برێت مەککۆرگ، نوێنەری باراک ئۆباما بۆ هاوپەیمانێتی شەڕی دژی داعش.

ساڵی ڕابردوو کە ساڵێکی پڕ لە کێشمەکێشمی سیاسی و ناڕەزایی خەڵک بوو بەهۆی قەیرانی دارایی، بەپێچەوانەی سیاسییەکانی دیکەوە، پاڤڵ تاڵەبانی تەنیا جارێک لە ڕێگەی میدیاکانەوە قسەی لەسەر دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان کردووە، ئەویش لە وتارێکدا کە ڕۆژی 2016/11/26 بڵاوی کردەوە بە ناونیشانی " ئەوەی پێویستە بکرێت". تاڵەبانی لە بەشێکی وتارەکەیدا گوتبووی "خۆنمایشکردن لەژێر چەتری بێزاریی خەڵک لە کۆمەڵێک نووسین و قسە و کردار، ئەوەندەی دەبێتە هۆی بە پاڵەوانبوونی کەسی، ئەوەندە نابێتە هۆکار بۆ کەمکردنەوەی ئازار و شەکەتیی خەڵک و گەیشتن بە ڕێگەی چارەسەر".

هاوڕێیەکی نزیکی پاڤڵ تاڵەبانی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت "پاڤڵ تاڵەبانی زۆر بڕوای بە سیاسەتی فەیسبووک و پاڵەوانی شەقام نییە".

### دەبێ یەکێتی لەگەڵ پارتی حوکم بکات

(ڕووداو) زانیویەتی پاڤڵ تاڵەبانی، کۆبوونەوەی سەرکردایەتی هاوبەشی گۆڕان و یەکێتی لە ڕۆژی 2016/12/5ی ڕێکخست بۆ ئەوەی بە یەک بۆچوون لەگەڵ پارتی کۆببنەوە. لە کاتێکدا دوای دروستبوونی باڵی ناوەندی بڕیار لە نێو یەکێتیدا لە ڕۆژی 2016/9/1 ، سەرکردایەتی هاوبەش کۆنەبووەوە.

بەپێی زانیاری ئەو کەسە نزیکەی کوڕە گەورەی تاڵەبانی "پاڤڵ تاڵەبانی پەیوەندی لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دڵشاد بارزانیی برای کە نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە ئەڵمانیا، بەهێزە. لەگەڵ سەرکردەکانی دیکەی پارتیش پەیوەندیی باشە. جگە لەوە لەگەڵ نەوشیروان مستەفا و سەرکردەکانی پێشووی یەکێتی کە ئێستا لەنێو گۆڕانن، پەیوەندی هەیە و بەردەوام سەردانیان دەکات".

ئەو هاوڕێیەی پاڤڵ باسی تێڕوانینی کوڕە گەورەکەی تاڵەبانی دەکات بۆ بەڕێوەبردنی کوردستان و دەڵێت "پاڤڵ تاڵەبانی قەناعەتی وایە دەبێ یەکێتی سلێمانی لەگەڵ گۆڕان، کوردستانیش لەگەڵ پارتی بە هاوبەشی بەڕێوەببات".

#### پاڤڵ جەلال تاڵەبانی

- سالی 1973 لە شاری بەغدا لەدایک بووە.
- بەشی گرافیک و دیزاینی لە کۆلێژی ئەندازیاری تەواو کردووە.
- دامەزرێنەرانی دەزگای دژە تیرۆرە لە سلێمانی
- بەشداری لە 120 ئۆپەراسیۆنی دەزگای دژە تیرۆر کردووە هەر لە هەورامانەوە تاوەکو بەسرا
- وڵاتینامەی بەریتانی هەیە. خولی هەواڵگری، دیبلۆماسی و سیاسی لە ئەمریکا، بەریتانیا و چەند وڵاتێکی دیکە بینیوە.
- زمانەکانی کوردی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، فارسی و عەرەبی دەزانێت.
- لەگەڵ لاڤەی کچی مەلا بەختیار خێزانیان پێکەوە ناوە. کوڕێکیان هەیە بە ناوی کۆبان.
- زۆرترین کات لەگەڵ باوکی بووە و کاریگەری و پەروەردەی ئەوی لەسەر بووە.

# سۆفی و سەلەفییەکان ناچنە بەرەی ئیسلامی



### موحسین موفتی، کەسایەتی دیاری تەریقەتی نەقشبەندی: کارمان لەگەڵ کەس نەکردووە، تاوەکو لەگەڵ ئیسلامییەکانی بکەین

### د.عەبدوللەتیف سەلەفی: ئێمە حیزب نین تاوەکو بەشداری لە کاری هاوبەشی سیاسی بکەین

سیروان عەباس
ڕووداو- هەولێر

سێ پارتە ئیسلامییەکەی هەرێمی کوردستان لە ئاستی باڵادا کۆبوونەوە و بڕیاریان لەسەر پێکهێنانی دەستەی باڵای هاوبەشی لایەنە ئیسلامییەکان دا، بەڵام پەیڕەوانی تەریقەتی نەقشبەندی و سەلەفییەکان ڕەتیدەکەنەوە کار لەگەڵ ئەو دەستەیە بکەن.

دوای زنجیرەیەک کۆبوونەوە لەسەر ئاستی مەکتەب سیاسییەکانیان، ڕۆژی شەممە 2016/12/31 سەلاحەدین بەهائەدین، ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامی، عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی، عیرفان عەبدولعەزیز، ڕابەری بزووتنەوەی ئیسلامی، لە بارەگای مەکتەبی سیاسی کۆمەڵ لە شاری سلێمانی کۆبوونەوە.

دوای کۆبوونەوەکە ڕاگەیێندراوێکیان بە ناوی دەستەی باڵای کاری هاوبەشی لایەنە ئیسلامییەکان بڵاوکردەوە و ڕایانگەیاند "بە تێرو تەسەلی باس لە یەکڕیزیی ناوماڵی ئیسلامییەکانی کوردستان و دانانی میکانیزمی کرداری بۆ کاری هاوبەشی نێوانیان تاوتوێ کرا. بڕیار درا دەستەیەکی باڵای کاری هاوبەش پێکبهێنرێ، بۆ دانانی ڕێوشوێنی پێویست بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژەی یەکخستن و یەکگرتنی ئیسلامییەکان بەشێوەیەکی قۆناغبەندی".

شوان قەڵادزەیی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "مەبەست لە لێکزیکبوونەوەی ئیسلامییەکان ئەنجامدانی کاری هاوبەش و یەکدەنگییە، بەجۆرێک کە سەرجەم موسوڵمانانی هەرێمی کوردستان کۆبکاتەوە، بەتایبەتی سۆفی و سەلەفییەکان".

لە کوردستان جگە لەو سێ لایەنە ئیسلامییە، ڕەوتی دیکەی ئیسلامی هەن کە بە هەزاران کەسیان لە خۆیان کۆکردووەتەوە، لەوانەش سۆفی و سەلەفییەکان، بەڵام ڕەتیدەکەنەوە هیچ کارێکی هاوبەش لەگەڵ ئەو دەستەیە بکەن.

د.عەبدوللەتیف سەلەفی، کەسایەتی دیاری نێو سەلەفییەکان ڕەتیدەکاتەوە هیچ کارێکی هاوبەش لەگەڵ ئەو دەستە هاوبەشە ئیسلامییەدا بکەن و بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە حیزب نین تاوەکو بەشداری لە کاری هاوبەشی سیاسی بکەین، بەڵام ئێمە پێمان خۆشە موسوڵمانان تێکڕا، نەک تەنیا حیزبەکان، یەکدەنگ و یەکڕیز بن، بەڵام بۆ حیزبایەتی نەبێت و لەسەر بنەمای خزمەتکردن بە دینی خوا بێ".

عەبدوللەتیف سەلەفی، کارە هاوبەشەکان بە یەکجاری لەگەڵ پارتە ئیسلامییەکاندا هەڵناپەسێرێت، بەڵکو ڕێچکەیەک دەهێڵێتەوە بۆ ئەنجامدانی هەندێ کار لەگەڵیاندا، ئەو دەڵێت "من هاوکاری لەسەر کاری حیزبی بەهیچ جۆرێک ناکەم، بەڵام ئەگەر کارێک خوا پێی خۆشبێت، هەر کەسێک موسوڵمان بێت و داوای هاوکاری بکات ئێمە لاریمان لە بەدەنگەوەچوونی نییە، ئەگەر ئیسلامیش نەبێت".

د.عەبدوللەتیف گەشبینی خۆشی بە یەکگرتنی ئیسلامییەکانی هەرێمی کوردستان نیشاندا و گوتی "ئومێدی ئەوەمان هەیە کە تێکڕای موسوڵمانانی هەرێمی کوردستان ببنە یەک دەست و هەموو ناکۆکییەکانی نێوانیان وەلابنێن".

هەروەها شێخ موحسین موفتی، کەسایەتی دیاری تەریقەتی نەقشبەندی بە (ڕووداو)ی گوت "هەر کەسێک ڕاست بێ لەگەڵ خودا و شەریعەت، ئێمە دوعای سەرکەوتنی بۆ دەکەین، بەڵام جێبەجێکردنی ئەجێندای بێگانە لەلایەن هەر لایەن و کەسێکەوە بێت، تێبینیمان لەسەری هەیە و لەگەڵیدا نین، سیاسەتی ئەم سەردەمە هەمووی بووە بە دەستتێوەردان و جێبەجێکردنی ئەجێندای بێگانە، بۆیە بڕوامان بە هەندێ هەنگاو نەماوە، ئەگینا ئێمە پێمان خۆشە هەموو کەس و لایەنێک لە هەرێمی کوردستاندا ڕاست و تەبا بێت".

شێخ موحسین موفتی کە لە خولەکانی ڕابردوودا ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە، دەڵێت "ئەهلی تەسەوف و عیرفان دروشمی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەویش دڵسۆزییە بۆ ئیسلام بەو مەرجەی هیچ فکرەیەکی هاوردەکراو خۆی بەسەردا نەسەپێنێ".

شێخ موحسین ڕەتیکردەوە کار لەگەڵ سێ حیزبە ئیسلامییەکە بکەن و گوتی "سۆفییەکان کاری هاوبەشیان لەگەڵ هیچ لایەنێک نەکردووە تاوەکو لەگەڵ سێ لایەنە ئیسلامییەکە بیکەن. ئەوەی لە ڕابردووشدا کردوومانە، تەنیا لەبەر دڵسۆزی بووە بۆ نیشتیمان".

## کورد لە بەغدا پرۆژە یاسایەک رادەگرێ

ڕووداو- هەولێر

زانا ڕووستایی، پەرلەمانتاری کورد لە لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە وەرزی نوێی دانیشتەکانی پەرلەمانی عێراقدا، پرۆژە یاسای دادگای ئیتیحادی بۆ کورد گرنگە پەسەند بکرێت، چونکە پەیوەندی بە کێشەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدادەوە هەیە، بەڵام گوتی "وەکو کورد لەسەر برگەیەک، پرۆژەکەمان ڕاگرتووە کە تایبەت بە یەکلاکردنەوەی کێشەکان. ئێمە داوا دەکەین بە تێکڕای دەنگی دادوەرانی دادگاکە بڕیارەکان بدرێن، بەڵام عەرەبەکان داوای دوو لەسەر سێی دەنگی دادوەران دەکەن". ڕووستایی گوتیشی "ئێستا نۆ دادوەر ئەندامی دادگاکەن کە دوویان کوردن، بەڵام ئەگەر یاساکەی پەسەند کرا ئەو کاتە دەبنە 13 ئەندام و سێ ئەندامیش بەر کورد دەکەوێ".



ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە (439) - دووشەممە 2017/1/2

## گومانی گەندەڵییان لێدەکرێ

# پەرلەمان بەدواداچوون بۆ 10 گرێبەستی وەزارەتی بەرگری دەکات

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەدواداچوون بۆ نزیکەی 10 گرێبەستی کڕینی چەک و تەقەمەنی دەکات کە پێشتر بە بڕی ملیارەها دۆلار بۆ وەزارەتی بەرگریی عێراق کڕدراون و گومانی گەندەڵییان تێدا دەکرێت.

شاخەوان عەبدوڵلا، بڕیاردەری لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجوومەنی نوێنەران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەدواداچوونیان بۆ نزیکەی 10 گرێبەستی وەزارەتی بەرگری کردووە کە لە 10 ساڵی ڕابردوودا کراون. لەوانەش گرێبەستی کڕینی چەک کە گومان دەکرێت بە ملیۆنان دۆلار گەندەڵییان تێدا کرابێت.

شاخەوان گوتی "هەندێک لەو گرێبەستانە کڕینی چەکی ڕووسی و چیکین، چەکەکانیش جۆراوجۆرن لە بچووک و مامناوەند. بە نرخی گرانتر کڕدراون و جۆرەکەشیان خراپە، هەروەها فڕۆکە و هێلیکۆپتەریش".

**شاخەوان عەبدوڵڵا، بڕیاردەری لیژنەی ئاسایش و بەرگری: دەمانچە بە 300 دۆلار کڕدراوە و بە 2000 دۆلار لە بازاڕ فرۆشراوەتەوە**

شاخەوان گوتیشی "ئەو چەکانە لەلایەن وەزارەتی بەرگرییەوە کڕدراون و نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی پێشوو نووری مالیکی لە گرێبەستەکان ئاگادار بووە، لە سەرەتای وەرزی نوێی یاسادانانداا ئەو گرێبەستانە ڕادەگەیەنین کە گەندەڵییان تێدا کراوە".

شاخەوان عەبدوڵلا لەبارەی ئەو گرێبەستانەوە گوتی "هەندێک لەو گرێبەستانە بۆ ماوەی ساڵێک کراون، بۆ نموونە عێراق گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیایەکی بیانی کردووە بۆ دابینکردنی چەک و تەقەمەنی بۆ وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆ، هەندێجار وەزارەتی بەرگری پێویستی بە چەک نەبووە، بەڵام ئەو بەرپرسانە چەکەکانیان بەنێوی وەزارەتەوە هێناوە و لە بازاڕی ڕەش بە نرخێکی گرانتر فرۆشراون".

ئەو پەرلەمانتارە نموونەیەکی لەگەندەڵی ئەو گرێبەستە هێنایەوە و گوتی "بۆ نموونە لە چوارچێوەی ئەو گرێبەستەدا دەمانچەیان بە 300 دۆلار کڕیوە، بەڵام لە بازاڕی ڕەش بە 2000 دۆلار فرۆشتوویانەوە، ئەو جۆرە گرێبەستە تا شەڕی داعشیش هەبوون، بەڵام لەبەرئەوەی گەندەڵی زۆریان تێدا هەبوو، لەگەڵ دەستبەکاربوونی حەیدەر عەبادی، ڕایگرتن".

بنکەی ئاسمانی سوەیرە لە شاری بەغدا بە گەورەترین بنکەی ئاسمانی دادەنرێت کە تێیدا ڕاهێنان بە کادیرانی هێزە ئاسمانییەکان دەکرێت و هەموو جۆرە چەک و پێداویستییەکی سەربازیشی تێدایە، ئەو بنکەیەش لە چوارچێوەی بەدواداچوونەکانی لیژنەی ئاسایش و بەرگرییە.

شاخەوان عەبدوڵلا گوتی "نزیکەی پێنج ساڵە پارە بۆ بووژانەوەی پێداویستییەکانی ئەو بنکەیە تەرخانکراوە، بەڵام هێشتا کارەکانی تەواو نەبوون، لە کاتێکدا بە تەواوبوونی بنکەکە، تەواوی هێزە ئاسمانییەکانی عێراق بە فڕۆکە و کارە کارگێڕییەکان و کۆلێژی هێزە ئاسمانییەکان بۆ ئەو شوێنە دەگوازرانەوە، بەڵام ئێستا هەر بەشەیان لە شوێنێکن".

وەکو شاخەوان ئاماژەی بۆ کرد، بۆ تەواو نەبوونی کارەکانی ئەو بنکەیە لەگەڵ هێزی ئاسمانی لە وەزارەتی بەرگری قسەیان کردووە و ئەوانیش بە بەڵگەوە گوتوویانە بووژانەوەی بنکەکە لەلایەن بەشی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی وەزارەت کراوە و ئەوان بەرپرس نین، بۆ بەدواداچوونی زیاتر قسە لەگەڵ ئەو بەشە دەکەن.

هەرچەندە هێشتا کار بە یاسای بودجەی ئەمساڵ نەکراوە، بەڵام هەر لە ئێستاوە باس لە چەندین گرێبەستی کڕینی چەک دەکرێ. بڕیاردەری لیژنەی ئاسایش و بەرگری دەڵێت "لە بودجەی ئەمساڵیشدا بایی ملیۆنان دۆلار گرێبەست بۆ پڕ چەککردنی وەزارەتی بەرگری بۆ سێ تا پێنج ساڵ بە کۆمپانیایەکی چینی دراوە، بەڵام دوای بەدواداچوونمان دەرکەوت کۆمپانیا هەبووە بە نرخێکی کەمتریش بیکات، بەڵام پێیان نەداوە".

ناوبراو گوتیشی "هەرچەندە دەبێت ئەو گرێبەستە لەلایەن وەزارەتی بەرگرییەوە بکرێت، بەڵام دوای بەدواداچوونمان دەرکەوتووە وەزارەت نەیکردووە و گومان دەکرێت لەلایەن نووسینگەی حەیدەر عەبادییەوە کرابێت".

## بایی 2.5 ملیار دینار فۆرمی حەج پڕ دەکرێتەوە

# 50 هەزار کەس ناوی خۆیان بۆ حەج تۆمار کردووە

ڕووداو- سلێمانی

ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو 2017/1/4 دوایین ڕۆژی پڕکردنەوەی فۆرمی سەفەری حەجە، پێشبینی دەکرێ 50 هەزار کەس ئەو فۆرمە پڕبکەنەوە، بەو جۆرەش پارەی گشتیی فۆرمی حەج دەگاتە دوو ملیار و 500 ملیۆن دینار.

ڕۆژی 2016/12/21 بەڕێوەبەرایەتی گشتیی حەج و عومرە 20 بنکەی لە هەرێمی کوردستان بۆ ناونووسینی هاووڵاتیان بۆ فەریزەی حەج کردەوە. ماوەی دوو هەفتەش بۆ ناونووسین دیاری کرا، ڕۆژانی پشووش فۆرم دابەش کراوە.

شێخ قاسم بەرزنجی، بەڕێوەبەری گشتیی حەج و عومرە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی 2017/1/4 دوایین ڕۆژی ناونووسینە، بەڵام تائێستا نازانرێت وادەکەی درێژ دەکرێتەوە یان نا، چونکە ئەوە پەیوەندی بە وەزیری ئەوقافەوە هەیە. وەکو ڕای خۆیشی پێی باشە وادەکە کۆتایی بێت بۆ ئەوەی دەست بە تۆمارکردنی فۆرمەکان بکەن.

بەپێی ئەو ئامارەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەج و عومرەوە بە (ڕووداو) دراوە، تاوەکو ڕۆژی 2016/12/31 زیاتر لە 30 هەزار کەس فۆرمی حەجی ئەمساڵیان پڕکردووەتەوە. بەرزنجی پێشبینی کرد تاوەکو کۆتایی ڕۆژی ناونووسین، ژمارەکە بگاتە 50 هەزار کەس.

ساڵانی ڕابردوو ناونووسینی هاووڵاتییان بۆ سەفەری حەج بێ بەرامبەر بوو، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی قەیرانی داراییەوە، وەزارەتی ئەوقاف بڕی 50 هەزار دینار وەکو ڕسوومات لە هەر کەسێک وەردەگرێت کە ناوی تۆمار دەکات.

شێخ قاسم پێشبینی کردبوو 35 تا 40 هەزار کەس ناویان بنووسن، بەڵام وەکو خۆی گوتی "بۆ خەڵک ڕوونکرایەوە کە ئەو ناونووسینە بۆ نزیکەی سێ ساڵە، لەوەوە خەڵکەکە زیاتر ناویان نووسی، ئێمە جاری یەکەم تیر و پشک بۆ ئەمساڵ و ساڵی داهاتوو دەکەین، تیر و پشکی دووەمیش ڕەنگە بۆ ساڵانی 2019 و 2020 بێت".

ساڵانی ڕابردوو نزیکەی 4500 هاووڵاتیی هەرێمی کوردستان، فەریزەی حەجیان بەجێدەگەیاند، بەڵام لەو یەک دوو ساڵەی دوواییدا، حکومەتی سعودیە پشکی وڵاتانی کەمکردووەتەوە، بەو هۆیەش پشکی هەرێمی کوردستان کەمبووەوە بۆ 3650 کەس.

شێخ قاسم ئاشکرای کرد ڕۆژی 2017/1/3 لەگەڵ بەرپرسانی باڵای عێراق، سەردانی سعوودیە دەکەن، لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتە بۆ دیاریکردنی پشکی حاجیانی هەرێمی کوردستان و عێراق کۆدەبنەوە.

شێخ قاسم گوتی گوتی "ئەگەر وەکو ساڵانی پێشتر ڕێژەی 20%مان بۆ بگێڕنەوە ئەوان ژمارەی ئەو کەسانەی ئەمساڵ سەفەری حەج دەکەن دەبێتەوە 4500 کەس، ئەگەریش بۆمان نەگێڕنەوە ئەوا هەر ژمارەکەی ساڵی ڕابردووە".

بەپێی قسەکانی ئەو بەرپرسەی حەج بێت و ئەگەر ژمارەی ئەو کەسانەی سەفەری حەج دەکەن لەماوەی 2017 تا 2020، هەر ساڵێک چوار هەزار و 500 کەسیش بن دەکاتە 18 هەزار کەس، هێشتا لەوەش ژمارەیەکی زۆرتر دەمێننەوە کە ئەگەر لە تیر و پشک دەرنەچن، پارەکەیان وەرناگرنەوە.

شێخ قاسم گوتی "ئەوە ڕاستە، بەڵام لەم پرۆسەیەشدا ئەوانەی بەشداری دەکەن مەرج نییە هەموویان دەربچن، ئەو پارەیەشی بۆ ناونووسین وەرگیراوە بۆ پاڵپشتی لە تێچووەکانی حەجە، تا چەند ساڵ بەش بکات لێی خەرج دەکەین".

بەبۆچوونی بەرزنجی، ناونووسینی ئەمساڵی هاووڵاتیان کە بە پارەش بووە، قەیرانی دارایی کاریگەری لەسەری نەبووە، گوتی "کەس نەهاتووە بڵێت ئەو 50 هەزار دینارە زۆرە".

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئاینی لە وەزارەتی ئەوقاف، چاوەڕوانی ناونووسینی ئەو 50 هەزار کەسەی کردووە و بە (ڕووداو)ی گوت "ساڵانی ڕابردوو کە ناونووسین بێبەرامبەریش بوو، لە 100 تا 120 هەزار کەس ناویان تۆمار دەکرد، ئێستاش بەراورد بەوەی پارە وەرگیراوە و ئەگەر هەر کەسێکیش ناوی دەرنەچێت پارەکەی بۆ ناگەڕێتەوە، ئەو 50 هەزار کەسە چاوەڕوانکراو بوو".

نەقشبەندی وەکو تیمی حکومەت تائێستا 14 جار لەگەڵ حاجییاندا فەریزەی حەجی بەجێگەیاندووە و گوتی "قەیرانی دارایی کاریگەری نەبووە بۆ جێبەجێکردنی فەریزەیەکی ئاینی ئیسلام، چونکە پێشتریش کە بەشداری ئەو پرۆسەیەم کردووە دەزانم ئاستی بەجێگەیاندنی ئەرکە ئاینییەکان لای خەڵک چۆنە، لەو باوەڕەدام ئەگەر بۆ ناونووسین لە 50 هەزار دینار زیاتریش وەربگیرایە، خەڵک هەر ناوی خۆی دەنووسی".

مەلا عەبدوڵڵا سەعید، سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "ئەگەر 200 هەزار کەسیش ناویان بنووسن هێشتا ئاساییە، چونکە لە عێراق 800 هەزار کەس ناویان نووسیوە و هەر کەسێکیش 30 هەزار دیناری لێوەرگیراوە".

د.خالید حەیدەر، پسپۆری ئابووری بۆ (ڕووداو)ی ڕوونکردەوە، ڕاستە قەیرانی دارایی هەیە و ئەو بڕەشی کۆدەکرێتەوە زۆرە، بەڵام ئەو کەسانەی ناویان تۆمار کردووە وەکو ئەرکێکی ئاینی لەو کارەیان ڕوانیوە و ئەگەریش ناویان دەرچوو، ئەوا پێشتر پارەیان بۆ سەفەرەکە تەرخان کردووە.

بەبۆچوونی ناوبراو، وەرگرتنی پارە لەلایەن حکومەتەوە لە بەرامبەر ناونووسین ئاساییە و گوتی "حکومەت سەرپەرشتی پرۆسەکە دەکات، ئاساییە ئەو ڕسوماتەشی وەرگرتووە و نەیداتەوە بەو کەسانەی ناویان دەرناچێت، چونکە بۆ تێچووی حەج خەرجی دەکات، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو پارەیە تەنیا بۆ ناونووسین بووە، ئەگەر لە سەرەتاوە نیوەی ئەو بڕە وەربگیرایە باشتر بوو".



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

# گورگەکانی سۆران بوونە خەڵووز





مەهدی محەممەد ڕواندزی
ڕووداو- سۆران

هەژار مولوود، چیدی دوو گورگەکەی بە زیندوویی نابینێ، تەنیا وێنەکانیان نەبێ لەنێو مۆبایلەکەیدا. دوو گورگەکەی هەژار یەکێکیان ڕەش بوو لە دەشتی بەرازگر ڕاوکرابوو، ئەوی دیکەشیان شین بوو لە ناوچەی باڵەکایەتی ڕاوکرابوو. بەڵام لە ڕووداوێکی تەمومژاویدا لەگەڵ چەندین پەلەوەر و ئاژەڵی دیکە بوونە خەڵووز.

بەرەبەیانی ڕۆژی 2016/12/24 ئاگرێک لە ناوچەی پیشەسازیی کۆنی سۆران کەوتەوە و بەو هۆیەوە 11 دوکانی فرۆشتنی ئاژەڵ و باڵندە سووتان. دوکاندارەکان دەڵێن دوکانەکانیان سووتێنراون، بەڵام پۆلیسی بەرگریی شارستانیی سۆران دەڵێت بەهۆی شۆرتی کارەباوە سووتاون.

هەژار مەولود کە خاوەنی دوکانێک لەو بازاڕە بووە بە ناوی جیهانی باڵندە، دەڵێت جگە لە چەند پەلەوەرێک، دوو گورگ لە دوکانەکەیدا سووتاون. ئەو گوتی "گورگەکانم زۆر خۆشدەویستن، یەکێکیان گورگێکی ڕەش بوو، لەو ڕۆژانە 1500 دۆلاریان دامێ، نەمفرۆشت".

ناوچەی پیشەسازیی کۆن، چەند ساڵێک بەر لەئێستا شوێنی پیشەوەران بوو، بەڵام دوای ئەوەی شوێنێکی تایبەتیان لە دەرەوەی شار بۆ دروستکرا، شوێنی ئەوان بووەتە شوێنی فرۆشتنی باڵندە و ئاژەڵی کێوی، مارکێت، دوکانی سەوزە و میوە.

هەژار دەڵێت بەهۆی ئەو ئاگرەوە زیاتر لە 2000 باڵندە و ئاژەڵی کێوی بوونەتە خۆڵەمێش. زیانەکانی خۆیشی بە 50 هەزار دۆلار مەزەندە کرد. هەژار گومانی هەیە دوکانەکان بە شۆرتی کارەبا سووتابن و دەڵێت "ئاگرکەوتنەوەیەک لە ڕێگای شۆرتی کارەباوە بووبێت، چۆن ئاوا بەزوویی گەشە دەکات و بە ماوەیەکی کەم 11 دوکان دەسووتێنێ، بڵێسەی ئاگرەکە ئەوەندە بەرز بووە، لە دوورەوە دەبینرا، بۆیە ئێمە دڵنیاین کە ئەو ئاگرە بە دەستی ئەنقەست بووە".

ڕزگار عەلی، کە لەو بازاڕەدا مارکێتێکی بچووکی هەیە، دەڵێت "لەو باوەڕەدا نیم بە شۆرتی کارەبا سووتابێ، چونکە سەیری کامێرای چاودێریمان کردەوە دوکانەکان هەموویان لە یەک کاتدا ئاگر دەگرن".

دوکاندارەکان دەڵێن ئەوان گومانیان لە پیاوێکی عەرەب هەیە کە پێشتر لەو بازاڕە کاری کردووە. بەشدار محەممەد کە میوەفرۆشە لە بازاڕەکە، گوتی "گومان لە ئاوارەیەکی عەرەب هەیە، کە پێشتر لێرە دوکانی مریشکفرۆشی هەبوو، جارێکیان لەگەڵی بوو بە شەڕمان کە ڕۆیشتیش دوکانەکەی پێ نەفرۆشتم، زۆر لە نرخی خۆی هەرزانتر بە کەسێکی دیکەی فرۆشت". گوتیشی "ئەو ڕۆژەی ئەو بازاڕەکەی جێهێشت، شەوەکەی دوکانەکانمان سووتان، بۆیە گومانمان لەو کەسە هەیە".

ڕائید بەیار محێدین، بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەڕێوبەرایەتیی بەرگریی شارستانیی سۆران، ڕەتیکردەوە دوکانەکان بە ئەنقەست سووتێنرابن. ناوبراو بە (ڕووداو)ی گوت "لیژنەیەکی پسپۆڕ لە بواری بەرگریی شارستانی کە لە دوو ئەفسەر و دوو ڕێپێدراوی زۆر شارەزا پێکهاتبوون، سەردانی شوێنی ڕووداوەکەیان کرد، هۆکاری کەوتنەوەی ئاگرەکەیان گەڕاندەوە بۆ شۆرتی کارەبا".

خاوەنی دوکانە سووتاوەکان، زیانەکانی ئاگرەکە بە 150 هەزار دۆلار دەخەمڵێنن، بەڵام ڕائید بەیار گوتی "بەپێی مەزەندەی ئێمە زیانەکان 34 ملیۆن دینار بووە".

سەبارەت بەو عەرەبەی دەگوترێ تۆمەتبارە بە سووتاندنی ئەو دوکانانە. نەقیب هاوار ئەرگووشی، بەرپرسی ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە لایەن خاوەنی یەکێک لە دوکانە سووتاوەکان، سکاڵا تۆمار کراوە، بەڵام سکاڵاکارەکە تەنیا گومانی هەیە و پێیوایە هەندێک کەس دەستیان هەیە لەپاڵ ئاگر کەوتنەوەکە، بۆیە ئێمەش لای خۆمان لێکۆڵینەوەکانمان دەست پێکردووە، تاوەکو ئێستاش لێکۆڵینەوە بەردەوامە، کەسیش لەسەر ئەو ڕووداوە دەستگیر نەکراوە".

## جەمیل هەورامی، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی لە باڵی "ناوەندی بڕیار":

# نەوشیروان مستەفا بەنیاز نییە بگەڕێتەوە کوردستان



(فۆتۆ: سەرتیب عوسمان)

جەمیل هەورامی، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی لە باڵی "ناوەندی بڕیار" دەڵێت بێدەنگبوونی باڵەکەیان بۆ ئەوەیە بە هێمنی کێشەکانیان لەگەڵ باڵی "زۆرینە"چارەسەر بکەن. هەروەها دەڵێت چاوەڕێی گەڕانەوەی د.بەرهەم ساڵح، جێگری سکرتێری دووەمی یەکێتی دەکەن بۆ ئەوەی هەفتەی داهاتوو ناوەندی بڕیار بۆ تاوتوێکردنی دۆخی یەکێتی کۆببێتەوە.
جەمیل هەورامی سەرەتای هەفتەی رابردوو لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی باڵی "ناوەندی بڕیار" سەردانی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتییان کرد. هەورامی بە ئەرێنی باسی ئەو سەردانەی کرد و گوتی "رای هێرۆخان و پاڤڵ تاڵەبانیش ئیجابی بوو، کۆبوونەوەکەشمان ئومێدبەخش بوو".
جەمیل هەورامی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی هەنگاوەکانیان بۆ چارەسەری کێشەکانیان لەگەڵ باڵی زۆرینە دەکات. رەخنەش لە نەوشیروان مستەفا، رێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان دەگرێت کە لە پرسی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانیدا لایەنگر بووە. بۆ یەکگرتنەوەشیان لەگەڵ گۆڕان دەڵێت ئەگەر نیەت هەبێت بە شەش مانگ یەکدەگرنەوە.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
ڕووداو - سلێمانی

**ڕووداو: چوار مانگە ناوەندی بڕیارتان ڕاگەیاندووە، بەڵام خەریکە لە بیری خەڵک دەچێتەوە، بۆچی بێدەنگ بوون؟**
**جەمیل هەورامی:** ناوەندی بڕیار ماوە و لە ئیشی خۆی بەردەوامە.
**ڕووداو: بەڵام دەنگ و ڕەنگتان نەماوە؟**
**جەمیل هەورامی:** هەندێک لە هەڤاڵان و ئۆرگانەکان و دۆستانیشمان کەوتوونەتە نێوانمانەوە، بۆیە ماوەیەکە چاوپێکەوتن و لێدوانمان کەمکردووەتەوە و ئومێدەوارین هەنگاوەکان بەرەو چارەسەرکردنی کێشەکان بێت.
**ڕووداو: بێدەنگیتان بەهۆی هەوڵە نێوخۆییەکانە، یان داوای ئێرانە، چونکە پێشتریش گوتەبێژەکەتان گوتی لەسەر داوای ئێران بێدەنگ بووین؟**
**جەمیل هەورامی:** خۆیشمان و ئێرانیش، بەڵام زیاتر برادەرانی خۆمان پێیان باشە زۆر قسە نەکەین، بەڵکو بە هێمنی هەنگاو بۆ چارەسەر بنێین.
**ڕووداو: هەفتەی رابردوو سەرکردایەتیی یەکێتی کۆبوونەوەی کرد، بۆچی بەشداریتان نەکرد؟**
**جەمیل هەورامی:** بانگهێشتی کۆبوونەوەکە کرابووین، بەڵام بەشداریمان نەکرد، دوو ساڵیشە بەشداری کۆبوونەوەی سەرکردایەتیمان نەکردووە، تەنیا بۆ کۆبوونەوەکەی ڕێککەوتنی یەکێتی و گۆڕان نەبێت. هیچ کۆبوونەوەیەکی تاکلایەنەش بە کۆبوونەوەی شەرعی نازانین.
**ڕووداو: دوای ئەو کۆبوونەوەیە، لەگەڵ هێرۆ ئیبراهیم ئەندامی مەکتەبی سیاسی و پاڤڵ تاڵەبانی کوڕە گەورەی تاڵەبانی کۆبوونەوە، باسی چیتان کرد؟**
**جەمیل هەورامی:** جەختمان لە چارەسەرکردنی کێشەکان و پتەوکردنی ریزەکانمان کردەوە. وەکو خۆیشم ئەوەندەی تێبینیم کردووە لە هەردوولا ئیرادەیەک بۆ چارەسەری کێشەکان هەیە.
**ڕووداو: گوترا هێرۆخان لەبەر دۆخی تەندروستی، نەچووەتە کۆبوونەوەکە، ڕاستە؟**
**جەمیل هەورامی:** نەخێر، لەبەر ئەوە بوو هەنگاوی زیاتر بۆ چارەسەری کێشەکان بنرێت.
**ڕووداو: کۆبوونەوەکەی سەرکردایەتی لەسەر داوای کێ بوو؟**
**جەمیل هەورامی:** لەسەر داوای کاک مەلا بەختیار بوو، لەبەر ئەوەی کاک کۆسرەت و د.بەرهەمیش لێرە نەبوون.
**ڕووداو: ئێوە تا ئێستا سێ ڕاگەیەندراوتان بڵاوکردووەتەوە کە ڕەخنە لە دۆخی نێوخۆیی یەکێتی دەگرن، ئێستاش هەمان هەڵوێستتان هەیە؟**
**جەمیل هەورامی:** بەڵێ.
**ڕووداو: ڕەخنەکانتان چین؟**
**جەمیل هەورامی:** یەکەم: نەبوونی ناوەندی بڕیار، چونکە زۆرجار بڕیار بەشێوەی تاکڕەوی دەدرێت. دووەم: داهاتی یەکێتی شەفاف نییە، چەندە و لە کوێیە و لای کێیە و چۆن خەرج دەکرێت. میدیاکانمان یەک

## لەسەر داوای هەڤاڵانمان و داوای ئێران بێدەنگ بووین

## هیچ کۆبوونەوەیەکی تاکلایەنە بە کۆبوونەوەی شەرعی نازانین

## هەڵوێستی ناوەندی بڕیار نەگۆڕاوە

گوتاری سیاسییان نییە کە تەعبیر لە رای یەکێتی بکات.
**ڕووداو: باسی بڕیاری تاکلایەنەت کرد، زۆرجار دەڵێن لەنێو یەکێتیدا تەنیا هێرۆخان بڕیار دەدات، ڕاستە؟**
**جەمیل هەورامی:** هەر کەسێک بێت، کێشەکە ئەوەیە یەکێتی ناوەندی بڕیاری نەماوە و حورمەت لە بڕیاری یەکدی ناگرن.
**ڕووداو: دارایی لای کێیە؟**
**جەمیل هەورامی:** لە بنەڕەتدا مەکتەبی دارایی و ئیدارەی گشتیمان هەیە و دەبێت دارایی لەوێ کۆبکرێتەوە، بەڵام گومانمان هەیە ئەو داهاتەی یەکێتی هەیەتی، لەسەر ئیدارەی گشتی تاپۆ کرابێت و داوای لێکۆڵینەوەمان کردووە.
**ڕووداو: دوای سەردانەکەتان بۆ لای هێرۆخان هیچ هیوایەک بۆ چارەسەری کێشەکان هەیە؟**
**جەمیل هەورامی:** لەو سەردانەدا باسی کێشەکانی یەکێتی و کوردستان و پارچەکانی دیکەشمان کرد، ئەوە هەر سەردان بوو، نەچووینە نێو وردەکارییەکانەوە، بەڵام رای هێرۆخان و پاڤێڵ تاڵەبانیش ئیجابی بوو، کۆبوونەوەکەشمان ئومێدبەخش بوو.
**ڕووداو: پەیامی هێرۆخانتان بە کۆسرەت ڕەسوڵ و د.بەرهەم گەیاند؟**
**جەمیل هەورامی:** بە تەلەفۆن پێمانگوتوون، ئەوانیش پێشوازی لە هەر هەنگاوێکی ئیجابی دەکەن، چاوەڕوانی گەڕانەوەی کاک بەرهەمین بۆ ئەوەی هەفتەی داهاتوو وەکو ناوەندی بڕیار کۆبوونەوە بکەین بۆ باسکردنی ئەنجامی ئەو کۆبوونەوەیە لەگەڵ هێرۆخان و تاوتوێکردنی دۆخەکە.
**ڕووداو: ماوەیەکە پاڤڵ تاڵەبانی وەکو دانوستاندنکاری باڵی "زۆرینەی یەکێتی" مامەڵە دەکات، ڕۆڵی لە چارەسەری کێشەکاندا چۆنە؟**
**جەمیل هەورامی:** کاک پاڤێڵ کوڕی مام جەلالە و نزیکەی بیست ڕۆژە لە پەرۆشی خۆی هەوڵ دەدات بۆ یەکڕیزیی یەکێتی. سەرەتاش قسەی لەگەڵ دایکی کردبوو، دواتر دایکی ڕایسپاردبوو کە قسە لەگەڵ ئێمە بکات.
**ڕووداو: ئەنجوومەنی ناوەند پڕۆژەیەکیان بۆ چارەسەری کێشەکان هەیە، ئێوە چۆن سەیری ئەو پڕۆژەیە دەکەن؟**
**جەمیل هەورامی:** ئەوانە پێشنیازن، بەڵام دڵخۆشکەر نین، لەبەرئەوەی دەستیان نەخستووەتە سەر کێشە سەرەکییەکان، ئاخۆ ناوەندی بڕیار لەنێو یەکێتیدا کێ دەبێت و چۆن بڕیار دەدرێت، ئەگەر هەر لایەکیش پێوەی پابەند نەبوو دەبێت چی بکرێت.
**ڕووداو: واتە گفتوگۆی لەسەر ناکەن؟**
**جەمیل هەورامی:** گفتوگۆی لەسەر دەکەین، بەڵام باسی هەموو کێشەکانی نەکردووە.
**ڕووداو: پێشتر گوتەبێژی ئەنجوومەن گوتی 54 جار کۆبوونەوەمان لەگەڵ هەردوولا کردووە؟**
**جەمیل هەورامی:** ئەوەندەی بزانم لیژنەکەیان بە ڕەسمی یەکجار هاتوون لەگەڵ کاک کۆسرەت و برادەران کۆبوونەتەوە، بەڵام ڕەنگە بە تاکە کەسی لەگەڵ هەڤاڵانی دیکە دانیشتبن.
**ڕووداو: پڕۆژەکەیان لایەنگیری بۆ یەکێک لە دوو باڵەکەی پێوە دیارە؟**
**جەمیل هەورامی:** لایەنگیری پێوە دیار نییە، ڕەنگە پێشنیازەکانیشیان چارەسەری 40%ی کێشەکان بکات، بەڵام کێشەی سەرەکی ئێمە پێش هەموو شتێک متمانەیە و دواتریش ناوەندێکی بڕیار.
**ڕووداو: دەگوترێت ناوەندی بڕیار تەنیا بومەلەرزەیەکی سیاسی بوو، شکستی هێنا لە بەدیهێنانی داخوازییەکانی؟**
**جەمیل هەورامی:** نەخێر شکستمان نەهێناوە و بومەلەرزەش نەبووە.
**ڕووداو: هەفتەیەکە باسی یەکگرتنەوەی گۆڕان و یەکێتی گەرمە، لەو باوەڕەدان یەکێتی و گۆڕان یەکبگرنەوە؟**
**جەمیل هەورامی:** پێشتر سەرسەختانە دژی گۆڕان بووم، بەڵام کاتێک دۆخی زۆنی سەوزم دەبینی لەو فەوزایەدا کە خەریک بوو ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی تێکدەچوو، ئەمنییەتی ئابووری نەمابوو، سەرسەختانە پشتگیری یەکگرتنەوەی یەکێتی و گۆڕانم کرد لە جیاتی ڕێککەوتننامەی سیاسی، لەگەڵ ئەوە بووم ڕێککەوتننامەکە ببێتە هەنگاوێک بۆ یەکگرتنەوە، بەڵام دوای ڕێککەوتننامەکە، برادەرانی گۆڕان بەتایبەتیش کاک

## پڕۆژەکەی ئەنجوومەنی ناوەند دڵخۆشکەر نییە

## پاڤڵ تاڵەبانی لەلایەن هێرۆخانەوە ڕاسپێردراوە قسە لەگەڵ ئێمە بکات

نەوشیروان لە ئاستی تموحی ئێمەدا نەبوو کە کاریگەریی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، کاک نەوشیروان لە 1976ەوە جێگر نەبووە، بەڵکو سکرتێری موکەڕەڕ بووە و خۆشەویست بووە لامان، تەسەورم دەکرد دوای ڕێککەوتننامەکە، کاریگەریی باشتری هەبێت لەسەر نزیکبوونەوەی زیاتری یەکێتی و گۆڕان و یەکگرتنەوەشمان، بەڵام بەداخەوە وا نەبوو.
**ڕووداو: دوای ڕێککەوتننامەکە، بۆتان دەرکەوت نەشیروان مستەفا مەیلی بۆ یەکگرتنەوە نییە؟**
**جەمیل هەورامی:** نەک مەیلی بۆ یەکگرتنەوە نییە، بەڵکو لە جیاتی دانیشتن بۆ چارەسەری کێشەکان، دوورکەوتەوە، بۆ نموونە لە پەیکەربەندیی نوێی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانیدا، کاک نەوشیروان بووە لایەنگر و موراعاتی دۆخی یەکێتی و ناوەندی بڕیاری نەکرد. لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بڕیار درا ئەکرەم شەریف بکرێتە سەرۆکی ئەنجوومەن، بەڵام بۆ سبەی پەشیمان بوونەوە، ئەوەش بە بڕیاری هێرۆخان.
**ڕووداو: دوای ڕێککەوتننامەکە، هیواتان بە یەکگرتنەوە هەبوو؟**
**جەمیل هەورامی:** ساڵی رابردوو دوای گەڕانەوەی کاک نەوشیروان سەردانم کرد و قسەم لەگەڵ کرد و ئەو ئومێدەشم پێی هەبوو، بەڵام ڕۆیشتەوە بۆ لەندەن، ئەوەش لە دۆخێکی قەیراناویدا بەتایبەتی لە زۆنی سلێمانی کە چەندین کێشە هەبوون. لەوانە مەسەلەی ئاڵوگۆڕی پۆستی پارێزگارەکانی سلێمانی و هەڵەبجە، کێشەکانی یەکێتی، ئەوەش ڕێککەوتننامەکەمان بێ ئەوەی خاڵێکی جێبەجێ کرابێت، بۆیە ئەگەر لێرە بووایە ڕەنگە کاریگەری لەسەر چارەسەری کێشەکانی یەکێتی و یەکگرتنەوەکەش هەبووایە.
**ڕووداو: زانیاریتان سەبارەت بە گەڕانەوەی نییە؟**
**جەمیل هەورامی:** ئەوەندەی لە برادەرانی گۆڕانم پرسیوە بەنیازی گەڕانەوە نییە.
**ڕووداو: مانەوەی بۆ چارەسەری تەندروستییە؟**
**جەمیل هەورامی:** نەخێر، چونکە ئەگەر بۆ چارەسەری تەندروستی بێت دەتوانێت لێرەش دەرمان بەکاربێنێ.
**ڕووداو: ئەی بۆچی ئەو ماوەیە دوورکەوتووەتەوە؟**
**جەمیل هەورامی:** لە خۆی بپرسن.
**ڕووداو: تۆ لەجێی نەوشیروان مستەفا بوویتایە چیت دەکرد؟**
**جەمیل هەورامی:** کاک نەوشیروان دوای مام جەلال کاریزمای خۆی هەیە و خۆشمانویستووە و کاریگەری لەسەر یەکێتی و گۆڕانیش هەیە و دەیتوانی لە کوردستان بۆ چارەسەری کێشەکانی یەکێتی، دەوری خێر ببینێت.
**ڕووداو: لەو باوەڕەدان باسی یەکگرتنەوەتان لەگەڵ گۆڕان بچێتە پێشەوە و بە فیعلی یەکبگرنەوە؟**
**جەمیل هەورامی:** وای نابینم، گۆڕانیش هەرچەندە کۆبوونەوەی جڤاتی نیشتمانی و گشتی دەکەن، بەڵام لەنێو خۆیاندا رای جیاوازیان لەسەر یەکگرتنەوە هەیە. یەکگرتنەوەی یەکێتی و گۆڕان بە چارەسەری کێشەکانی یەکێتییەوە بەستراونەتەوە، پاشان بەرنامەیەک دابنێین و بڕۆینە کۆنگرە بەرەو یەکگرتنەوە.
**ڕووداو: ئەگەر ئێستا دەست بە هەنگاوەکانی یەکگرتنەوە بکەن، چەندی پێدەچێت؟**
**جەمیل هەورامی:** ئەگەر نیەت هەبێت بە شەش مانگ تەواو دەبێت.
**ڕووداو: پەیامەکەی بارزانیت بۆ چارەسەری کێشەکان پێ چۆنە؟**
**جەمیل هەورامی:** هەنگاوێکی باش بوو، چونکە ئەگەر لایەنەکان یەکدەنگ نەبین کێشەکان چارەسەر ناکرێن و هیچمان بە هیچ نابێت.

## لە هەردوو باڵەکە ئیرادەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەیە

## دوای لێکۆڵینەوەمان لە داهاتی یەکێتی کردووە



### کچە رۆژنامەڤانێکی کورد لە ئەنقەرە بێسەروشوێنە

رووداو- ئامەد

زیاتر لە دوو مانگە موژگان ئەکین، کچە رۆژنامەڤانی خەڵکی ئامەدی باکووری کوردستان لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا بێسەروشوێن بووە و هیچ زانیارییەکی لەبارەوە نازاندرێت. ئێساد ئەکین، باوکی موژگان بە (رووداو)ی راگەیاند بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی بەوان دراون، کچەکەی لەلایەن چەند کەسێک کە خۆیان بە پۆلیس ناساندووە، رفێندراوە، لقی ئامەدی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی تورکیاش لەگەڵ چەند رێکخراوێکی دیکە بەردەوامن بۆ ئاشکراکردنی چارەنووسی ئەو کچە رۆژنامەڤانە کوردە".

**لە یەک ساڵ و نیوی رابردوودا...**

# 2500 کەس لە شەڕی نێوان پەکەکە و سوپای تورکیادا کوژراون

## لە شاری شرنەخ زۆرترین کەس کوژراون

## 219 کەس کوژران و کەس نازانێ سەر بە چ لایەنێکن

## 1021 گەریلا و لایەنگری پەکەکە و 858 کەس لە هێزە ئەمنییەکانی تورکیا کوژراون



لە ماوەی یەک ساڵ و نیوی رابردوودا 626 کەس لە پارێزگای شرنەخ لە شەڕی نێوان پەکەکە و سوپای تورکیادا کوژراون (فۆتۆ: AFP)

رووداو- هەولێر

لە مانگی تەمووزی 2015وە ئاگربەستی نێوان پەکەکە و تورکیا هەڵوەشاوەتەوە، لەو کاتەشەوە شەڕ و پێکدادانی نێوان گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) و هێزەکانی سوپا و پۆلیسی تورکیا پێی ناوەتە خوێناویترین قۆناغی خۆی لە ماوەی 30 ساڵی رابردوودا. ئەمەش نەک هەر ژمارەی قوربانییەکانی ئەو شەڕەی بەرز کردەوە، بەڵکو زیانی گەورەشی بە ژێرخانی ناوچەکانی باکووری کوردستان گەیاند.

گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی (International Crisis Group) لە دوایین راپۆرتی خۆیدا بەدواداچوونی بۆ زیانەکانی ئەو توندوتیژییە کردووە کە لە ماوەی یەک ساڵ و نیوی رابردوودا لە جەنگی نێوان هێزەکانی پەکەکە و هێزە ئەمنییەکانی تورکیا کەوتووەتەوە. وەک گرووپی قەیران دەڵێت، بۆ ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە پشتیان بە میدیاکانی تورکیا، راپۆرتی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و سوپای تورکیا بەستووە.

### 2500 کەس بوونەتە قوربانی

ئاماری قوربانیانی ئەم جەنگە لە رۆژی 16ی کانوونی یەکەم نوێکراوەتەوە، بەپێی ئامارەکە لە ماوەی ساڵ و نیوی رابردوودا2481 کەس لەم شەڕ و پێکدادانەدا کوژراون. کوژراوانی ئەم جەنگە بەسەر ئەم چوار گرووپەی خوارەوەدا دابەش دەبەن:

383 کەسی سیڤیل: ئەم گرووپە ئەو خەڵکە دەگرێتەوە کە چەکدار نین، بەشی زۆری ئەم خەڵکە لە شارەکانی باکووری کوردستان کوژراون، یان لە ئاکامی ئەو تەقینەوانەی پەکەکە یان گرووپە پەیوەندیدارەکانی ئەو حیزبە کردوونی. (پەکەکە ئاماژە بەوە دەکات کە ژمارەی کوژراوانی سیڤیلی جەنگەکە لەمە زیاترە، بەڵام گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی دەڵێن کە ناتوانن ئەم بانگەشەیە پشتڕاست بکەنەوە.

858 ئەندامی هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: ئەم ژمارەیە سەربازانی سوپا، پۆلیس و پاسەوانانی گوند لەخۆدەگرێت. پاسەوانانی گوند گرووپێکی میلیشیایی بە رەچەڵەک کوردن کە حکومەتی تورکیا مووچەیان دەداتێ.

219 گەنج کە نازانرێت سەر بە چ لایەنێکن: ئەم ژمارە گەنجە (کە تەمەنیان لە 16 بۆ 35 ساڵە) لە ناوچەکانی شەڕ و پێکدادانـدا کوژراون، بە تایبەتی لەو ناوچانەی قەدەغەی هاتوچۆیان لەسەرە. راپۆرتەکەی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی ناتوانێ پشتڕاستی بکاتەوە ئاخۆ گەنجانی سەر بە پەکەکەن یان خەڵکی سیڤیلین. بە گوتەی راپۆرتەکە، چڕبوونەوەی شەڕ لەنێو شار جیاکردنەوەی ئەم دوو گرووپە لە یەکدی سەخت کردووە.

1021 گەریلا و لایەنگری پەکەکە: راپۆرتەکە دەڵێت ژمارەی کوژراوانی پەکەکە لەوە زیاترە کە پەکەکە خۆی خستوویەتیە ڕوو، کەمتریشە لەوەی کە حکومەتی تورکیا بانگەشەی دەکات. حکومەتی تورکیا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەزاران گەریلای پەکەکە لەم شەڕ و پێکدادانەدا کوژراون.

### شرنەخ زۆرترین قوربانیی داوە

وەک لە راپۆرتەکەی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتیدا دەردەکەوێ، زۆرترین ژمارەی قوربانیانی شەڕ و پێکدادانەکان لە پارێزگای شرنەخ بووە، کە 626 کەس بووە. لەم پارێزگایەشدا شاری جزیرێ زۆرترین قوربانیی هەبووە کە 281 کەسە.

لە راپۆرتەکەی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتیدا، بۆ خستنەڕووی ژمارەی کوژراوانی چوار پارێزگا و شارەکانی باکووری کوردستان، پشت بە چەند دابەشکارییەکی جیاواز بەستراوە کە رەهەندە جیاوازەکانی زیانە گیانییەکانی شەڕەکە ئاشکرا دەکات.

#### پارێزگای ئامەد..

کۆی گشتی قوربانیان: 381
هاووڵاتی سڤیل: 76
ئەوانەی دیارنییە سەر بە چ لایەنێکن: 42
یەکینەکانی پاراستنی سڤیل (یەپەسە): 31
هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە): 71
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 161

#### پارێزگای ئامەد- بەپێی شار و شارۆچکەکان:

شاری ئامەد: 201
هاووڵاتیی سڤیل: 52
ئەوانەی دیار نییە سەر بە چ لایەنێکن: 23
یەپەسە: 31
هەپەگە: 11
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 84

شارۆچکەی لیجە: 68
هاووڵاتیی سڤیل: 2
ئەوانەی دیار نییە سەر بە چ لایەنێکن: 2
هەپەگە: 35
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 29

شارۆچکەی فارقین: 39
هاووڵاتیی مەدەنی: 9
ئەوانەی دیار نییە سەر بە چ لایەنێکن: 11
هەپەگە: 5
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 14

شارۆچکەی حازرۆ: 10
هەپەگە: 10

شارۆچکەی پیران: 7
هەپەگە: 4 کەس
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 3

شارۆچکەی هێنێ: 10
هاووڵاتیی مەدەنی: 1
هەپەگە: 1
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 8

شارۆچکەی کاراز: 1
هەپەگە: 1

#### پارێزگای مێردین:

کۆی گشتی قوربانیان: 284
هاووڵاتیی مەدەنی: 43
ئەوانەی دیارنییە سەر بە چ لایەنێکن: 7
یەپەسە: 53
هەپەگە: 48
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 133

#### پارێزگای مێردین- بەپێی شار و شارۆچکەکان:

شارۆچکەی دێرک: 17
هاووڵاتیی مەدەنی: 4 کەس
یەپەسە: 1 کەس
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 12

شارۆچکەی نسێبین: 169 کوژراو
هاووڵاتیی مەدەنی: 24
ئەوانەی دیار نییە سەر بە چ لایەنێکن: 6
یەپەسە: 50
هەپەگە: 6
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 83

شارۆچکەی کەربۆران: 23
هاووڵاتیی مەدەنی: 4
ئەو گەنجانەی دیار نییە سەر بە چ لایەنێکن: 2
هەپەگە: 5
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 12

#### پارێزگای شرنەخ:

کۆی گشتیی کوژراوان: 626
هاووڵاتیی مەدەنی: 133
ئەوانەی دیار نییە سەر بە چ لایەنێکن: 153
یەپەسە: 74
هەپەگە: 118
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 148

#### پارێزگای شرنەخ- بەپێی ژمارەی قوربانیان لە شار و شارۆچکەکان

شارۆچکەی جزیرێ: 281
هاووڵاتیی مەدەنی: 78
ئەوانەی دیار نییە سەر بە چ لایەنێکن: 116
یەپەسە: 29
هەپەگە: 13
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 45

شارۆچکەی سلۆپی: 84
هاووڵاتیی مەدەنی: 32
ئەوانەی دیار نییە سەر بە چ لایەنێکن: 14
یەپەسە: 8
هەپەگە: 13
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 17

شاری هەزەخ: 45
هاووڵاتیی مەدەنی: 6
ئەوانەی دیار نییە سەر بە چ لایەنێکن: 18
یەپەسە: 5
هەپەگە: 4
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 12

شاری شرنەخ: 69
هاووڵاتی مەدەنی: 3
ئەوانەی دیار نییە سەر بە چ لایەنێکن: 3
یەپەسە: 32
هەپەگە: 1
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 30

#### پارێزگای جۆلەمێرگ:

پارێزگای جۆلەمێرگ: 465
هاووڵاتی مەدەنی: 26
ئەوانەی دیار نییە سەر بە چ لایەنێکن: 7
یەپەسە: 51
هەپەگە: 220
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 161

#### پارێزگای جۆلەمێرگ- بەپێی ژمارەی قوربانیان لە شار و شارۆچکەکان

شاری گەڤەر: 167
هاووڵاتیی مەدەنی: 12
ئەوانەی دیار نییە سەر بە چ لایەنێکن: 6
یەپەسە: 51
هەپەگە: 72
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 26

**خوێناویترین مانگ:** مانگی ئەیلولی 2016 خوێناویترین مانگی شەڕ و پێکدادانەکانی پەکەکە و سوپای تورکیا بووە لەم پارێزگایە کە تێیدا نزیک 100 کەس کوژراون. مانگی دواتریش دووەم خوێناویترین مانگی شەڕەکانی یەک ساڵ و نیوی رابردووی ئەم پارێزگایە بووە کە تێیدا نزیکەی 60 کەس کوژراون.

#### پارێزگاکانی دیکەی باکووری کوردستان و تورکیا. ژمارەی قوربانیانی جەنگ - دابەشکارییەکانی بەپێی جۆر و گرووپی قوربانییەکانە:

کۆی گشتیی کوژراوان لە پارێزگای وان، 91
هاووڵاتیی مەدەنی: 9
ئەوانەی دیار نییە سەر بە چ لایەنێکن: 1
یەپەسە: 6
هەپەگە: 34
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 41
خوێناویترین مانگ: ئایاری 2016 کە تێیدا نزیک 20 کەس گیانیان لەدەستدا.

کۆی گشتیی کوژراوان لە پارێزگای بەتلیس: 41
هاووڵاتی مەدەنی: 3
هەپەگە: 24
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 14
خوێناویترین مانگ: تشرینی یەکەمی 2016 کە تێیدا 10 کەس گیانیان لەدەستدا

کۆی گشتیی کوژراوان لە پارێزگای سێرت: 36
هاووڵاتیی مەدەنی: 2
هەپەگە: 15
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 19
خوێناویترین مانگ: تەمووزی 2015 و ئەیلولی 2016 کە لە هەر کامیاندا 8 کەس کوژراون.

کۆی گشتیی کوژراوان لە پارێزگای موش: 28
هاووڵاتیی مەدەنی: 1 کەس
ئەوانەی دیار نییە سەر بە چ لایەنێکن: 1 کەس
هەپەگە: 34 کەس
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 41 کەس

کۆی گشتیی کوژراوان لە پارێزگای باتمان: 15 کەس
هاووڵاتیی مەدەنی: 1
هەپەگە: 10
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 4

کۆی گشتیی کوژراوان لە پارێزگای بینگۆل: 33
هاووڵاتیی مەدەنی: 1
هەپەگە: 12
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 20
خوێناویترین مانگ: ئابی 2016، کە تێیدا 8 ئەندامی هێزی ئەمنی تورکیا کوژراون.

کۆی گشتیی کوژراوان لە پارێزگای ئەلعەزیز: 7
هەپەگە: 3
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 4

کۆی گشتیی کوژراوان لە پارێزگای دێرسیم: 94
هاووڵاتیی مەدەنی: 4
هەپەگە: 75
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 15
خوێناویترین مانگ: تشرینی یەکەمی 2016، کە تێیدا زیاتر لە 20 ئەندامی هەپەگە کوژراون.

کۆی گشتیی کوژراوان لە پارێزگای ئەرزگان: 7 کەس
هاووڵاتیی مەدەنی: 1
هەپەگە: 6

کۆی گشتیی کوژراوان لە پارێزگای ئەرزڕووم: 11
هاووڵاتیی مەدەنی: 1
هەپەگە: 7
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 3

کۆی گشتیی کوژراوان لە پارێزگای قەرش: 28
هەپەگە: 24
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 4

کۆی گشتیی کوژراوان لە پارێزگای ئیدر: 18
هەپەگە: 4
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 14

کۆی گشتیی کوژراوان لە پارێزگای ئاگری: 44
هاووڵاتی مەدەنی: 5
ئەوانەی دیار نییە سەر بە چ لایەنێکن: 3
هەپەگە: 24
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 12
خوێناویترین مانگ: ئەیلوولی 2016 کە تێیدا 12 کەس لە ئەندامانی سوپا و هەپەگە کوژران.

کۆی گشتیی کوژراوان لە پارێزگای ئارتڤین: 1
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 1

کۆی گشتیی کوژراوان لە پارێزگای ترابزۆن: 3
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 3

کۆی گشتیی کوژراوان لە پارێزگای گوموشهانە: 3
هاووڵاتیی مەدەنی: 1
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 2

کۆی کوژراوان لە پارێزگای گیرەسون: 2
هەپەگە: 1
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 1

کۆی کوژراوان لە پارێزگای ئۆردو: 7
هەپەگە: 4
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 3

کۆی کوژراوان لە پارێزگای روحا: 12
هاووڵاتیی مەدەنی: 2
هەپەگە: 2
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 8

کۆی کوژراوانی پارێزگای سامسور: 6 کەس
هەپەگە: 3
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 3

کۆی کوژراوان لە پارێزگای غازی عەنتاپ: 1 کەس
هەپەگە: 1

کۆی کوژراوان لە پارێزگای ئەدەنە: 13 کەس
هاووڵاتیی مەدەنی: 5
هەپەگە: 2
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 6

کۆی کوژراوان لە پارێزگای مەرسین: 3
هاووڵاتیی مەدەنی: 2
ئەوانەی دیار نییە سەر بە چ لایەنێکن: 1

کۆی کوژراوان لە پارێزگای ئانتاڵیا: 2
هەپەگە: 1
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 1

کۆی گشتیی کوژراوانی پارێزگای بۆلۆ:
هەپەگە: 2

کۆی کوژراوان لە پارێزگای ئەنقەرە: 64 کەس
هاووڵاتیی مەدەنی: 43
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 21
خوێناویترین مانگ: ئازاری 2016، کە تێیدا زیاتر لە 30 هاووڵاتیی مەدەنی کوژراون.

کۆی کوژراوان لە پارێزگای ئیستەنبوڵ: 67 کەس
هاووڵاتیی مەدەنی: 16
ئەو گەنجانەی دیار نییە سەر بە چ لایەنێکن: 3
هەپەگە: 3
هێزە ئەمنییەکانی تورکیا: 45
خوێناویترین مانگ: کانوونی یەکەمی 2016، کە تێیدا زیاتر کە 40 ئەندامی هێزە ئەمنییەکان و هاووڵاتیی مەدەنی کوژران.

### ئاگری باکوور، باشووریشی سووتاندووە

لە شەڕی یەک ساڵ و نیوی رابردووی سوپای تورکیا و گەریلاکانی پەکەکە، فڕۆکەکانی تورکیا چەندین جار بنکە و بارەگاکانی پەکەکەیان لە نێو هەرێمی کوردستان بۆردومان کردووە، بە تایبەتی لە سنووری پارێزگای دهۆک.

بە گوێرەی راپۆرتەکەی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی، بەهۆی شەڕی نێوان پەکەکە و سوپای تورکیا لە ماوەی یەک ساڵ و نیوی رابردوودا 60 کەس لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کوژراون کە 8 کەسیان هاووڵاتی سڤیلن، 51 کەسیان گەریلاکانی پەکەکەن و یەک کەسیشیان سەربازی سوپای تورکیا بووە.

### ڤۆیچخ کۆزاک، جێگری سەرۆکی هەرێمی مالۆپۆڵسکای پۆڵەندا بۆ (ڕووداو):

# هەرێمی کوردستان هەندێک بەرهەمی هەیە بۆ ئێمە زۆر باشە هاوردەی بکەین

جێگری سەرۆکی گەشەسەندووترین هەرێمی پۆڵەندایە کە پێیدەگوترێ مالۆپۆڵسکا. خۆی وەک دۆستی نزیکی کوردستان دەناسێنێ. پێیوابوو مادام پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و هەرێمەکەیان لە پەیوەندیی زانکۆکانەوە دەستی پێکردووە، داهاتوویەکی ڕۆشنتر و بناغەیەکی پتەوتری دەبێ. ڤۆیچخ کۆزاک، جێگری سەرۆکی هەرێمی مالۆپۆڵسکا هیوای خواست مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دەرفەتی ئەوەی هەبێ سەردانی هەرێمەکەیان بکات "بۆ ئەوەی لە نزیکەوە باسی پەیوەندییەکانمان بکەین نەک ئاوها دوور بە دوور". کۆزاک لەو هەڤپەیڤینەدا لەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ئاوارەکان و چەند پرسێکی دیکەوە، وەڵامی پرسیارەکانی (ڕووداو)ی داوەتەوە.

هەڤپەیڤین- نەوزاد مەحموود
ڕووداو- کراکۆڤ



**هیواخوازم لە نزیکترین دەرفەتدا کوردستان ببێتە دەوڵەت**

**گرنگە لەگەڵ بارزانی ڕووبەڕوو گفتوگۆ بکەین لەسەر پرسە ئابوورییەکان**

**ڕووداو: هەرێمەکەتان، پۆڵەندای بچووک یان مالۆپۆڵسکا لەسەر نەخشەی دەوڵەتی پۆڵەندا، چ ڕۆڵێکی هەیە؟**

**ڤۆیچخ کۆزاک:** مالۆپۆڵسکا یەکێکە لە 16 هەرێمەکەی پۆڵەندا، 8% دانیشتووانی پۆڵەندا لەم هەرێمە دەژین. بەرهەمی ئەم هەرێمە دەگاتە 12– 14%ی هەموو بەرهەمی وڵات. مالۆپۆڵسکا هەرێمێکی گەشەسەندووە، بیست و سێ ناوچەی ئابووریی تێدایە کە بە تەواوی پارەدار کراون لە لایەن بودجەی وڵات و بودجەی یەکێتیی ئەوروپا. تا چەند ساڵی داهاتوو هیچ مەترسییان لەسەر نییە. بودجەی وڵاتمان جێگیرە، کاتێک ئەوروپا دووچاری قەیرانی دارایی بوو، پۆڵەندا بە سەلامەتی لێی دەرچوو، ئەوەش لەبەر ئەوەی کارگە و کۆمپانیاکان بەردەوام بێ کێشە کەلوپەلەکانیان بەرهەم دەهێنن.

**ڕووداو: دەمەوێ خەڵکی کوردستان باشتر هەرێمەکەتان بناسن، ئایا ئێوە دەتوانن بەشێوەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی ئابووری و بازرگانی و دیبلۆماسی لەگەڵ هەرێمەکان و وڵاتان ببەستن؟**

**ڤۆیچخ کۆزاک:** هەرچی دروستکردنی پەیوەندی ئابوورییە لەگەڵ وڵاتان و هەرێمان، ئەوا بێگومان پەیوەندیمان دروست کردووە بە مەرجێک وەزارەتی دەرەوە مۆڵەت بدات کە هەمیشە ڕێگە دەدات. ئەگەر بچینە ناو مێژوو، بۆ ماوەی 123 ساڵ پۆڵەندا لەسەر نەخشەی جیهان نەبوو، هەوڵی سەربەخۆییمان دەدا. دوای ڕووخانی دیواری بەرلین 26 ساڵ پڕ لە خێر و گەشەکردن، توانیمان نەک تەنیا سوود لە سامانی خۆمان ببینین و وەبەرهێنان بکەین، بەڵکو گرنگی زۆرمان دا بە چاودێری و خزمەتکردنی کۆمەڵایەتی.

**ڕووداو: لەسەر یەکێک لە تابلۆکانی نێو بازاڕ بینیم نووسرابوو "مالۆپۆڵسکا.. پایتەختی ڕەحمەتی خودا" ئەوە لە چییەوە هاتووە؟ ئایا لەوەوە هاتووە کە خەڵکەکەی هەست بە دڵخۆشی زۆر دەکەن؟**

**ڤۆیچخ کۆزاک:** ئێستا ئێمە ئیلتیزماتمان هەیە بەرامبەر ئەوروپا و جیهان، بۆ ئەوەی کراوە بین و یارمەتی ئەوانی دیکە بدەین، هاوکاری مرۆیی پێشکەش بکەین، هیچ کارەساتێکی سروشتی وەکو بومەلەرزە یان تسونامی لە هیچ شوێنێک ڕووی نەداوە ئەگەر ستافێک لە هەرێمی مالۆپۆڵسکاوە نەچووبێت بۆ هاوکاری و بەهاناوەچوون. لە ڕووی ئابوورییەوە ئەوها بەهێز نین، بەڵام دەتوانین پارچە نانێک بەش بکەین لەگەڵ ئەوانەی کە پێویستیان پێیە.

**ڕووداو: پەیوەندییەکانتان لەگەڵ کورد باس دەکەین، بیستوومە لەو ماوەیە داوەتنامەتان بۆ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ناردووە تاوەکو سەردانی مالۆپۆڵسکا بکات، ئەو داوەتنامەیەتان کەی نارد؟**

**ڤۆیچخ کۆزاک:** لە کۆڕبەندی ئابووری، گرنگی و بایەخی زۆری دەبوو ئەگەر ڕووبەڕوو گفتوگۆ بکەین لەسەر پرسە ئابوورییەکان، نەک هەر ئەوها دوور بە دوور، بەڵکو ڕووبەڕوو. نەک تەنیا بانگهێشتکردن بۆ کۆڕبەندی ئابووری، بەڵکو لە دەرفەتی دیکەدا بۆ دروستکردنی پەیوەندی و هاوکاری و لێکتێگەیشتنی ئابووری و گۆڕینەوەی قوتابیان و لایەنی زانستی کە لە سەردانەکەم بۆ کوردستان باسمان کرد. دەکرێ و تەنانەت پێویستیشە لە هەر کاتێکدا سەرۆکی هەرێمی مالۆپۆڵسکا و هەرێمەکانی دیکەش بۆ کوردستان بانگهێشت بکرێن.

**ڕووداو: ئێستا پرسی گرنگ چییە کە بتانەوێ لەگەڵ بارزانی باسی بکەن؟**

**ڤۆیچخ کۆزاک:** هیوام وایە لە ماوەیەکی نزیکدا لە کوردستان ئاشتی بەرقەرار ببێت بە تەواوی، پێویستە کوردستان بەشێوەیەکی ورد و زیرەکانە لەڕووی ئابوورییەوە دەست بە گەشە بکات. کە لە کوردستان بووم سەرسام بووم بەوەی پرۆگرامێکی پەروەردەیی گرنگ هەبوو بۆ فێرکردن، بەڵام هەنگاوی دووەم بۆ کوردستان دەبێت کار کردن بێت لەسەر لایەنی ئابووری و بازرگانی. هەرێمی مالۆپۆڵسکا توانای زۆری هەیە لەڕووی پیشەسازی و تەکنیکییەوە، دەتوانین دەستی زۆرمان هەبێت لە دووبارە بونیادنانەوەی کوردستان کە هیواخوازم لە زووترین دەرفەتدا ببێتە دەوڵەت.

**ڕووداو: لەماوەی ڕابردوودا سەردانی هەرێمی کوردستانتان کرد، لەوێ چیتان بینی، دیمەنەکان بەگشتی چۆن هاتنە بەرچاوتان؟**

**ڤۆیچخ کۆزاک:** هەستەکانی من دوای سەردانەکەم بۆ کوردستان، لە لایەکەوە زۆر شتی هاوشێوەمان هەیە وەکو دوو نەتەوە، هەروەک پێشتر باسم کرد کە زیاتر لە 123 ساڵ ئێمە لەسایەی داگیرکاریدا ژیاین. دیتم لە کوردستان نەتەوەیەک هەیە دەیەوێ هەناسە بدات و بڕیار لە ناسنامەی خۆی بدات. لەلایەکی دیکەوە ئەو کاولکارییەم دیت کە لەسەردەمی پێشووتر ڕووبەڕووی کوردستان بووەتەوە. لەگەڵ سەرۆک زانکۆکان دانیشتم و گفتوگۆم کرد کە چۆن ئەو هەرێمە دووبارە چاک بکرێتەوە و ببوژێنرێتەوە و سەوزایی و جوانییەکەی بگەڕێندرێتەوە. هەروەها میواندۆستی کوردم لە یادە، کە خاڵی هاوبەشی نێوان خەڵکی مالۆپۆڵسکا و کوردستانە.

**ڕووداو: دەمەوێ بزانم دەوڵەتی پۆڵەندا بەگشتی لەسەر ئاستی دەوڵەت پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟**

**ڤۆیچخ کۆزاک:** ئێمە ڕۆڵمان هەبوو لە ئازادکردنی عێراق و کوردستان، هەروەها ئامادەییمان هەیە لە دووبارە بونیادنانەوە و هاوکاریی کوردستان.

**ڕووداو: بەبڕوای ئێوە پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا و وڵاتانی دیکە، دەرگایەکی باش دەکاتەوە تاوەکو لەوێوە پەیوەندی دیبلۆماسی بەهێز دروستبکات لەگەڵ دەرەوەی خۆی؟**

**ڤۆیچخ کۆزاک:** ئێستا هەلومەرجی هاتن و چوون ئەوەندە ئاسان بووە کە لە ماوەی چەند کاژێرێک دەتوانی بچیتە ئەوبەری دونیا. پێموایە ئاڵوگۆڕی کولتووری شتێکی گرنگە، من هەموو ساڵێک ئاهەنگی نەورۆز دەبینم، بە باشی دەزانم زیاتر بڵاوبکرێتەوە بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆرتری خەڵک بیبینێ. هەرچی ئاڵوگۆڕی ئابوورییە، هەرێمی ئێمە دەوڵەمەندە بە بەرهەمی خۆراک، بەتایبەتی گۆشتی ئامادەکراو. بەرهەمی خۆماڵیی پۆڵەندا زۆر زۆرە، لایەنی سەرەکی بۆ کڕینی بەرهەمی ئێمە بریتیە لە ئەڵمانیا. لەڕووی بازرگانیی خۆراکەوە لە تواناماندا هەیە بازاڕی کوردستانیش پڕ بکەینەوە. هەروەها گۆشتی مانگای پۆڵەندا زۆر هەرزانتر و کواڵیتی باشترە لە گۆشتی تورکی، دەکرێ لێرەش سوودمان لێوەربگرن. لە بەرهەمهێنانی مریشک یەکەمین لە ئەوروپا بەشێوازی ئەمریکایی. دەتوانین سەرمێزی خوانی کوردستان بە مریشک و گۆشتی سووری پۆڵەندی دەوڵەمەند بکەین.

**سالانە 8000 زەمالە دەدەینە قوتابیانی جیهان**

**قوتابیانی کورد دەتوانن سوود لە زەمالەکانمان وەربگرن**

**ڕووداو: حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵەندا نوێنەرایەتی هەیە، پەیوەندیتان چۆنە لەگەڵ نوێنەرایەتی حکومەت؟**

**ڤۆیچخ کۆزاک:** دەرفەتم بوو پێشتر بچمە ناو کێشە و پرسی کورد، لە پەیوەندییەکانم لەگەڵ زیاد ڕەئووف، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆرجار گفتوگۆمان کردووە، هەروەها دەرفەتم بوو باڵیۆز بناسم. پێموابێ لەڕێگەی ئەو نوێنەرایەتییە دەکرێ هەنگاوی دیکە بنێین. سەردانی ڕاستەوخۆی ئێمە بۆ کوردستان زۆر گرنگی هەبوو بۆمان. سەیرکردنی ڕاستەوخۆی هەرێمەکە وای کرد کە هاوکاریی پێشکەش بکەین، ئەگەرچی هاوکارییەکە کەمیش بوو بەڵام ئەوە هەمووی لەڕێگەی ناسینی هەرێمی کوردستان و دەستکەوتنی زانیاری لە بارەی هەرێمەکە بوو.

**ڕووداو: پەیوەندییەکانتان ئێستا تەنیا لەگەڵ هەرێمی کوردستانە یان لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستانیش هەروا؟**

**ڤۆیچخ کۆزاک:** نەخێر کۆنتاکتی لەو شێوەیەمان نییە، تەنیا ڕێککەوتنی هاریکاریمان هەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق لە بواری هاریکاریی دووقۆڵی و گۆڕینەوەی زانستی و ئابووریی. وەک هەموو ڕێککەوتنێک خاڵی جۆراوجۆری تێدایە، دەکرێ کاریان لەسەر بکرێت و جێبەجێ بکرێن. دەکرێ هەروەها وردەکاریی زۆرتری بخرێتە ناو، چانسی ئەوەش هەیە.

**دەتوانین کوردستان بە مریشک و گۆشتی سووری پۆڵەندی دەوڵەمەند بکەین**

**میواندۆستی خاڵی هاوبەشی نێوان ئێمە و کوردە**

**ڕووداو: پێنج ساڵ لەمەوبەر ڕێککەوتنێکی گرنگی ئابووری و بازرگانی لەنێوان ئێوە و هەرێمی کوردستان واژۆکرا، ئایا ئێستا ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ کراوە؟**

**ڤۆیچخ کۆزاک:** ڕێککەوتنەکە زۆر فراوانە و باسی هەموو لایەنێکی کولتووری و ئابووری تێدایە، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە پاشکۆیەکی بۆ زیاد بکەین و خاڵی تازەی بخەینە سەر. کە لەگەڵ شاندەکە بووین دەرفەتمان بوو گفتوگۆ بکەین لەبارەی دۆخی زانستی و ئاڵوگۆڕی قوتابیان، ئەوکات سەرۆکی زانکۆیەکی کراکۆڤ ئامادەبوو، لە پۆڵەندا توانا هەیە بە زمانی ئینگلیزی بخوێنرێت لە زۆربەری بەشەکان. پۆلۆنیا دەتوانێت پێشوازی لە قوتابیانی کورد بکات، هەروەک چۆن لە بەریتانیا و وڵاتانی دیکەی ئەوروپا دەخوێنن.

**ڕووداو: پێتوایە دەبێ ڕێککەوتنەکە چۆن ئاکتیڤ بکرێ؟ یان بەجۆرێکی چالاکتر لەبواری جێبەجێکردن بێ؟ ئەمە چۆن دەبێ؟ ئایا پێویستە جارێکی دیکە دانوستاندن لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکەن؟**

**ڤۆیچخ کۆزاک:** لە سەردانی شاندەکەمان باسی هاوردە و ناردەنیمان کرد لە نێوان پۆڵەندا و کوردستان، واتە کەلوپەلی هەردوولا بۆ یەکدی. ئێستا باشترین کاتە بۆ ئەوەی جێبەجێی بکەین. هەروەک پێشتر باسم کرد کە ئێمە توانای زۆرمان هەیە بۆ ناردن، بە هەمانشێوە ئێوەش زۆر سەرچاوەی ئابووریتان هەیە کە بۆ ئێمە گرنگە و دەتوانین وەریبگرین. ئەوەش ماندووبوون و کاری زۆری دەوێت. ئیشکردن لەسەر بوارەکانی ئاڵوگۆڕی کولتوری و زانستی و ئابووری زۆر گرنگە و پێویستە هەرچی زووە کاری لەسەر بکرێت.

**ڕووداو: ماوەی دوو ساڵە هەرێمی کوردستان بەهۆی جەنگێکی سەخت لەگەڵ چەکدارانی داعش، هەروەها بەهۆی ئەو گەمارۆ ئابوورییەی بەغدا خستییە سەری، لە قەیرانێکی سەختی داراییدایە. ئەوە جگە لەوەی کە زۆرتر لە ملیۆن و نیوێک ئاوارەی جەنگ ڕوویان تێکردووە و پێشبینی دەکرێ ئاوارەی زۆرتر ڕووی تێبکەن. دەتانەوێ هاوکاریی زۆرتری مرۆیی پێشکەشی ئاوارەکان بکەن؟**

**ڤۆیچخ کۆزاک:** بێگومان ئەو ئاوارانەی لە کوردستان نیشتەجێن زەحمەتی و قورسایی زۆریان بۆ سەر هەرێمی کوردستان دروست کردووە. کێشەی ئاوارەکان کێشەی ئەوروپایە، بڕیار وایە ئەوروپا ئاوارە کریستیانەکان وەربگرێت و بەردەوامە لە وەرگرتنیان. هەرچی پۆڵەندایە، بڕیارێکی ئەوها لەبەردەست نییە، ئەو ئاوارانەی لە پۆڵەندان دەیانەوێ هەرچی زووە بەرەو ڕۆژئاوا هەنگاو بنێن. ئاوارەکان قورسایی زۆر بۆ ئێوە دروست دەکەن، پێموایە لەسەر ئەوروپا پێویستە هاوکاری ئەو وڵاتانە بکات کە خۆیان کێشەی ئابووری و گەشەکردنیان هەیە، هاوکاری پێشکەش بکات و قورسایی ئاوارەکان کەم بکاتەوە.

**ڕووداو: ئێستا ژمارەیەکی زۆر خوێندکاری کورد لە پۆڵەندا بەگشتی و مالۆپۆڵسکا بەتایبەتی دەخوێنن، بەشێکی زۆریان بەبڕوانامەی بەرزەوە گەڕاونەتەوە کوردستان، پلانتان هەیە زەمالەی زۆرتری خوێندن بۆ خوێندکارانی کورد تەرخان بکەن؟**

**ڤۆیچخ کۆزاک:** ناتوانم ئەوە هەڵسەنگێنم کە قوتابیانی کوردستان زۆرترن یان عێراقی، بەڵام ژمارەیەک قوتابی هەن لێرە. سیستەمی دیاریکردنی شوێنی خوێندن و دابینکردنی پارە بۆیان دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی کوردی. هەموو زانکۆکان دەرگایان کراوەیە بۆ قوتابیان. دوای سەردانی سەرۆک زانکۆکان بۆ کوردستان، ئێستا دەکرێ وردەکارییەکان جێبەجێ بکرێن، بەڵام ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی کورد. هەرێمی مالۆپۆڵسکا ساڵانە 8000 زەمالەی خوێندن بۆ قوتابیان تەرخان دەکات، دەکرێ قوتابیانی کوردیش سوودی لێ ببینن. هەرێمی ئێمە زۆر هاوکاری ئەوانە دەکات کە لە دەرەوە دێن بۆ خوێندن.

## داهاتی رسوماتی گەشتیاری چوار قات زیادی کردووە



روودا- هەولێر

نادر روستی، گوتەبێژی دەستەی گەشت و گوزار بە (رووداو)ی راگەیاند، رسووماتی گەشتیاری کە لەلایەن دەستەکەیانەوە سەرپەرشتی کۆکردنەوەی دەکرێت، لە ساڵی رابردوودا چوار بەرامبەر زیادی کردووە بە جۆرێک لە 900 ملیۆن دینارەوە بووەتە سێ ملیار و 600 ملیۆن و گوتی "لە کۆی رسوماتەکەش تەنیا لە 20%ی لە پرۆژەکانی گەشتیاری خەرج دەکرێتەوە ئەوەش ساڵی رابردوو بڕیاری لێدراوە". بە گوتەی ناوبراو، بەپێی پلانی دەستەکەیان، لەو پرۆژانەی کە خزمەتگوزارین بۆ ناوچە گەشتیارییەکان و نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارەکان، ئەمساڵ لەو داهاتە بەشێکیان جێبەجێ دەکرێن ئەوەش هەنگاوێک دەبێت بۆ بووژانەوەی کەرتی گەشتیاری.

### بەهۆی قەیرانی دارایی و گەڕانەوەی ئاوارەکان

# نرخی کرێی خانوو لە هەولێر بە ڕێژەی 35% دادەبەزێ



ئێستا کرێچییەکان ئاسانتر لە جاران خانووی کرێیان دەستدەکەوێ.

(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

خاوەنی نووسینگەیەکی بەکرێدانی خانوو دەڵێت بەهۆی بەردەوامیی قەیرانی دارایی و گەڕانەوەی بەشێک لە ئاوارە عەرەبەکان بۆ ناوچەکانیان، کرێی خانوو لە هەولێر بە ڕێژەی 35% دابەزیوە و ئێستا کرێچییەکان ئاسانتر لە جاران خانووی کرێیان دەستدەکەوێ.

بەهۆی ڕەوشی ئەمنیی ناوچەکانیان، لە دوو ساڵی ڕابردوودا ئاوارەی شارەکانی مووسڵ، ئەنبار، تکریت، فەلوجە و ناوچەکانی دیکەی عێراق بە لێشاو ڕوویان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بەگشتی و هەولێر بە تایبەتی کرد، زۆربەشیان لە نێو شارەکان نیشتەجێ بوون، ئەمەش خواستێکی زۆری لەسەر خانووی کرێ دروستکرد و نرخی کرێی خانووی لە هەولێر بە ڕێژەی 100% بەرز کردەوە.

عەباس هاشم ئەحمەد، خاوەنی نووسینگەی شۆبان بۆ بەکرێدانی خانوو و باڵەخانە لە شاری هەولێر، دەڵێت "بەهۆی گەڕانەوەی بەشێک لە ئاوارە عەرەبەکان بۆ ناوچەکانیان و بەردەوامیی قەیرانی دارایی و کەمبوونەوەی مووچە، کرێی خانوو لە زۆربەی گەڕەکەکانی شاری هەولێر بە ڕێژەی 30 تاوەکو 35% دابەزیوە".

پێشتر عەباس هاشم، خانووی 100 و 125 مەتری بە 500 تاوەکو 700 دۆلار بە کرێ دەدا و بەریشنەدەکەوت، بەڵام ئێستا هەمان ئەو خانووانە کرێیەکەیان لە نێوان 400 — 450 دۆلارە، خواستیش لەسەر خانووی کرێ کەم بووە.

پێشتر بەهۆی زۆریی نرخی کرێی خانوو و داواکاری زۆر لەسەر خانووی کرێ، زۆربەی خاوەن خانووەکان تەنیا بۆ ماوەی شەش مانگ گرێبەستیان لەگەڵ کرێنشین دەکرد، زۆرجاریش پێشەکی کرێی چەند مانگێکیان لێ وەردەگرت، بەڵام ئێستا خواخوایانە کرێچی ڕازی بێ و خانووەکە چۆڵ نەکات.

عەباس هاشم دەڵێت "ئێستا کەم کۆڵان هەیە لە هەولێر لافیتەیەکی بەکرێدانی خانوویەکی تێدا هەڵنەواسرابێ، بەهۆی کەمبوونەوەی مووچە و نەبوونی کار خەڵک بەدوای خانووی هەرزاندا دەگەڕێن، بۆیە زوو زوو خانووەکان چۆڵ دەکەن". عەباس ئێستا گرێبەست بۆ هەر خانوویەک بکات، پێشەکی کرێی مانگێک وەردەگرێ و گرێبەستەکەش بۆ ماوەی ساڵێک دەکات.

بەپێی ئەو نرخانەی لە ڕێگەی نووسینگەکانی بەکرێدانی خانوو لە گەڕەکەکانی 159ی گوڵان، برایەتی، هەولێری نوێ، هەڤاڵان، فەرمانبەران، 99ی زانکۆ، ڕۆشنبیری، ژیان، مەنتکاوە و 121ی گوڵان دراوەتە ڕووداو، نرخی کرێی خانوویەکی 100 تاوەکو 125 مەتریی دوو نهۆمی مۆدێل نوێ، لە نێوان 400 بۆ 450 هەزار دیناردایە، بەڵام پێشتر نرخی کرێی خانوو بەو ڕووبەرە لە نێوان 600 تاوەکو 750 هەزار دیناردا بوو.

ڕەئوف عەلی، خاوەنی نووسینگەی گەنجۆ بۆ کڕین و فرۆشتن و بەکرێدانی خانوو لە گەڕەکی گوڵان، دەڵێت "پێشتر کرێ خانوو بە دۆلار بوو، خانوویێکی 100 مەتری، لە گەڕەکی گوڵان و هەڤاڵان و برایەتی کرێکەیان لە 600 دۆلار کەمتر نەبوو، 200 مەتریش نزیکەی 800 دۆلار دابوو، ئەو خانووانەشی بە کەلوپەلی نێوماڵەوە بەکرێ دەدران لە 1000 دۆلار کەمتر نەبوو، بەڵام ئێستا هەمووی بووەتە دیناری عێراقی، نرخیشیان 40% دابەزیوە".

بەشێک لە خاوەن نووسینگەکان دەڵێن ئەوان لەو باوەڕەدابوون کە بەهۆی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵەوە، ئاوارەیەکی زۆر ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن و بازاڕیان ببوژێتەوە، بەڵام وا دەرنەچوو.

ڕەئووف عەلی گوتی "ئێمە پێمانوابوو لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی مووسڵ هاوشێوەی ساڵانی پێشتر خواست لەسەر خانوو زۆر دەبێت و نرخی بەرز دەبێتەوە، بەڵام بەهۆی گەڕانەوەی ئاوارە عەرەبەکان و درێژە کێشانی قەیرانی دارایی، کرێی خانوو نەک هەر بەرز نەبووەتەوە، بەڵکو بەردەوام دادەبەزێ".

پێشتر نووسینگەکان لەکاتی بە کرێدانی هەر خانووێک، کرێی یەک مانگی خانووەکەیان وەکو حەقی گرێبەست وەردەگرت، کە نیوەیان لەکرێچی و نیوەکەی دیکەشیان لە خاوەن خانوو وەردەگرت، بەڵام ئێستا ئەوە نەماوە، هەر خانووێک بە هەر نرخێک بە کرێ بدەن، 100 تاوەکو 120 هەزار دینار وەردەگرن.

### خاوەن نووسینگەیەک: 14 خانووم هەیە بۆ کرێ، کەس لێی ناپرسێ

عومەر ئیسماعیل، خاوەنی نووسینگەی مەڕوان بۆ کڕین و فرۆشتن و بەکرێدانی خانوو و باڵەخانە، زیاتر لە نۆ ساڵە نووسینگەی هەیە دەڵێت "کاری کڕین و فرۆشتنی خانوو بەهۆی قەیرانی داراییەوە ماوەی دوو ساڵە زۆر لاواز بووە، بۆیە بەشی زۆری نووسینگەکان ڕوویان لە بە کرێدانی خانوو کردووە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی، بازاڕی ئەویش لاواز بووە".

نووسینگەکەی عەباس پێشتر ڕۆژانە جمەی دەهات لە کرێنشینی عەرەب و کورد لەهەر شوێنێک خانووێکی بەتاڵ هەبووایە، بە هەر نرخێک بووایە دەیانگرت و بەرنەدەکەوت، بەڵام ئێستا نووسینگەکەی پڕە لە کیلیلی خانووی کرێ، هەفتەیەک خانووێک بە کرێ نادات.

عەباس هاشم، گوتی "هیچ کات وەک ئێستا بازاڕمان لاواز نەبووە، پێشتر کرێنشین نەیاندەهێشت ئێوارانیش بە مورتاحی نانێک بخۆم، دەهاتنە ماڵم یان تەلەفۆنیان دەکرد، تەنانەت جاری وا هەبوو کرێچی هێشتا ماڵەکەی بار نەکردبوو، کرێچییەکی دیکە بە ماڵەوە لە بەردەم خانووەکە ئامادە بوو. ئێستا 14 خانووی بەتاڵم لایە ماوەی زیاتر لەمانگێکە لافیتەمان بۆ هەڵواسیون، کەس لێیان ناپرسێ".

### 100 مەتریان دەوێ

قەیرانی دارایی و سیستمی پاشەکەوتنکردنی مووچەی فەرمانبەران، جۆری داواکاری لەسەر خانووی کرێ گۆڕیوە. ئێستا خواست زۆرتر لەسەر خانووی بچووکە. عومەر ئیسماعیل، خاوەنی نووسینگەی مەڕوان بۆ کڕین و فرۆشتن و بەکرێدانی خانوو و باڵەخانە بە (رووداو)ی گوت "لەو کاتەوەی پاشەکەوتکردنی مووچەی فەرمانبەران هەیە، خواست لەسەر خانووی دوو نهۆمی کەمبووەتەوە، ئێستا خەڵک زۆرتر داوای خانووی 100 مەتری و یەک نهۆمی دەکات کە کرێکەیان لە نێوان 250 تاوەکو 300 هەزار دینارە".

# هەرێمی کوردستان مانگانە 63 ملیۆن دۆلار کورتهێنانی هەبووە

## لە ساڵی ڕابردوودا
## داهاتی پوختەی حکومەت 5.4 ملیار دۆلار بووە و خەرجییەکانیشی 5.5 ملیار دۆلار بووە

### شارەزایەکی ئابووری: ساڵی 2017 ئابووریی کوردستان هەڵدەستێتەوە

محەممەد هادی
ڕووداو- هەولێر

ساڵی 2016 ساڵێکی بەخێر نەبوو بۆ ئابووریی هەرێمی کوردستان. بەپێی داتاکان، لە زۆربەی مانگەکاندا سەرەڕای دابەشکردنی مووچە بەپێی سیستمی پاشکەوت، داهاتەکانی حکومەت بەشی خەرجییەکانی نەکردووە.

خەرجیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 2016دا بە ڕێژەی زیاتر لە 80% پشتی بە داهاتی نەوت بەستبوو. داهاتەکانی ناوخۆش ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە تێکڕای داهاتی حکومەت لەو ساڵەدا.

### 7.4 ملیار دۆلار داهات

بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو) لە ساڵی 2016دا حکومەتی هەرێمی کوردستان 213 ملیۆن و 99 هەزار و 126 بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە، سەرەڕای ئەوەی بەهۆی قەیرانی داراییەوە بەشێک لە کۆمپانیا نەوتییەکان دەستبەرداری کێڵگە نەوتییەکان بوون و کۆمپانیا کارکەرەکانیش وەبەرهێنانەکانیان کەمتر کردەوە.

لەو بڕە نەوتەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمی هێناوە، 178 ملیۆن و 199 هەزار و 586 بەرمیل نەوتی لە ڕێگای بۆڕیی نەوتی کوردستان — جەیهان هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کردووە، تێکڕای نرخی مامناوەندیی نەوتی فرۆشراوی کوردستانیش لەساڵی ڕابردوودا 34 دۆلار و 79 سەنت بووە، ئەو نرخەش 10 دۆلار کەمترە لە تێکڕای نرخی مامناوەندیی برێنت کە 45 دۆلار بووە.

تێکڕای داهاتی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو نەوتەی کە فرۆشتوویەتی 6 ملیار و 200 ملیۆن و 953 هەزار دۆلار بووە. بەپێی داتاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش تێکڕای داهاتی ناوخۆ مانگانە 130 ملیار دینار بووە کە دەکاتە نزیکەی 100 ملیۆن دۆلار. بەمەش داهاتی ناوخۆ لە ساڵی ڕابردوودا ملیارێک و 200 ملیۆن دۆلار بووە. تێکڕای داهاتی ناپوختەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ڕابردوودا، 7 ملیار و 400 ملیۆن و 953 هەزار دۆلار بووە، ئەو داهاتەش بۆ خەرجییەکانی ناوخۆ و دانەوەی قەرزی بیانی و شایستە داراییەکان دابەش کراوە.

### کورتهێنان چەند بووە؟

هەر بەپێی داتاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان خەرجی مانگانەی حکومەت لە 2016دا، زیاتر لە 460 ملیۆن دۆلار بووە، تێکڕای خەرجییەکانیش لەو ساڵەدا 5 ملیار و 520 ملیۆن دۆلار بووە، بەڵام بەهۆی قەرزدانەوە و خەرجکردنی شایستە داراییەکانی کۆمپانیاکانی نەوت لە 2016، حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەڕای پەیڕەوکردنی سیستەمی پاشەکەوتکردنی مووچە، مانگانە 63 ملیۆن دۆلار کورتهێنانی هەبووە.

د.عەتوف عەبدولموهەیمن بارزانی، شارەزا لە ئابووریی نەوت بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو بووە لە جێبەجێکردنی سیستەمی پاشەکەوتکردنی مووچە، گوتیشی "هەر حکومەتێک کە قەیرانی دارایی لەو شێوەیەی بێتە پێش دوو ڕێگای لەبەردەمە: کەمکردنەوەی فەرمانبەران یان کەمکردنەوەی خەرجییەکان بە هاوبەشی، بەڵام حکومەت ڕێگای دووەمی هەڵبژارد".

سەبارەت بە 2017 و پێشبینییەکان بۆ ئابووریی هەرێمی کوردستان، ئەو ئابووریناسە گوتی "2017 باشتر دەبێت لە 2016 ، چونکە خەرجییەکانی حکومەت کەم دەبنەوە و ئاسۆی نرخی نەوتیش گەشە، پێشبینی دەکرێ لە نزیک ئاستەکانی 60 دۆلارەوە مامەڵەی پێوەبکرێت، ئەمەش داهاتی حکومەت زیاتر دەکات".

### قەرزەکانی حکومەت

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە داهاتی نەوت، کۆمەڵێک قەرزی داوەتەوە و کۆمەڵێک شایستەی دارایی جیاوازیشی خەرج کردووە. بەپێی داتاکان لە ساڵی ڕابردوودا حکومەت 892 ملیۆن و 8 هەزار دۆلاری وەک قەرز داوەتەوە ئەو کۆمپانیایانەی کە لە 2014 و 2015 دا قەرزی لێ وەرگرتبوون. هەروەها 695 ملیۆن و 819 هەزار دۆلاری وەک حەقدەستی بەرهەمهێنانی نەوت داوەتە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەری نەوت لە هەرێمی کوردستان.

جگە لەو دوو خەرجییە، بڕی 223 ملیۆن و 283 هەزار دۆلاری وەک پارەی پێترۆ دۆلار و خەرجیی کارەبا و شایستەی کۆمپانیا ناوخۆییەکان خەرج کردووە کە 120 ملیۆن دۆلاری وەک پترۆ دۆلار خەرج کراوە.

دوای ئەو خەرجییانە، تێکڕای داهاتی پوختەی نەوتی فرۆشراو 4 میار و 256 ملیۆن و 852 هەزار دۆلار بووە، ئەمەش لەگەڵ داهاتی ناوخۆ کە ملیارێک و 200 ملیۆن دۆلار بووە، داهاتی پوختەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی گەیاندووەتە 5 ملیار و 456 ملیۆن و 852 هەزار دۆلار، بەڵام خەرجیی حکومەت لەو ساڵەدا 5 ملیار و 520 ملیۆن دۆلار بووە، بەمەش مانگانە 63 ملیۆن دۆلار کورتهێنانی هەبووە.



(فۆتۆ: سێڤان محەمەد سەلیم)

### هەناردە زیادی کردووە و هاوردە کەمی کردووە

سەرەڕای ئەو داتایانە، (ڕووداو) بەدواداچوونێکی بۆ کەرتی بازرگانیی هەرێمی کوردستان کردووە لە ساڵی 2016. بەپێی داتا پێشبینیکراوەکانی وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی لە ساڵی پار، ئاستی هەناردەکاریی کوردستان بەرز بووەتەوە و ئاستی هاوردەش بەهۆی قەیرانی داراییەوە بە ڕێژەی 10% کەمی کردووە.

بەپێی داتا پێشبینیکراوەکان لە ساڵی 2016 تێکڕای داهاتی هەناردەی کوردستان نزیکەی ملیارێک و 350 ملیۆن دۆلارە، ئەمەش 100 ملیۆن دۆلار زیاترە لە ئاستی هەناردەی ساڵی 2015 کە قەبارەکەی ملیارێک و 250 ملیۆن دۆلار بوو.

سەبارەت بە هاوردەش لە ساڵی 2016دا، هەرێمی کوردستان بەراورد بە ساڵی 2015 ئاستی هاوردەی بە ڕێژەی 10% دابەزیوە.

بەپێی داتاکان هاوردەی تورکیا بە ڕێژەی 17% کەمی کردووە. هاوردەی ئێران بە ڕێژەی 11%. ئیماراتیش بە ڕێژەی 10% کە ئەمانە سێ سەرەکیترین وڵاتن بازرگانانی کورد کاڵایان لێوە هاوردە دەکەن.

پێشبینی دەکرێت قەبارەی هاوردەی کوردستان لە 2016دا بگاتە نزیکەی 10 ملیار و 600 ملیۆن دۆلار، زۆربەی ئەو هاوردەیەش خۆی لە هاوردەکردنی سەوزە و میوە، خواردن، ئاژەڵ، دەرمان و کەرەستەی کیمیاییدا دەبینێتەوە.

### دەقی ئەو نامەیەی ئاشتی هەورامی ئاراستەی وەزیری وزەی تورکیای کرد

# هەورامی داوای سێ ملیار و 740 ملیۆن دۆلار قەرزی دیکەی لە تورکیا کردووە

(ڕووداو) دەقی نامەیەکی د.ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان بڵاودەکاتەوە کە لەلایەن ڕاوێژکاری وەزیری وزەی تورکیاوە بۆ وەزیری وزە نێردراوە. نامەکە کە لە ڕۆژی 2016/3/19 نێردراوە، پرۆپۆزاڵێکی د.ئاشتییە بۆ پێدانی هەندێک لە پشکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کێڵگە نەوتی و گازییەکان، لە بەرامبەر وەرگرتنی قەرزێکی نوێ لە تورکیا بەبڕی سێ ملیار و 740 ملیۆن دۆلار.

## ناوەڕۆکی نامەکە

لایەنی تورکی و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2012ەوە کۆمەڵێک پەیوەندی دوولایەنە، ستراتیژی و درێژخایەنی بەهێزیان دامەزراندووە، کە یەکخستنەوەی بەرژەوەندییەکانیان لەمەڕ زۆر پرسی پەیوەندیدار بە بەرژەوەندی هەردوولایەن لەخۆدەگرێت. ئەم هاوکارییە، لە پاڵ هەموو شتەکانی دیکەدا، ڕێگەی خۆش کرد بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی سەربەخۆ نەوتی خۆی هەناردەی بازاڕە نێودەوڵەتییەکان بکات.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، زۆر کێشەی ئابووری ڕوویاندا کە ڕۆڵیان هەبووە لەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕووی بودجەوە تووشی زەحمەتی ببێت. شکانی نرخەکانی نەوت لە 2015 کاریگەری ئەم کێشانەی زیاتر کرد. ئەمە جگە لەوەی هێرشی داعش، لێشاوی پەنابەرانی سووریا و ئاوارەکانی عێراق، بووە هۆی تێکشکانێکی سەختی ئابووری لە هەرێمی کوردستان. لایەنی تورکی کە هەستی بەم ڕەوشە سەختە کردووە، ماوە ماوە یارمەتی دارایی ڕاستەوخۆی پێشکەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، هەروەها ڕەزامەندیشی دەربڕیوە کە دانەوەی مافەکانی کۆمپانیای وزەی تورکیا (TEC) بۆ کارکردنی لەسەر بۆڕی کەرکووک- جەیهان و خزمەتگوزارییەکانی دیکەی TEC کە لە بەندەری جەیهان پێشکەشی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان دەکات، دوابخرێن.

تائێستا، کۆی گشتی ئەو قەرزەی لایەنی تورکی بە حکومەتی هەرێمی کوردستانی داوە 1.150 ملیۆن دۆلار بووە (قەرزەکەش بە سێ قیست دراوە: دوو جار بە بڕی 500 ملیۆن دۆلار و جاری سێیەمیش 150 ملیۆن دۆلار). بۆ قەرزی یەکەمیان ئاماژە بەهیچ سوودێک نەدراوە، بەڵام بۆ قەرزی دووەم و سێیەم ڕێککەوتن لەسەر سوودێکی نزیک لە 5% بۆ 6% کراوە. هەر لە سەرەتاوە، هەردوولا جۆرە تێگەیشتنێکیان هەبووە کە قەرزەکە یان بە شت یان کەلوپەل بدرێتەوە (وەک پێدانی سامانی نەوت و غاز) یان بە پارە بدرێتەوە. جگە لەم قەرزانە، کۆی گشتی قەرزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە TEC خۆی لە 514 ملیۆن دۆلار دەدات، ئەم قەرزەیان پەیوەندی بەو خزمەتگوزارییانەوە هەیە کە TEC پێشکەشی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە، ئەم قەرزە مانگانە زیادیش دەکات.

## هاوکاریی زیاتر پێویستە

جگە لەم قەرزانەی سەرەوە، ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە یارمەتی دارایی زیاتری لایەنی تورکییە، ئەمە بە تایبەتی بۆ ئەم بابەتانەی خوارەوەیە:

**1 - دانی هەقدەستی بەڵێندەرە تورکەکان:** هاوکاریی نێوان ئەم دوو لایەنە (واتە لایەنی تورکی و کوردی) ڕێگەی بۆ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتی تورکیا کردەوە کە بۆ زۆر پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە، گرێبەست لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن، بەڵام بەهۆی تێکچوونی ڕەوشی ئابووریی هەرێمی کوردستان، بەڵێندەرە تورکەکان لە بەشی هەرە زۆری 2014 و 2015 هەقدەستی خۆیان وەرنەگرتووە. ماوەیەکە کارکردن لەسەر نزیکەی هەموو پرۆژەکان هەڵپەسێردراوە، بۆیەش حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە 800 ملیۆن دۆلار قەرزی دەمودەست و یەک ملیار دۆلار قەرزی دیکەیە لە ماوەی 18 مانگی داهاتوودا، بۆ ئەوەی هەقدەستی کۆمپانیاکانی پێ بدرێتەوە و دەست بە کارکردن لەو پرۆژە گرنگانە بکرێتەوە.

**2- پڕۆژەی غازی چەمچەماڵ و کۆرمۆر:** لەبەر کۆمەڵێک هۆکار، لەوانەش کێشەی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کۆمپانیای سەرکار لەم دوو کێڵگەیە هەقدەستی خۆیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرنەگرتووە کە بەگوێرەی کۆمپانیای سەرکار بڕێکی زۆر زۆرە، تەنانەت بەگوێرەی حیساباتی حکومەتی هەرێمی کوردستان داهاتی بەپارەکراوی نزیکەی 700 ملیۆن دۆلارە، کە لە کۆمپانیاکە گیراوەتەوە، ئەمەش دەبێ لە داهاتوویەکی نزیکدا چارەسەر بکرێت، یان بەشێوازی قیست لە ماوەی 9 بۆ 12 مانگی داهاتوودا بدرێت.

بۆیەش حکومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی کاراکردنەوەی کۆمپانیای سەرکار داوای هاوکاریی دارایی لەلایەنی تورکی دەکات، بۆ ئەوەی پەرە بە بەرهەمهێنانی غازی ئەم کێڵگە بدرێت بەمەبەستی هەناردەکردن.

**3 - جێبەجێکردنی دروستکردنی بۆڕی غاز و نەوت:** بەمەبەستی پێکەوە بەستنەوەی ئەو کێڵگانەی، وەکو کێڵگەی شێخان، بەتازەیی دۆزراونەتەوە، هەروەها بەمەبەستی بەرزکردنەوەی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان و بۆ دروستکردنی بۆرییەکی غازی ستراتیژیی نوێ بۆ هەناردەکردنی 20 بۆ 30 ملیار مەتر سێجا غاز لە پرۆژەکانی چەمچەماڵ/ کۆرمۆر و میران/ بنەباوی. حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە تەرخانکردنی پارەیە بۆ ژێرخانی بۆڕیی غاز، ئەمەش بەتایبەتی بۆ ئەوەیە لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا پەرە بە سامانی غاز بدرێت. کۆی گشتی تێچووی ئەم بۆڕییانە بە نزیکەی 750 ملیۆن دۆلار مەزندە دەکرێت، بەڵام بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی هەرێمی کوردستان سیستەمێک لەسەر بنەمای باج دادەنێت، بۆ ئەوەی بتوانێ سەرمایەی پێویست بۆ ئەم ژێرخانە دابین بکات. بەڵام کۆمپانیای سەرکار کە لە خاڵی (2) ئاماژەی پێکراوە و داوای هەقدەستەکەی دەکات، دەبێ متمانەی ئەوەی پێبدرێت کە غاز دەڕوات و بۆڕی غازەکە دەتوانێ لە ڕێگەی باج داهاتێک بەدەست بهێنێ.

**4- پێویستییەکانی دیکە:** حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە نزیکەی 540 ملیۆن دۆلاری دیکەیە، وەک پشتگیرییەک بۆ کورتهێنانی بودجە و پاراستنی 20% لە قازانجی حکومەت لە کێڵگەی شێخان بەهۆی نەدانی هەقدەستی کۆمپانیاکانەوە.

بە کورتییەکەی، جگە لە قەرزەکەی ئێستا و مافە نەدراوەکانی TEC، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە 3.740 ملیار دۆلارە بۆ ئەوەی پارە بۆ ئەم پێویستییانەی سەرەوە دابین بکات، بۆیەش کۆی قەرزەکە دەکاتە 4.704 ملیار دۆلار.

## ڕێگەی بەردەممان..

لایەنی تورکی سێ بژارەی لەبەردەستە بۆ ئەوەی پشتگیرییەکانی خۆی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان فراوانتر بکات:

**بژارەی یەکەم:** بە هەمان شێواز کە قەرزەکانی ئێستا دراونەتە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم 3.740 ملیار دۆلارەش بە قەرز بدرێتە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام ڕەنگە پێویست بکات بەرنامەیەکی ڕوونتر بۆ دانەوەی قەرزەکان دابنرێت، بۆ نموونە دەکرێ لە 2019ەوە دەست بە دانەوەی قەرزەکان بکرێت و لە 2021 قەرزەکان بە تەواوی درابنەوە.

**بژارەی دووەم:** پێدانی ئەو 3.740 ملیار دۆلارە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەو مەرجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕێکی دیاریکراو لە داهاتی هەندێک لە کێڵگەکانی نەوت و غاز، یان هەندێک بارە نەوت لە بەندەری جەیهان بداتە لایەنی تورکی، بۆ ئەوەی گرەنتی ئەوە بکرێ کە قەرزەکان و ئەو سوودەی لەسەری ڕێککەوتووین بدرێنەوە، هەڵبەت لەم بژارەیەشدا ڕێککەوتن لەسەر خشتەیەکی زەمەنی دەکرێت.

**بژارەی سێیەم:** بەڵام لەجیاتی پێدانی بڕێکی دیاریکراو لە داهاتی سامانی نەوت و غاز، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێی باشترە و پێشنیازی ئەوەش دەکات کە لایەنی تورکی قازانجێکی درێژخایەنی لەم سامانانە (واتە سامانی نەوت و غاز) پێ بدرێت. لەم حاڵەتەدا لەگەڵ بەرزبوونەوەی قازانجی کێڵگەکان، قازانجی لایەنی تورکیش بەرز دەبێتەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا حکومەتی هەرێمی کوردستانیش گرەنتییەک بۆ حاڵەتەکانی دابەزینی کار و بەرهەمی کێڵگەکان دەداتە لایەنی تورکی. بۆ نموونە گرەنتی ئەوە دەدرێتە لایەنی تورکی کە کاری کێڵگەکان لە هیچ کاتێکدا لەو کەمترین ئاستە کەمتر نەبێت کە دواتر لە خاڵەکانی ڕوونکردنەوەدا پێشنیازیان دەکەین.

## ڕێککەوتنێکی دادپەروەرانە بۆ هەردوولا:

کۆمەڵێک خاڵ کە پێویستە بۆ هاوکاریکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو ڕووەوە لەبەرچاو بگیرێن:

**یەکەم:** ئەم قەرزانەی ئێستا تەنیا قازانجیان لەسەرە و مەرجی گوشار یان

## حکومەتی هەرێمی کوردستان ملیارێک و 150 ملیۆن دۆلار قەرزداری تورکیایە

داوای دانەوەیان لەگەڵ نییە، مەگەر ئەوەی کە لە داهاتوودا ڕەوشی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان باشتر ببێت.

**دووەم:** پەیوەندی (لایەنی کوردی و لایەنی تورکی) پەیوەندییەکی ستراتیژییە و تەنیا پەیوەندییەکی ئابووری نییە، پەیوەندییەکە بەدەر لە هەر پرۆژەیەک بەردەوام دەبن، ئێمە دراوسێین و زیاتریش.

**سێیەم:** نابێ ئاکامی هیچ پشتگیرییەکی دارایی پێگەی هیچ کام لە لایەنەکان تێکبدات، سیناریۆیەک پێویستە کە هەردوولا تێیدا براوە بن، هەر بۆیە بڕیاربەدەستانی سیاسی هەردوولا دەبێ هەموو کات شانازی بە ڕێککەوتنەکەوە بکەن و بەرگری لە ئاکامەکەی بکەن.

**چوارەم:** گرنگ نییە لایەنی تورکی خوازیاری کام یەک لە سێ بژارەکەی سەرەوە دەبێت، لەهەر حاڵەتێکدا لایەنی تورکی کۆمەڵێک قازانجی ڕاستەوخۆ لەم ڕێککەوتنە دەبینێ، بۆ نموونە لایەنی تورکی بە خێرایی و بە ئاسانی دەستی دەگاتە 10 بۆ 20 ملیار مەتر سێجا غازی سروشتی کە لە هەرێمی کوردستانەوە ڕەوانەی بازاڕی تورکیا دەکرێت (ئەمە لە درێژخایەندا دەکرێ زیاتریش بێت). هاوکاریی دارایی تورکیا بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ سوود بە ژمارەیەکی زۆر لە بەڵێندەرە تورکەکان دەگەیێنێت. بەدەر لەمەش، ئەگەر لایەنی تورکی مامەڵە بە بژارەی سێیەم بکات، ئەوا لایەنی تورکی توانای ئەوەی لەبەردەستە کە لە ژمارەیەک لە سامانە پڕسوودەکاندا بەشداری بکات، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی بەرپرسیارێتی دابەزینی قازانجەکانی ئەو سامانانە هەڵدەگرێت.

**پێنجەم:** بێگومان پێویست بە گوتن ناکات، هەموو ئەم پشتگیرییە قازانجێکی زۆریش بە لایەنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەیێنێت (کە لە زۆر ڕووەوە هاوبەشێکی جێگەی متمانەیە بۆ تورکیا و شایانی ئەم پشتگیرییەیە)، هەروەها لە کەمکردنەوەی گوشاری سەر هەرێمی کوردستان و پاراستنی سەقامگیرییەکەی یارمەتیدەر دەبێت، چونکە ئێستا سەقامگیریی کوردستان بەهۆی کێشە داراییەکانەوە هەڕەشەی لەسەرە.

## ئۆفەرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

ئەگەر لایەنی تورکی بژارەکانی یەکەم و دووەم هەڵبژێرێت، ئەوا مامەڵەکردن لەگەڵیان کارێکی ئاسان دەبێت. هەر بۆیە لە خوارەوە تەنیا باسی بژارەی سێیەم دەکەین بۆ ئەوەی لایەنی تورکی بیری لێبکاتەوە. ئەمە شتێکی زانراوە کە نادڵنیاییەکی زۆر لەمەڕ یەدەگی نەوت و تێچوون و قازانجی یەدەگی نەوت لە ئارادایە. دابەزینی نرخەکانی نەوت هۆکارێکی دیکەی نادڵنیاییە. هەر بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی بەرپرسیارێتی دابەزینی داهاتی هەر کام لەو کۆمەڵە پرۆژانە لە ئەستۆ دەگرێت کە لە پرۆپۆزاڵە سێ بەشییەکەدا خراوەتەڕوو:

پرۆپۆزاڵی بەشی یەکەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشنیاز دەکات کە لایەنی تورکی بیر لەوە بکاتەوە ئەم قەرزە بەرچاوەی ئێستا و مافە زۆرەکەی TECبکەن بە وەبەرهێنانی درێژخایەن لە کێڵگە بەرهەمهێنەکانی تەقتەق، تاوکێ و شێخان. چاوەڕێ دەکرێ ئەم سێ کێڵگەیە پێکەوە و لەسەر بنەمای 6% داشکاندن (یان 6% ڕێژەی سوود) 1.829 ملیار دۆلار قازانجیان هەبێت کە ئێستا بەرزترین ئاستی قازانجە هەردوو لایەن لەسەری ڕێککەوتبن. حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشنیاز دەکات ئەم سامانە لەسەر بنەمای داشکاندنی بە ڕێژەی 8% (واتە بە 1.664 ملیار دۆلار) بۆ لایەنی تورکی بگوازێتەوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان گرەنتی ئەوەش دەکات کە قازانجی ئەم سامانانە لە هیچ حاڵەتێکدا لە 6% کەمتر نەبێت، بۆ پڕکردنەوەی هەر چەشنە کەموکورییەکیش پشت بەو داهاتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبەسترێت کە لە بەرهەمهێنانی نەوتی ئەم سامانە نەوتییانە بەدەست دەهێنرێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان داوا ناکات هیچ پارەیەکی دیکە بۆ ئەم سامانانە بدرێت، بەڵام حەزدەکات هاوسەنگییەک دروست بکات لە نێوان ئەو 1.664 ملیار دۆلارەی کە بیری لێدەکرێتەوە لە بەرامبەر ئەو 1.150 ملیار دۆلار قەرزەی کە ئێستا لەسەرمانە، یان با بڵێین ئەو 514 ملیۆن دۆلارەی کە بریتییە لە قەرزی دواکەوتووی TEC.

پرۆپۆزاڵی بەشی دووەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشنیاز دەکات لایەنی تورکی بیر لە پێدانی پارەی نوێ بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکاتەوە، بەڵام ئەمجارەیان نەک وەک قەرز، بەڵکو لە بەرامبەر 100% داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پرۆژەی کێڵگەکانی میران و بنەباوی و 15%ی داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە میدستریمی هەمان ئەو دوو پرۆژەیە. چاوەڕێ دەکرێت داهاتی نەختینەی ئەم دوو پرۆژەیە لەسەر بنەمای داشکاندنی 7.5% (واتە 7.5%ی ڕێژەی سوود) خۆی لە 2.705 ملیار دۆلار بدات.

حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشنیاز دەکات کە ئەم سامانانە لەسەر بنەمای 10% داشکاندن (واتە بە 1.894 ملیار دۆلار) بۆ لایەنی تورکی بگوازێتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو کاتێک گرەنتی ئەوە دەکات کە قازانجی ئەم سامانانە لە 7.5% کەمتر نابێ و ئەگەر کەمتربوو حکومەتی هەرێمی کوردستان بە داهاتی پشکی خۆی لە میدستریمی هەمان ئەو دوو سامانە، قەرەبووی دەکاتەوە. ئەگەر قازانجی ئەم کێڵگانە تاوەکو 14%ش بەرزبووەوە قازانجەکە هەر بۆ لایەنی تورکی دەبێت، بەڵام ئەگەر قازانجەکە لە 14% تێپەڕی، ئەوا باڵانسەکەی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەست دەکات کە ئەم پرۆپۆزاڵە ڕێژەیەکی گرەنتیکراو و بەرزی سوود بۆ لایەنی تورکی تێدایە، ئەمە جگە لەوەی دەرفەتی ئەوەشی هێشتووەتەوە کە ڕێژەی قازانجی لایەنی تورکی تاوەکو 14% بچێت و لێی وەرنەگیرێتەوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان حەزدەکات 800 ملیۆن دۆلار لەم پارەیە بداتە بەڵێندەرە تورکەکان، 94 ملیۆن دۆلاری بە تێچووەکانی 20%ی قازانجی حکومەت لە شێخان تەرخانبکات، باڵانسی یەک ملیار دۆلارەکەش کە لە ماوەی 18 مانگدا وەردەگیرێت بۆ بەڵێندەرە تورکەکان تەرخان دەکرێت بۆ ئەوەی بتوانن پرۆژەکانیان تەواو بکەن.

**بەشی سێیەمی پرۆپۆزاڵەکە:** حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشنیاز دەکات لایەنی تورکی بیر لە پێدانی پارەیەکی نوێ بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکاتەوە، بەڵام ئەمەشیان وەک قەرز نەبێت، بەڵکو لە بەرامبەر ئەوەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان 5%ی قازانجی کارکردن لە کێڵگەی خورمەڵە دەدات ـ ئەمەش هەم یەدەگە ڕووکەشەکان دەگرێتەوە هەمیش یەدەگە قووڵەکان. ئەو کۆمپانیایەی ئێستا لەوێ کار دەکات لە بەرامبەر کارکردنی خۆیدا 30%ی قازانج وەردەگرێت و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش 20%ی قازانجەکەی پێیە. ئەم کێڵگەیە پێویستی بە وەبەرهێنانە بۆ ئەوەی توانای بەرهەمهێنانی لەوەی ئێستا بەرزتر بکرێتەوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای 1.146 ملیار دۆلار لە لایەنی تورکی دەکات، لەبەرامبەر پێدانی ئەو خاڵەی کە لە سەرەوە باسکرا، هەروەها قەرەبووی ئەو تێچوونە بەرچاوەی پێدەکاتەوە کە کۆمپانیای کار بۆ پەرەپێدان تەرخانی کردووە. ژمارەی 1.149 ملیار دۆلار لەسەر بنەمای داشکاندن بە ڕێژەی 15% دانراوە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان گرەنتی ئەوە دەکات کە قازانجی ئەم سامانانە لە هیچ کاتێکدا لە 10% کەمتر نابێت، هەرجۆرە کەموکورییەکیش لە ڕێژەی قازانجەکانی ئەم سامانە بە داهاتی پشکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەمان کێڵگە پڕدەکرێتەوە. ئەگەر ڕێژەی قازانجی ئەم سامانە تاوەکو 17%ش بەرزبووەوە لایەنی تورکی دەتوانێ زیادەی قازانجەکە بۆ خۆی بەرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو ڕێژەی قازانجەکە لە 17% بەرزتر بووەوە، ئەوا باڵانسەکە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستدەکات ئەم ئۆفەرە زۆر دادپەروەرانەیە، هەڵبەت ئەگەر ئەوەمان لەبەرچاوبێت کە دابەزینی ڕێژەی قازانج بۆ 13%. بۆ لایەنی تورکی قەرەبوو دەکرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی ئەگەر ڕێژەی قازانج لە ڕێژەی ڕێککەوتن لەسەرکراو بەرزتر ببێتەوە، تا ئاستێکی بەرز (واتە 17%) هەر بۆ حکومەتی تورکیا دەبێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان حەزدەکات 446 ملیۆن دۆلار لەم پارەیە بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕی داهات تەرخانبکات و باڵانسەکەش (واتە 700 ملیۆن دۆلار) بۆ چارەسەری کێشەی مافەکانی کۆمپانیای سەرکار لە چەمچەماڵ/کۆرمۆر تەرخان دەکات.

بەڕێز، سوپاسی بایەخ و خۆتەرخانکردنی جەنابتان بۆ ئەم بابەتانە دەکەم، بەڕاستیش حەزدەکەم لە نیوەی دووەمی هەفتەی داهاتوودا ئەم پرۆپۆزاڵانە بە ڕووبەڕوو لەگەڵ بەڕێزتان باسبکەم، بەو هیوایەی بە ماوەیەکی کورت دوای ئەوە پرۆپۆزاڵەکان بگەنە ئەنجامێک.

**لەگەڵ ڕێزی زۆرم**
**ئاشتی هەورامی**
**وەزیری سامانە سرووشتییەکان - حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**19ی ئاداری 2016**



عومەر ئەحمەد

## نامەکەی هەورامی کارەسات بوو؟

نامەکەی وەزیری سامانە سروشتییەکان بۆ هاوتا تورکەکەی تا بڵێیت هەستیار بووە، هەڵگری کۆمەڵێک زانیاریی نهێنیی پەیوەست بە ڕەوشی دارایی هەرێمی کوردستان و زانیاری لەبارەی کێڵگە نەوتییەکان بووە. بەڵام ناوەڕۆکەکەی بەوجۆرەی کە هەندێ کەس باسیان کرد، بە هیچ جۆرێ بە مانای کارەسات و فرۆشتنی خاکی کوردستان نایەت. تەنانەت پرپەتی لە خاڵی بەهێز کە هەرچەندە فاکتەرەکان بەپێی نرخی نەوت لە داهاتوودا دەگۆڕێن، بەڵام لەوانە بوو لە قازانجی هەرێمی کوردستان بێت ئەگەر ئەو مامەڵەیە سەری بگرتایە.

تورکیا تەنیا وڵاتێک بووە کە تا ئێستا (بەپێی نامەکەی هەورامی) زیاتر لە یەک ملیار دۆلار قەرزی بە سوودێکی کەمەوە داوەتە هەرێمی کوردستان. هیچ وڵاتێک تا ئێستا ئەو برە پارەیەی نەداوەتە هەرێمی کوردستان، بە ئەورووپا و ئەمریکاشەوە کە بە هاوپەیمانی هەرێمی کوردستان ئەژمار دەکرێن. حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵی 2016 هەوڵی دا لە بازاڕە داراییەکان قەرز وەرگرێت، بەڵام نە وەبەرهێنەرە بیانییەکان ئامادە بوون ئەو قەرزە بدەن، نە بڕ و سوودی قەرزە پێشنیازکراوەکەش گونجاو بوو. نامەکەی هەورامی دەریدەخات کە تورکیا ئامادەیی هەیە بۆ پێدانی قەرزی زیاتر. قەرزی نوێش بۆ چەندین مەبەست داوا کراوە، یەکێکیان دانەوەی پارەی کۆمپانیا تورکییەکانە کە دەیان پرۆژەی ژێرخانیان لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ کردووە و ماوەی دوو ساڵە پارەیان وەرنەگرتووە. ئەگەر تورکیا قەرز بداتە کوردستان بۆ ئەوەی بدرێتە کۆمپانیا تورکییەکان، نۆژەنکردنەوەی ژێرخانی هەرێمی کوردستان زامن دەبێت، خۆ ئەمە ڕووداوێکی خراپ نییە. بیرمان نەچێت ئەگەر بەم چەشنە پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە کوردستان بوەستێت، ئەوا لە چەند ساڵێکی کەمدا کوردستان کاول دەبێت.

### پرۆژەستراتیژییەکان

ئەو قەرزەی داواکراوە، بەشێکی بۆ ئەوەیە پارە تەرخان بکرێت بۆ دانەوەی حەقدەستی کۆمپانیاکان بۆ بەردەوامبوونیان لە کێڵگە نەوتی و گازییەکاندا. گرنگتر لە هەمووشیان پەرەپێدانی کێڵگەکانی گازی سروشتیی چەمچەماڵ و کۆرمۆر و کوردەمیر و بنەباوی. هەروەها ڕاکێشانی بۆڕیی گازی کوردستان کە جگە لە نەوتی خاو، داهاتی دیکە بۆ هەرێمی کوردستان دەستەبەر دەکات و تا ئێستا یەک مەتریشی ڕانەکێشراوە. دابینکردنی سەرمایە بۆ ئەو پرۆژانە زۆر پێویستە، ئەگەرنا هەرێمی کوردستان ناتوانێت تا 2020یش یەک مەتر سێجا گازی سروشتی هەناردەی بازاڕەکانی جیهان بکات، چونکە پارەی حکومەت بەشی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی نەوت و گاز ناکات.

### پێدانی پشکی کێڵگەنەوتییەکان

دەستاودەستکردن بە پشکی کۆمپانیاکان، کارەسات نییە. ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان پشکی 20% یان تەنانەت 50%ی خۆی لە کێڵگەیەکی نەوت و گاز بداتە کۆمپانیا یان وڵاتێکی بیانی زۆر ئاساییە، بەڵکو ئەوە گەرەنتیکردنی پەرەپێدانی ئەو کێڵگانەیە.

ئەو پارەیەی ئاشتی هەورامی داوای کردووە کە تورکیا بیداتە هەرێمی کوردستان، هەڵبەت نەک وەکو قەرز، بەڵکو ئەمجارە وەک کڕینی بەشێک لە پشکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەمتر نییە لە بەهای پشکەکان! بۆ نموونە با باسی کێڵگەی شێخان بکەین کە کۆمپانیای گۆڵف کیستۆن 60%ی پشکەکانی هەیە و حکومەتی هەرێمی کوردستان 20%. چەند مانگ لەمەوبەر کۆمپانیای DNO پێشنیازی کڕینی کۆمپانیای گۆڵف کیستۆنی بە 300 ملیۆن دۆلار کرد، ئەوە بەو مانایەیە بەهای هەموو پشکەکانی گۆڵف کیستۆن لە شێخان بە 300 ملیۆن دۆلار خەمڵێندراوە، کەواتە بەهای 20%ی پشکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کێڵگەی شێخاندا هەر 100 ملیۆن دۆلارە. کەواتە لەبری 5 ملیار دۆلار بەپێی میکانیزمی بازاڕی نێودەوڵەتی، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت پشکەکانی خۆی لە 50 کێڵگەی وەک کێڵگەی شێخان بداتە تورکیا یان هەر وڵاتێکی دیکە کە بیەوێت لەم بێسەروبەرییەی هەرێمی کوردستاندا وەبەرهێنان لە کێڵگە نەوتییەکانی کوردستان بکات. 5 ملیار دۆلار پارەیەکی کەم نییە، هەموو داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فرۆشتنی نەوت لە ساڵی 2016 دا نزیکەی 6 ملیار دۆلارە.



## کیژانی کفری، لە سلێمانی نمایش دەکەن

رووداو- سلێمانی
وا بڕیارە لە 2017/1/15ـەوە و بۆ ماوەی چوار ڕۆژ، پێشانگەیەکی هاوبەشی شێوەکاری بۆ گرووپی کیژانی شارۆچکەی کفری لە هۆڵی ئەمنە سوورەکە لە شاری سلێمانی بکرێتەوە. ئەو پێشانگایە لەلایەن ناوەندی حەوت ڕەنگە سەرپەرشتی دەکرێت و بە گوتەی بەختیار سەعید، بەڕێوەبەری ئەو ناوەندە بۆ (رووداو)، لەو پێشانگایەدا 32 کچە خوێندکاری بەشی شێوەکاری پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی کفری وەکو گرووپێک بەشدارییی تێدا دەکەن کە پێدەچێت نزیکەی 70 تابلۆ نمایش بکرێت. بەختیار سەعید گوتی "ناوەندەکەمان یەکەمجارە کارێکی لەو شێوەیە دەکات، خۆیشمان بانگهێشتی ئەو گرووپەمان کردووە و مەبەستمانە تواناکانی ئەو خوێندکارانە لە شارێکی وەکو سلێمانی دەربکەوێت".

### لەیلا فەریقی بۆ (رووداو):

# وەکو سەندرێلا زەحمەتی زۆرم بینیوە

- لە کوردستان ستافی کۆنسێرت نییە

دوای ساڵانێک بێدەنگی، بۆ یەکەمجار لە ڕێگەی (رووداو)ەوە ئەو بێدەنگییە دەشکێنێ، ئاوازدانەری ئەلبوومە نوێیەکەشی بەڵێنی پێداوە کە ساڵی 2017 ساڵی ئەو بێت. خانمە هونەرمەندی کورد لەیلا فەریقی کە ناسناوی سەندرێلای شاشەی کوردیی دراوەتە پاڵ، لەم هەڤپەیڤینەدا هۆکاری بێدەنگبوونەکەی ئاشکرا دەکات و قسەش لەسەر ئەلبوومە نوێیەکەی دەکات.

هەڤپەیڤین: دەرباز یونس
رووداو - هەولێر



**رووداو: ماوەیەکی زۆرە بێدەنگی، هیچ بەرهەمت نەبووە، بەڵام زانیاریمان هەیە، سەرقاڵی بەرهەمێکی تازەی؟**

**لەیلا فەریقی:** راستە، خەریکی چەند کارێکین بەشێوازی پۆپ، ڕۆمانسی و کلاسیک. بە هیوام بتوانین بەزووترین کات گوێتان لە کارەکانمان بێت.

**رووداو: دوای 10 ساڵ بێدەنگی چی بە هەوادارانت دەڵێی؟**

**لەیلا فەریقی:** راستییەکەی من تۆزێک تۆرابووم، لە جەماوەر و لە ئیشکردن. زۆرجار کە ئێمە ئیش دەکەین زەحمەتی زۆر دەکێشین، بەڵام کە کارەکە تەواو دەبێ، بایەخێکی وای نادەنێ. ئەوە تۆزێک نیگەرانی کردم، بەڵام ئێستا کە گەڕاومەتەوە، بە خۆشیی جەماوەرەکەیە و لەگەڵیان ئاشتبوومەوە.

**رووداو: چەند لە گۆرانییەکانی ئەلبوومەکەت تۆمار کردوون و چەندیان ماوە تۆماریان بکەی؟**

**لەیلا فەریقی:** ئەلبوومەکەم لە 9 — 10 گۆرانی پێکدێ، نزیکەی پێنج گۆرانیمان تەواو کردووە. ئەلبوومەکە بە سەرپەرشتی بەڕێز کاک هەڵکەوت زاهیرە، زۆر زەحمەتی کێشاوە، لێرەوە زۆر سوپاسی دەکەم.

**رووداو: زانیاریم هەیە لە ئەلبوومەکەت گۆرانییەکت بۆ ئافرەتان گوتووە، ناوەڕۆکەکەی چییە؟**

**لەیلا فەریقی:** ئەو کارە لە مێژە پێوەی خەریکین، ئێستا کارەکە تەواو بووە، ڕەنگە هەفتەیەکی دیکە بە کلیپیش تەواو ببێ. پەیامەکەی من لەو گۆرانییە ئەوەیە کە ژیان بەبێ ژن مانای نییە. لە راستیشدا هەر وایە.

**رووداو: ئێستا کوردستان بەرەورووی چەند قەیرانێک بووەتەوە بە تایبەتی شەڕی داعش. بەو هۆیەوە ژمارەیەکی منداڵ ئاوارە و کۆچبەرن، پلانت هەیە کار بۆ منداڵان بکەی؟**

**لەیلا فەریقی:** بەڵێ، دیارە ئەمەشیان زۆر لەمێژە قسەی لەسەر کراوە، بەڵام بەداخەوە هەلەکە نەڕەخساوە. کارێکم کردووە بۆ منداڵانی هەموو جیهان.

**رووداو: ئەو گۆرانییەی منداڵانیش هەر لەنێو ئەلبوومەکەت دەبێ، یان دوای ئەلبوومەکەت دەبێ؟**

**لەیلا فەریقی:** هەر لەنێو ئەلبوومەکە دەبێ.

**رووداو: ئەوە دووەمین ئەزموونی تۆیە لەگەڵ هەڵکەوت زاهیر، بۆچی دووبارە ئەوت هەڵبژاردەوە؟**

**لەیلا فەریقی:** بۆ هەڵکەوت زاهیر؟ لە راستیدا

## لەگەڵ هەڵکەوت زاهیر زۆر ئاسوودەم

کارکردن لەگەڵ کاک هەڵکەوت زۆر خۆشە. کەسێکی زۆر رێکوپێک و پرۆفیشناڵە. من بۆ کارکردن لەگەڵ ئەو زۆر ئاسوودەم.

## نیوەی ئەلبوومەکەم تەواو بووە

## لە جەماوەر و ئیشکردن تۆرابووم

**رووداو: بەهۆی دەنگە تایبەتەکەت و جوانییەکەت، ناسناوی سەندرێلای شاشەی کوردیت پێدراوە، تۆ چۆن لەو ناسناوە دەڕوانی؟**

**لەیلا فەریقی:** زۆرجار خەڵک بە هەڵە لەو ناسناوە تێدەگەن و پێیانوایە بەس مەسەلە جوانییەکەیە، بەڵام یەک مەسەلە لێرەدا زۆر

## لە نێوان کوردستان و سوێد هاتوچۆ دەکەم

گرنگە بیزانن. سەندرێلا لە ژیانیدا زەحمەتی زۆری بینیوە. ئەو ناسناوەش کە کاک هەڵکەوت بە منی داوە و زۆرجار قسەمان لەسەر کردووە، لەسەر بنەمای ئەوە بووە کە تووشی زۆر کێشە هاتووین لە کاری خۆماندا، بۆیە ئەو ناسناوەی بە من داوە. بێگومان بە ئیشی زۆر و باشتر دەتوانم پارێزگاری لەو ناسناوە بکەم.

**رووداو: زەحمەتییەکانی ژیانی تۆ چی بوون؟**

**لەیلا فەریقی:** بەهۆی ئەوەی ئێمە وەکو کورد نەمانتوانیوە لە زۆر بواری هونەریدا ئیش بکەین، نەبوونی شوێنێکی ڕۆشنبیری، نەبوونی کۆمپانیایەک کە دەست بداتە باڵی ئێمە. ئێمە زەحمەتییەکی زۆر دەبینین تاوەکو بەرهەمێک لەدایک دەبێ، بەڵام زۆر ئاسان و ئاسایی دێتە بەرچاو، مرۆڤەکان نازانن کە لە پشت ئەوەوە زۆر زەحمەت کێشراوە.

**رووداو: پێشتر زوو زوو کۆنسێرتت دەکرد لە کوردستان و ئەورووپا، بەڵام کۆنسێرت و ئاهەنگەکانیشت راگرتن، پلانت هەیە جارێکی دیکە کۆنسێرت بکەی؟**

**لەیلا فەریقی:** جارێ لە بەرنامەمدا نییە. زۆرجار ویستوومانە لە کوردستان کۆنسێرت بکەین، بەڵام لە کوردستان کەموکوڕیی هەیە و ستاف نییە، نەمانتوانیوە ئەو جۆرەی ویستوومانە کۆنسێرت بکەین.

**رووداو: تۆ یەکەم خانمە گۆرانیبێژی کوردی کە گۆرانیی هاوبەشی کوردی و عەرەبیت لەگەڵ گۆرانیبێژی بەناوبانگی عەرەب، عەلی حەجار گوت. هیچ پڕۆژەیەکی دیکەی هاوشێوەت هەیە.**

**لەیلا فەریقی:** پێشنیاز هەیە، بەڵام چۆن و کەی دەکرێ، ناتوانم ئاشکرای بکەم.

**رووداو: دوێتەکە هەر بە عەرەبی یان بە زمانی دیکەش؟**

**لەیلا فەریقی:** بە زمانی دیکەش، ڕەنگە گۆرانییەکی فارسی بڵێم.

**رووداو: ئێستا لەیلا فەریقی لە کوێ و لەگەڵ کێ دەژی؟**

**لەیلا فەریقی:** ئێستا زیاتر لە کوردستانم بەهۆی ئەوەی سەرقاڵی ئامادەکردنی بەرهەمم. بەڵام لەنێوان ئێرەو سوێد ژیان بەسەردەبەم.

**رووداو: هەر هونەرمەندێک کارێکی خۆی بە پڕۆژەی تەمەنی دەزانێ، تۆ پڕۆژەی تەمەنت کردووە، یان ئەو ئەلبوومە بە پڕۆژەی تەمەنی خۆت دەزانی؟ یان لە داهاتوودا دەیکەی؟**

**لەیلا فەریقی:** راستییەکەی هەر ئەلبوومێکم ڕەنگ و بۆنی خۆی هەیە، جێگایەکی تایبەتی خۆی هەیە. بێگومان من هیچ کات لە کارەکانی خۆم رازی نەبووم، بەردەوام هەوڵم داوە کاری باشتر بکەم.

**رووداو: وەرتر گوێ لە کام گۆرانی خۆت دەگریتەوە؟**

**لەیلا فەریقی:** زۆر بە کەمی گوێ لە گۆرانییەکانی خۆم دەگرمەوە.

## دوو هەورامی دوێت دەکەن





**رووداو- سلێمانی**

هونەرمەندان ئەرسەلان هەورامی و لیمۆ هەورامی گۆرانییەکی هاوبەش دەڵێن و دوای کلیپکردنیشی بڵاوی دەکەنەوە.

ئەرسەلان هەورامی بە (رووداو)ی راگەیاند، گۆرانیی (هەوری لە مل) میلۆدییەکەی فۆلکلۆرە و کەمێک گۆڕانکاریی تێدا کراوە، بەڵام تێکستەکەی تازەیە و لەلایەن سەنگەر هەورامی نووسراوە.

هەورامی گوتی "هەوڵمان داوە وشەکانی تێکستەکە بەشێوەیەکی جیاواز بێت، وشەکانی من تایبەتن بە ڕەگەزی مێ و وشەکانی لیمۆخانیش تایبەتن بە ڕەگەزی نێر".

موزیسیان نزار زێوێیی، سەرپەرشتیاری گرووپی موزیکی لوڕ، کاری دابەشکردنی موزیک و تۆمارکردن بۆ بەرهەمەکە دەکات و دواتریش بەشێوەی کلیپ بڵاوی دەکەنەوە.

## مەهرو دەبێتە ڕێبوار



**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

ژنە هونەرمەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مەهرو مستەوفی سەرقاڵی ئەلبوومێکی نوێیە و لە چەند مانگی داهاتوودا بڵاوی دەکاتەوە.

مەهرو مستەوفی بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەو ئەلبوومەی لە هەشت گۆرانی و پارچە موزیکێک پێکهاتووە، تێکست و ملیۆدی گۆرانییەکان تێکەڵن لە کاری نوێ و فۆلکلۆر، دابەشکردنی موزیکی گۆرانییەکانیش لەلایەن موزیسیان فەردین لاهورپوور کراون.

مەهرو گوتی "لە سەرەتای ئەمساڵەوە گۆرانییەکان تۆمار دەکەین، ڕەنگە ناوی ئەلبوومەکەش بکەینە (ڕێبوار)، لە چەند مانگی داهاتووشدا بڵاوی دەکەینەوە".

مەهرو لەدایکبووی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتە، بەڵام ئێستا لە تارانی پایتەختی ئێران نیشتەجێیە. پێشتریش دوو ئەلبوومی بەناوەکانی ئاشتی و لای لایە بڵاوکردووەتەوە.

## ئەیاز گۆرانی بۆ شرنەخ دەڵێت



**هیوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

ئەیاز ئارزەن گۆرانیبێژی خەڵکی باکووری کوردستان گۆرانییەک بۆ وێرانکارییەکانی شرنەخ و شارەکانی دیکەی باکووری کوردستان دەڵێت. هەروەها ئامادەکاری بۆ ئەلبوومێکی گۆرانی دەکات.

ئەیاز ئارزەن بە (رووداو)ی راگەیاند "وەک ئەرکێکی نیشتمانی گۆرانییەکم بۆ وێرانکارییەکانی پارێزگای شرنەخ گوتووە. لەو گۆرانییەدا دەڵێم ئیدی بەسە شەڕ و کاولکاری، ئێستا کاتی ئاشتی و پێکەوە ژیانە".

ئارزەن باسی ئەلبوومە نوێیەکەی دەکات و دەڵێت "ئەلبوومێکی گۆرانیم لەبەردەستە، بەشێکی زۆر لە کارەکانی تەواو بووە. لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا ئامادە دەبێت بۆ بڵاوکردنەوە کە بەشێکی زۆر لە گۆرانییەکان ئەڤینی و سۆزدارین".

ئەیاز ئارزەن لە ساڵی 1982 لە وانی باکووری کوردستان لەدایک بووە، خاوەنی ئەلبوومێکی گۆرانی و دەیان گۆرانی سینگل و ڤیدیۆکلیپە، ئێستا لە ئەستەنبوڵ دادەنیشێ و لە تەلەفزیۆنێکی کوردی لە تورکیا پێشکەشکاری بەرنامەیەکی هونەرییە.







LEGACY
CONSTRUCTION



## کچێک بە چەکی تاپڕ دەکوژرێت

ڕووداو- سلێمانی

لە ناوچەی تانجەڕۆی سەر بە ناحیەی عەربەتی نزیک شاری سلێمانی، کچێکی تەمەن 18 ساڵ کە قوتابیی ئامادەییە بە گوللەیەکی تاپڕ کوژراوە. نەقیب سائیب سەلام، گوتەبێژی پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو ڕووداوە ئێوارەی ڕۆژی 2016/12/29 ڕوویداوە، کچەکە ناوی (خ، ئ)ە و لە ماڵی پووری بووە، منداڵێکی پووریشی کە تەمەنی 10 ساڵ بووە، یاری بە چەکی تاپڕ کردووە و گوللەیەکی لە دەست دەرچووە و کچەکەی کوشتووە. تەرمی کچەکە ڕەوانەی پزیشکی دادیی کراوە و لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکەش بەردەوامە.

# لە هاوژینەکەی جیابووەوە و خۆی سووتاند

پشتیوان جەمال

ڕووداو- ڕزگاری

"دڵـم تەقی و تەحەمولـم نەما"، ئەوە گوتەی میدیا بووە لەسـەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانە پێش ئـەوەی گیانـی دەربچێ. چەنـد ڕۆژێکیش پێش خۆسووتاندنی بە خوشکێکی خۆی گوتووە "جام کە پڕ بوو لێی دەڕژێ"، بە گوتەی سەرچاوەیەکی نزیـک لـە خێزانەکـەی، بەهـۆی خەفەتـی جیابوونەوەی لە مێردەکەی، خۆی سووتاندووە.

(میدیا ح)، 18 سـاڵ و دانیشـتووی ناحیەی ڕزگاریی سەر بە ئیدارەی گەرمیان، پاشنیوەڕۆی 2016/12/20 لـە ماڵـی باوکـی ئاگـری لـە جەسـتەی خـۆی بـەردا، دوای چەنـد ڕۆژێـک مانەوە لە نەخۆشخانەی ئیمێرجنسیی سلێمانی، گیانی سـپارد و کەسوکاریشی سکاڵایان لە دژی مێردەکەی تۆمار کردووە.

ڕائیـد عەلی جەمال قـەدووری، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد، ئـەو ژنـە چەنـد مانگێک پێش خۆسـووتاندنی، لە مێردەکەی جیابووەتەوە، بـەڵام دایکـی ژنەکـە، هـەر لـە کاتـی خۆسـووتاندنی کچەکەیـدا، سـکاڵای لە دژی مێـردی پێشـووی کچەکەی تۆمـار کرد و بە هۆکاری خۆسـووتاندنی کچەکەی تۆمەتباری کـرد، دادوەریش بەپێـی مـاددەی 408 لە یاسای سزادانی عێراقی، داوای کردووە بانگی مێردەکەی بکرێ و ئیفادەی لێ وەربگیرێ.

بەپێـی ڕێوشـوێنە یاسـاییەکان دەبـێ دۆسـیەی ئەو ژنـە ڕەوانـەی دادگای تایبەت بە بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیژیـی خێزانی بکرێ، بـەڵام ڕائیـد عەلی گوتی "لەبەرئـەوەی لە کاتی ڕووداوەکـەدا، ئـەو ژن و پیـاوە جیابوونەتەوە، دۆسـیەکە لەچوارچێـوەی خێزانیدا نییە. بەپێی یاسـای باری کەسـیش، مێردی پێشووی ژنەکە کەسـێکی نامۆیـە بەو ژنە، بۆیە تاوەکو ئێسـتا دۆسـیەکە ڕەوانـەی لای بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیژیی دژی ژنان نەکراوە".



عەقیـد لەمیعـە محەممـەد، بەڕێوەبـەری بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیژیـی دژی ژنـان لـە گەرمیـان بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد، بەدواداچوونیـان بـۆ خۆسـووتاندنی ئـەو ژنە کـردووە و بەپێـی زانیارییەکانیـان، ئـەو ژنە پێشـتر هیـچ کێشـەیەکی لەگـەڵ مێردەکەی نەبووە، بەڵام کەسوکاری مێردەکەی پیلانێکیان لە دژی داناوە و بەوهۆیەوە جیابوونەتەوە.

ئـەو ژن و مێردە ماوەی یەک سـاڵ پێکەوە بـوون. عەقید لەمیعـە گوتـی "جیابوونەوەکە حاڵەتێکـی دەروونیـی ناخۆشـی بـۆ ژنەکـە دروستکردووە و بەرگەی نەگرتووە، بەو هۆیەوە پەنـای بـۆ خۆسـووتاندن بردووە". گوتیشـی "هەرچەندە پۆلیس لێکۆڵینەوە لە دۆسـیەکەدا دەکات، بـەڵام ئێمـەش وەکـو لایەنێکـی پەیوەندیدار بەدواداچوونی بۆ دەکەین".

سـەرچاوەیەک لـە خێزانـی میدیـا بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد، کچەکەیـان سـاڵی 2014 شووی کردووە و ماڵی جیای هەبووە، بـەڵام لـە جەژنی ڕەمەزانی سـاڵی 2015دا تـۆراوە و چووەتەوە ماڵی باوکی. لە جەژنی قوربانیـش گەڕاوەتـەوە لای مێردەکـەی، بـەڵام دوای چەنـد ڕۆژێکـی دیکە دیسـان تـۆراوە و گەڕاوەتەوە ماڵی باوکی، دواتریش دۆسیەکەیان چووەتە دادگا و لە حوزەیرانی 2016 لە مێردەکەی جیابووەتەوە".

سـەبارەت بە هۆکاری جیابوونەوەکەش، سـەرچاوەکە گوتی "مێردی میدیا دەیگوت پێکـەوە ناگونجێیـن، بۆیـە جیابووینەوە. بـەڵام میدیـا دوای جیابوونەوەکـە زۆر خەفەتی دەخوارد".

بەگوتـەی ئـەو سـەرچاوەیە، لـە کاتـی ڕووداوەکـەدا خێزانەکـەی لە ماڵـەوە بوون. میدیـا لەناکاو چووەتە تەوالێتی ماڵەکەیان و خۆی سووتاندووە. سەرچاوەکە گوتی "چەند ڕۆژێک پێش خۆسـووتاندنی، لای خوشکێکی گوتبـووی جام کە پڕ بوو لێی دەڕژێ، پێش مردنیشـی لـە نەخۆشـخانە گوتوویەتی دڵم تەقی و تەحەمولم نەما".

ئـەو سـەرچاوەیە پێیوایـە تاکـە هـۆکاری خۆسـووتاندنی، تەنیـا جیابوونـەوەی بووە لە هاوژینەکـەی، بـەڵام تاوەکـو ئێسـتا نازانرێ بۆچی جیابوونەتەوە.

خۆسـووتاندنی میدیا لە دەڤەری گەرمیان لـە کاتێکدایـە ڕۆژی 2016/11/7 ژنێکـی دیکەی تەمەن 26 ساڵ کە شووی بە ئامۆزای خۆی کردبوو، لە گەرماوی ماڵەکەیاندا ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و ڕۆژی 2016/12/5 لە نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی سلێمانی گیانی دەرچـوو، پێشـتر براکـەی بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندبـوو، بەهۆی کێشـەی لەگەڵ مێرد و خەزووری، خۆی سووتاند.

# کەرکووک.. سکاڵای ژنان ڕووی لە هەڵکشانە

ڕووداو- کەرکووک

ئامارەکانی بەشی پاراستنی خێزان و منداڵ لـە کەرکـووک وا دەردەخەن کـە تۆمارکردنی سـکاڵا لەلایـەن ژنانەوە لـە دژی مێردەکانیان بـەرەو هەڵکشـان چـووە، ئەمـەش بووەتـە مایەی خۆشـحاڵیی بەرپرسـان لـە کەرکووک کە پێیانوایە ئاماژەیەکە بۆ هۆشـیاربوونەوەی ژنان.

بەپێی ئاماری بەشـی پاراسـتنی خێزان لە توندوتیژیی سـەر بە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسـی کەرکووک کە دراوەتە (ڕووداو)، لە سـەرەتای سـاڵی 2016 تاوەکـو 25ی دیسـەمبەر، 334 سکاڵا لەلایەن ژن و پیاو لە دژی یەکدی تۆمار کراون و 264 سکاڵا یەکلایی بوونەتەوە. بەپێی ئاماری هەمان بەش، لە سـاڵی 2015دا، 209 سکاڵا تۆمار کرابوون.

لـەو سـکاڵایانەی تۆمار کـراون، 80%یان ژن لـە دژی پیـاو، 10%یان پیـاو لە دژی ژن و 10%ی دیکەشـیان منـداڵان لـەدژی باوکیان تۆماریان کردووە.

### ناپاکی.. هۆکاری سەرەکیی سکاڵاکانە

هەرچەندە ئامارەکان ئاماژە بە بەرزبوونەوەی ژمـارەی سـکاڵاکان دەکەن، بـەڵام پێدەچێت بەرپرسـانی ئـەو بەشـە بـەو بەرزبوونەوەیـە دڵخۆش بن، سـەرچاوەیەک لەو بەشە هۆکاری بەرزبوونـەوەی ئامارەکانـی بـۆ ئاشـنابوونی خەڵـک بە کاری بەشـەکەیان گەڕاندووە کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان ڕووی تێدەکەن.

سەبارەت بە هۆکارەکانی تۆمارکردنی سکاڵا، ئەو سەرچاوەیە گوتی "50%ی ئەو سکاڵایانەی سـاڵی ڕابـردوو تۆمارکـراون، پەیوەندییان بە ناپاکیی هاوژینییەوە هەبووە. ئەوانەی دیکەش پەیوەندییـان بە دۆخی ئابوورییـەوە هەیە کە پیاو خەرجی خێزانەکەی نەکردووە".

### لەژێر هەڕەشەدا خواستی

سەرچاوەکە باسـی سکاڵای ژن و پیاوێک دەکات لـە دژی یەکـدی و دەڵێت "ئەو پیاوە پێشـتر هاتوچـۆی بـەو ژنـە کـردووە، لەو ڕێگەیەوە یەکدییان ناسیوە و چەند جارێکیش لەگـەڵ یەکـدی خەوتـوون. دواتـر کچەکـە پەردەی کچێنی لە دەسـتداوە و یەخەی ئەو پیاوەی گرتووە، بەڵام ئەو حاشای لێکردووە. کەسـوکاری کچەکە لەژێر هەڕەشەدا کچەیان لێ مارە کردووە".

کێشـەی ئـەو ژن و پیـاوە هـەر لێـرە کۆتایـی نایـەت، وەک سـەرچاوەکە گوتـی "ئـەوان دوای ئەوەی زەماوەندیـان کردووە، لەگـەڵ ماڵـی باوکـی کوڕەکە ژیـاون، بەڵام ژنەکـە لەگەڵ ماڵـی خـەزووری نەگونجاوە، ماڵی خەزووریشـی قبووڵیـان نەکردووە ماڵ جیابکەنـەوە، لەوەوە کێشـە لەنێـوان ژن و پیاوەکە دروسـت بووە و پیاوەکە توندوتیژی بەرامبـەر ژنەکـەی بەکارهێنـاوە و ژنەکەش سـکاڵای لە دژی تۆمار کردووە و مێردەکەی گیـراوە، دواتر پیاوەکە ئازاد کراوە، دیسـان هـەر لەسـەر مـاڵ جیاکردنـەوە، ژنەکـە لە پیاوەکەی داوە، ئەمجارەیان پیاوەکە شکاتی لە ژنەکەی کردووە".

### باوکی خستە زیندانەوە

لـە سـەرەتای ئەمسـاڵدا کچـە کوردێکـی خەڵکـی کەرکوک بـە تۆمەتی دەسـتدرێژی، باوکـی خسـتە زینـدان، پێشـتریش (ڕووداو) بەدواداچوونـی بۆ دۆسـیەکە کردبـوو، بەپێی ڕاپۆرتـی پزیشـکی دەرکەوتبـوو ئـەو کچـە دەسـتدرێژیی نەکراوەتە سـەر، بەڵام تائێستا دۆسیەکە بە کراوەیی لەو بەشە ماوەتەوە.

سـەرچاوەکە گوتی "ئەو کەیسـە هەر ماوە و باوکەکـەش هەر لـە زیندانە. بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی، کچەکە دەستدرێژیی نەکراوەتە سەر، بۆیە باوکەکە بێتاوانە و ڕەنگە ئازاد بکرێ".

هەر لە ماوەی ئەمساڵدا لە شاری کەرکووک بەکارهێنانی توندوتیژی لەدژی کوڕێکی دیکەی مێرمنداڵ لەلایەن باوک و زڕدایکییەوە ئاشـکرا بـوو، دوای ماوەیەک مانـەوەی منداڵەکەش لە نەخۆشـخانە، گیانی لەدەستدا و ڕووداوەکەش کاردانـەوەی گـەورەی لێکەوتەوە، ئێسـتا ئەو کەیسە لەو بەشە لێکۆڵینەوەی تێدا دەکرێت.

جوان حەسـەن، سـەرۆکی لیژنەی خێزان و منـداڵ لـە ئەنجوومەنی پارێـزگای کەرکوک، لەلایەک نیگەرانە لـە بەرزبوونەوەی ئامارەکان لەبەرئـەوەی نیشـانەی بەردەوامبوونـی توندوتیژییـە لە دژی ژنان، بەڵام دڵخۆشیشـە بەوەی ژنان هۆشیار بوونەتەوە و بۆ چارەسەری کێشەکان پەنا بۆ یاسا دەبەن.

جـوان گوتـی "ئـەو ئامـارە دەریدەخـات متمانە لە نێوان ژنان و یاسـادا دروسـت بووە، کاتێـک توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت، لەبری خۆکوشتن یان تۆڵەکردنەوە لە بەرامبەرەکەیان، پەنا بۆ یاسا دەبەن".



### بۆ ژنان گونجاو نییە

شوێنی بەشی پاراسـتنی خێزان و منداڵ لە کەرکووک لەگەڵ 15 فەرمانگـەی ئەمنـی لـە نێو یـەک باڵەخانەدان کـە ئەویش باڵەخانـەی پێشـووی بەڕێوەبەرایەتیـی پۆلیسـی کەرکووکە. جوان حەسەن، سـەرۆکی لیژنەی خێزان و منداڵ لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، پێیوایە ئەو شوێنە گونجاو نییە بۆ ئەو بەشە. "شوێنی ئەو بەشە بۆ تۆمارکردنی سکاڵا لەلایەن ژنەوە گونجاو نییـە، لەبەرئەوەی لەگەڵ فەرمانگەی دیکـە تێکەڵن و زۆرجار بە ئەستەم دەدۆزرێتەوە".

گوتیشـی "جگە لەوە بەشەکە پێویسـتی بە دامەزراندنی توێژەری کۆمەڵایەتی زیاترە، تاوەکو بتوانن باشـتر لە سکاڵاکان تێبگەن و چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە".



# دوو پارچە زەوی ژیانی شێواندن

پشتیوان جەمال

ڕووداو- سلێمانی

سـەیران بەهۆی شـووکردنەوە نەیتوانی خوێنـدن تەواو بکات، لە ژیانی خێزانیشـدا هیچ کێشـەی نەبوو، بگرە زۆریش بەختەوەر بـوو، بـەڵام کڕینـی دوو پارچـە زەوی، سـەرتاپای ژیانـی گۆڕی. ئەو ژنە سـکاڵای لەسـەر مێردەکەی تۆمار کـردووە و دەڵێت شـەش سـاڵە لێی دەدات بۆیە دەیەوێ لێی جیاببێتەوە.

سـەیران، ناوی خوازراوی ئـەو ژنەیە کە تەمەنی نزیکەی 40 سـاڵە و سـاڵی 1989 شـووی کـردووە. ئـەوان خاوەنـی خانووی خۆیان بوون کە بەنێوی مێردەکەیەتی، بەڵام بەگوتـەی ژنەکـە، دوای کڕینـی دوو پارچە زەوی، لەگـەڵ مێردەکـەی تووشـی کێشـە هاتـوون و بۆ ماوەی نزیکەی شـەش سـاڵ ژیانێکی پڕ لە توندوتیژیی بەسەر بردووە.

ئەشـواق نەجیب، پارێزەر لـە ڕێکخراوی هاریکاریـی یاسـایی ژنـان بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد، لـە سـەرەتای ئەمسـاڵدا دۆسـیەی ئـەو ژنەیـان لـە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیژیی خێزانییەوە بۆ هاتووە بە مەبەسـتی دابینکردنی پارێزەر بۆی و ئەویش ئەرکەکەی لەئەستۆ گرتووە.

ئەشـواق گوتـی "بـە قسـەی ژنەکـە، مێردەکـەی نزیکـەی شـەش سـاڵ توندوتیژیـی بەرامبـەر کـردووە و بەهـۆی لێدانەکانی مێردییـەوە، چەندینجار چووەتە نەخۆشـخانە، دوایـین جاریـش بەهـۆی لێدانەوە دەسـتی شکاوە، کاتێک چووەتەوە نەخۆشـخانە، باری دەروونیـی باش نەبووە و نـاوی مێردەکـەی بـردووە، هەربۆیـە مێردەکـەی چەنـد ڕۆژێک دەسـتگیرکراوە، ڕاپۆرتـی پزیشـکی بۆ پشتڕاسـتکردنەوەی ئەو توندوتیژییانەش هەیە".

بـە قسـەی ئەشـواق، کاتێـک ئـەو ژنە شـووی بەو پیاوە کردووە، هێشـتا منداڵکار بـووە و مێردەکەی بەڵێنی ژیانێکی خۆشـی پێـداوە، بۆیە ئەویش لە پێناوی شـووکردن دەستبەرداری خوێندنەکەی بووە.

ئەشـواق گوتـی "لـە ناوەڕاسـتی دوو هـەزارەکان ئەو کاتەی موڵـک هەرزان بوو، ئەو ژنە ئاڵتوونەکانی خۆی فرۆشتووە و بەو پارانەشـی کە پێشـتر مێردەکەی پێیداوە و بڕێکیشی لە ماڵی باوکی وەرگرتووە، پارچە زەوییەکی کڕیوە و بە ڕەزامەندیی مێردەکەی بەنـاوی خۆیـەوەی کـردووە، دواتـر نرخی زەوییەکـە بـەرز بووەتەوە، فرۆشـتوویەتی و دوو پارچـە زەوی پـێ کڕیـوە، یەکێکیان کشـتوکاڵی و ئەوەی دیکەش نیشتەجێبوون و بەناوی خۆیەوەی کردوون".

مێردەکـەی چـاو دەبڕێتـە زەوییەکان و داوای لێدەکات بەناویان بکات. ئەشواق گوتی "ژنەکە دەیگوت پیاوەکەی داوای کردووە ئەو دوو زەوییـەی بەناوەوە بکـەم، منیش ڕازی نەبـووم، بۆیە بەردەوام توندوتیژی بەرامبەر بەکارهێناوم".

کەسـوکاری ژنەکـە ئـاگاداری دۆخـی کچەکەیـان بـوون، تەنانـەت دایکـی داوای لێکـردووە جیاببێتـەوە، بـەڵام سـەیران گوتوویەتـی لەبـەر منداڵەکانـی ناتوانێ دەستبەرداری مێردەکەی ببێ.

ئەشـواق بۆ ئەو مەبەسـتە لەگەڵ مێردی ژنەکەش دانیشـتووە و گوتی "سـەرەتا ئەو پیـاوە دایکـی ژنەکـەی تۆمەتبـار دەکـرد بـەوەی لە دژی ئەو، هانی کچەکەی دەدات، دەشـیگوت ژنەکـەم خۆشـدەوێت، بـەڵام زۆرجار تووڕەم دەکات".

ئەشـواق بۆ جـاری دووەمیش لەگەڵ ئەو پیـاوە دانیشـتووە و پێیگوتـووە کـە ئـەو خێزانـە دەناسـێت و بێدەنگـن، ئـەو گوتی "ئەمجارە کەمێک ڕوخسـاری گـۆڕا و گوتی کوڕێک خەڵەتاندوویەتـی و گوتوویەتی دوو موڵکی باشـت هەیە واز لە مێردەکەت بێنە، بۆیـە دەمەوێت موڵکـەکان بخەمەوە سـەر خـۆم"، بەڵام ئەشـواق دەڵێـت "دڵنیا بووم کە ئەو قسـەیەی ڕاسـت نییە و ژنەکەشـی ڕەتیکردەوە".

وەکـو ئەشـواق ئامـاژەی بۆ کـرد، لە مانگـی نیسـانی ڕابـردووەوە ژنەکـە لـە ماڵـی باوکیەتـی و مێردەکـەی ناهێڵێـت منداڵەکانیشـی ببینێـت. ناوبـراو گوتـی "پیاوەکە لە مانگـی ئابی ڕابردوو لە دادگا داوای موڵکەکانـی لـە ژنەکـەی کـردەوە، بەڵام داواکەی ڕەتکرایەوە، ئێستاش داوای نزیکـەی 200 ملیـۆن دینـاری لێـدەکات لەبەرئـەوەی بە قسـەی خۆی، بـە پارەی ئـەو، کڕیونـی. ژنەکـەش لە ناوەڕاسـتی سـاڵی ڕابـردوو، داوای جیابوونـەوەی لـە مێردەکـەی کـردووە و دادگاش داواکـەی ڕەتکردووەتـەوە، بەڵام ئێسـتا بە تۆمەتی لێـدان داوای کردووەتەوە، لەو مانگەشـدا دانیشـتنی دادگایـە، بـەڵام مێردەکـەی ڕەتیدەکاتەوە تەڵاقی بدات".

لـە کاتێکدا پیاوەکە تەڵاقی نادات، داوای 200 ملیۆنیشـی لێدەکات. پارێزەری ژنەکە گوتی "بـە پیاوەکەم گـوت ژنەکەت دەوێت یـان موڵکـەکان؟ دەیگـوت ژنەکـەم تەڵاق نـادەم، بەڵام ناشـمەوێت ئـەو دوو زەوییە بەناوییەوە بێت، چونکە لەخۆی بایی بووە".



## هاووڵاتییەک هەوڵی خۆکوشتن دەدات

رووداو- هەولێر

رائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند، کاژێر 4:30 خولەکی رۆژی 2017/1/1، هاووڵاتییەکی شاری هەولێر بەنێوی (ب.ت.م) لەبەردەم بازاڕی فامیلی مۆڵی شاری هەولێر و لەسەر پردی پەڕینەوەی ئەو مۆڵە بە مەبەستی خۆکوشتن خۆی هەڵدابووە خوارەوە، بەڵام نەمردووە و دەستبەجێ پۆلیسی فریاکەوتن گەیشتنە شوێنی مەبەست و لەگەڵ لیژنەی تەندروستی، فریاگوزاریی سەرەتاییان بۆ کرد و گواسترایەوە بۆ نەخۆشخانە. بەگوتەی باوکیشی، ئەو هاووڵاتییە جارێکی دیکەش هەوڵی خۆکوشتنی داوە، بەڵام توانراوە رزگار بکرێت.

## ساڵی رابردوو توندوتیژی بەرامبەر 583 پیاو کراوە

# هەشت پیاو لە ساڵی رابردوودا بەدەستی ژنەکانیان کوژراون

پشتیوان جەمال
رووداو- سلێمانی

لە ساڵی رابردوودا 583 حاڵەتی توندوتیژی لەلایەن ژنانەوە بەرامبەر پیاوان تۆمار کراون، هەشت پیاویش لەلایەن ژنەکانیانەوە بەهاوکاریی کەسانی دیکە کوژراون.

یەکێتی پیاوانی کوردستان ساڵی 2008 وەکو تاکە رێکخراو لە هەرێمی کوردستان بۆ داکۆکیکردن لە پیاوان دامەزراوە. ساڵانە ئاماری ئەو توندوتیژیانە کۆدەکاتەوە کە ژنان بەرامبەر پیاوانی دەکەن.

### توندوتیژی زیادی کردووە

بەپێی ئاماری یەکێتی پیاوان کە کۆپییەکی دراوەتە (رووداو)، لە سەرەتای ساڵی رابردووەوە تاوەکو کۆتایی ساڵەکە 583 سکاڵا و توندوتیژی لەلایەن ژنەوە بەرامبەر پیاوان تۆمار کراون، بەڵام ئەو ژمارەیە لە ساڵی 2015دا 526 حاڵەت بووە.

لەو توندوتیژیانەی ساڵی رابردوو یەکێتییەکە تۆماری کردوون، 231 حاڵەتی دەستبەرداگرتنی منداڵ لەلایەن ژنەوە هەبووە، ئەویش دوای جیابوونەوە. هەروەها 182 حاڵەتی دەستوەردانی کەسوکار لە ژیانی خێزان. 56 حاڵەتی ناپاکیی هاوژینی، 48 حاڵەتی گوشاری دەروونی و توندوتیژیی سێکسی، 36 حاڵەتی دەرکردنی پیاوان لە ماڵەوە، 17 حاڵەتی دەستبەرداگرتنی مووچە، 13 حاڵەتی جەستەیی هەبووە.

بورهان عەلی، سکرتێری یەکێتیی پیاوانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند، هۆکارەکانی خۆکوشتن و زیادبوونی توندوتیژییەکان، زۆربەی بەهۆی قەیرانی داراییەوەیە، کاتێک پیاو ئیفلاسی کردووە، لەلایەن ژنەکەیەوە شکێندراوەتەوە، یان توندوتیژیی بەرامبەر کراوە، بۆیە هەندێک لەو پیاوانە پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن.

بەڵام مەرزیە عومەر، توێژەری کۆمەڵایەتی گوتی "ئێستا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە بەتایبەتیش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دراما دۆبلاژکراوەکانەوە، ژنانیش چاوکراوەتر بوون و داوای مافەکانیان دەکەن، زۆرجاریش بەو هۆیەوە توندوتیژی بەرامبەر پیاوان بەکاردێنن".

### بە دار و ماسیحە لێیان داوە

بورهان باسی چەند پیاوێکی کرد کە ساڵی رابردوو لەلایەن خێزان و منداڵەکانیانەوە توندوتیژییان بەرامبەر کراوە. یەکێک لەو پیاوانە رۆژانە لەلایەن ژن و کچەکانییەوە توندوتیژیی بەرامبەر کراوە و گوتی "ئەو پیاوە کاری بیناسازیی دەکرد، بەهۆی کەوتنەخوارەوەی لە کاتی کارکردن، کەمئەندام بووە، ژن و کچەکانی بە دار و ماسیحە لێیان داوە و سەر و قاچیان شکاندووە، بەڵام بەهۆی دابونەریتەوە سکاڵا تۆمار ناکات".

بە گوتەی بورهان فەرەج، پیاوێکی بەساڵاچوو تەنیا لەبەرئەوەی موڵکی هەیە و نایەوێت بە ناوی خێزان و منداڵەکانییەوەی بکات، توندوتیژییان بەرامبەر کردووە، چونکە لەوە دەترسێ ئەگەر موڵکەکانی بەناوی ئەوان بکات، لە ماڵ دەریبکەن.

### 70 پیاو لە ساڵی رابردوودا خۆیان کوشتووە

### 70 پیاو خۆیان کوشتووە

هەرچەندە ساڵی رابردوو بەپێی ئەو هەواڵانەی لە میدیاکانەوە بڵاودەکرانەوە، ئاماژە بە زۆربوونی خۆکوشتنی نێرینە دەکرا، بەڵام بەپێی ئامارەکانی ئەو رێکخراوە، لە 2016دا 70 کەس لە رەگەزی نێر خۆیان کوشتووە کە زۆربەیان گەنجن (22 لە پارێزگای هەولێر، 19 لە سلێمانی، 14 لە کەرکووک، 9 لە دهۆک، 6 لە هەڵەبجە).

بورهان فەرەج گوتی، حاڵەتەکانی خۆکوشتن لەوە زیاترن، بەڵام لای ئەوان تەنیا ئەو 70 حاڵەتە تۆمارکراوە.

ئاری کەمال، توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێت بە لەبەرچاو گرتنی ئەو قەیرانە سەختەی رووبەڕووی کوردستان بووەتەوە و بوونی ئەو ژمارە زۆرەی چەک لە ماڵاندا، ئەو ئامارەی خۆکوشتن زۆر نییە.

بەپێی بەدواداچوونی (رووداو)، لە 2016دا چەند تاوانێکی خۆکوشتن دەنگدانەوەی زۆریان لەنێو خەڵکدا هەبووە، لەوانەش خۆکوشتنی بازرگانێک لە هەولێر بەهۆی قەرزدارییەوە. خۆکوشتنی پیاوێکی تەمەن 80 ساڵ لە شاری سلێمانی و هەوڵدانی دوو هاوڕێ بۆ خۆکوشتن کە یەکێکیان مرد و ئەوەی دووەم لە ژیاندا مایەوە. هەروەها خۆسووتاندنی مامۆستایەکی ئاینی لە شاری سلێمانی و خۆکوشتنی پیاوێک لە سنووری پارێزگای هەولێر کە لە چلەی مەرگی ژنەکەیدا خۆی کوشت.

### رۆژانە نزیکەی سێ پیاو دەکوژرێن

تائێستا هیچ لایەنێکی ئەمنی لە هەرێمی کوردستان ئاماری کوشتنی پیاوانی بڵاونەکردووەتەوە. ئەو رێکخراوەش ئاماری کوشتنی پیاوان تۆمار ناکەن، بەڵام وەکو بورهان عەلی گوتی "بەپێی زانیاریمان رۆژانە یەک تاوەکو سێ پیاو بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە دەکوژرێن".

لە هاوینی ساڵی رابردوودا لە شارۆچکەی کۆیە، دوو پیاوی خانەنشین کە تەمەنیان 50 ساڵ و 59 ساڵ بوو، لەلایەن مێرمنداڵێکەوە بە چەقۆ کوژران ئەوەش دەنگدانەوەی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا. هەروەها مانگی رابردوو شوفێرێکی تاکسی لەلایەن هاوڕێیەکی خۆیەوە کە تەمەنی 15 ساڵ بوو، کوژرا و سووتێنرا.

ئاری کەمال، توێژەری کۆمەڵایەتی گوتی "بەگشتی کوشتن زیاد بووە و ئەو حاڵەتانەش بەزۆری بەهۆی کێشەی ئابوورییەوەیە کە زۆرجار کێشەی کۆمەڵایەتی لێکەوتووەتەوە".

### تاوانی کوشتن لە نێو خێزاندا

هەر لە تاوانەکانی کوشتنی پیاواندا لە ساڵی رابردوو، شەش برا لەلایەن براکانیانەوە بەهۆی کێشەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتییەوە کوژراون. سێ باوکیش لەلایەن کوڕەکانیانەوە کوژراون.

هەر لەماوەی ساڵی رابردوودا لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی، چەند رووداوێکی کوشتنی کەسانی نزیک روویاندا لەوانە، کوشتنی خوشکەزا لەلایەن خاڵ، کوشتنی خاڵ لەلایەن خوشکەزا. کوشتنی ئامۆزا و پوورزای یەکدی و زاوا لەلایەن ژنبراوە.



### ژنانی تووشی شۆک کردووە

بەپێی ئامارەکانی یەکێتی پیاوان، لە ساڵی رابردوودا هەشت پیاو لەلایەن ژنانەوە کوژراون، لەکاتێکدا لە ساڵی 2015دا شەش پیاو بە دەستی ژنان کوژراون.

کوشتنی نەقیب رامیار عەبدولسەمیع لە شاری کۆیە لەلایەن ژنەکەیەوە و بە هاوکاریی خۆشەویستەکەی و دواتریش سووتاندنی، یەکێک بوو لە رووداوە کاریگەرەکانی ساڵی رابردوو. مەرزیە عومەر، توێژەری کۆمەڵایەتی ئەو ئامارەی بەلاوە زۆرە و گوتی "لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگەی ئێمە ژن بە مرۆڤێکی بەسۆز ناسراوە و کەمتر پەنا بۆ کوشتن دەبات. بۆیە کوشتنی هەشت پیاو زۆرە و کاتێک هەواڵی لەو جۆرە دەبیستین شۆک دەبین".

# پیاوێکی تەمەن 64 ساڵ خۆی دەسووتێنێ

رووداو- هەولێر

جەرجیس بە تەواوی گۆشەگیر ببوو، لە ماڵ نەدەهاتە دەرەوە، شەو و رۆژی بە چا خواردنەوە و جگەرەکێشان بەسەر دەبرد، ئەو گۆشەگیرییەی سەری کێشا بۆ خۆڵەناوبردن. لەو شوقەیەی تێیدا دەژیا ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و بەهۆیەوە مرد.

شەوی 2016/12/27 پیاوێکی تەمەن 64 ساڵ بەناوی جەرجیس حەوێز، دانیشتووی شوقەکانی هانا ستی لە شاری هەولێر، لەنێو هۆڵی باڵەخانەی شوقەکەیاندا ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا، هەر دوای رووداوەکە تیمەکانی کوژاندنەوەی ئاگر گەیشتنە شوێنی رووداوەکە و ئاگرەکەیان کۆنترۆڵ کرد، بەڵام بەهۆی زۆریی رێژەی سووتانەکەیەوە گیانی دەرچوو.

هۆگرعەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند کەسوکارەکەی دەڵێن ئەو پیاوە ماوەیەکە تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە، هەر بەو هۆیەشەوە خۆی سووتاندووە.

جەرجیس ساڵی 1978 ژنی هێناوە، بەڵام هاوژینەکەی منداڵی نەبووە، بۆیە منداڵێکیان هەڵگرتووەتەوە و نزیکەی 25 ساڵە بەخێوی دەکەن. جەرجیس تاوەکو دوو ساڵ لەمەوبەر کەسێکی خاوەنکار بووە و لە ناوچەی پیشەسازیی باکوور لە شاری هەولێر، تەعدیلچی بووە.

جەلال حەوێز، برای جەرجیس دوو رۆژ دوای خۆسووتاندنی براکەی بە (رووداو)ی راگەیاند کە براکەی نەخۆشیی دەروونی هەبووە، دایکیشیان کە مردووە، هەمان نەخۆشیی هەبووە.

جەلال گوتی "ماوەی ساڵێک بوو نەدەهاتە دەرەوە، رۆژانە تەنیا چای دەخواردەوە و جگەرەی دەکێشا، رۆژی وا هەبوو پێنج پاکەت جگەرەی دەکێشا".

جەلال گوتیشی "نەخۆشییەکەی بەو شێوەیە بوو ئەگەر بە شتێکەوە بیگرتایە، ئیتر هەمان قسەی دووبارە دەکردەوە. بردمانە لای پزیشکی دەروونی و دەرمانیشی بۆ نووسی و بەکاری دەهێنا".

جەلال گوتی کە پێش خۆسووتاندنیشی باسی خۆسووتاندنی کردبوو، بەڵام بەجدییان وەرنەگرتووە و لەو باوەڕەدا نەبوون خۆی بسووتێنێ".

شەوی رووداوەکەش کوڕەکەیان لە دەرەوە خەریکی کارکردن بووە، ژنەکەی نوێژی خەوتنانی کردووە و لە ژوورەوە بووە، کاتێک هاتووەتە دەرەوە بینیویەتی مێردەکەی لە هۆڵەکەیاندا ئاگری لێ بەرز دەبێتەوە. دراوسێکانی بە پەلە بە هانایەوە چوون، پۆلیسی بەرگریی شارستانیش لێیان نزیک بووە، بە پەلە گەیشتوونەتە ئەوێ و ئاگرەکەیان کۆنترۆڵ کردووە.

سەرچاوەیەکی ئەمنی بە (رووداو)ی گوت "ئەو پیاوە دەبەیەک نەوتی بە خۆیدا کردووە و خۆی سووتاندووە. بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانیش کە لە خزمەکانییەوە دەستکەوتوون، نەخۆشیی دەروونی هەبووە و بە کەسوکاریشی گوتووە لە ژیان بێزارە و خۆی دەسووتێنێ، چاوەڕێین دوای پرسەکە راپۆرتی پزیشکی بۆ پۆلیس بهێنن".



"جەرجیس حەوێز، رۆژانە 5 پاکەت جگەرەی دەکێشا"



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## مۆبایل و ناپاکیی هاوژینی

ژنێک دەڵێت لە تەنیشت مێردەکەم دانیشتبووم، نامەیەک بۆ مۆبایلەکەم هات نووسیبووی تەلەفۆنم بۆ بکە، بەڵام پێش ئەوەی تەلەفۆنی بۆ بکەم، یان مێردەکەم دڵنیا بێتەوە کە ئەوە کەسێکی بێزارکەرە، بڕیاری خۆی دا و گوتی ناپاکییت لێکردووم.

ژنێکی دیکە دەڵێت، مێردەکەم بەردەوام سەری شۆڕ کردبووەوە سەر مۆبایلەکەی، کاتێک مۆبایلەکەی کەوتە دەستم، بینیم چەندین وێنەی نەشیاوی ئەو ئافرەتانەی تێدایە کە پەیوەندییان لەگەڵ مێردەکەم هەیە. بۆیە داوای جیابوونەوەم کرد.

ژنێکی دیکە گرفتاری دەردی خۆیەتی، مێردەکەی تاوەکو درەنگانی شەو سەرقاڵی چاتکردنە. دەڵێت "من هیچ لە فەیسبوک نازانم، بەڵام ئەوەندە دەزانم مێردەکەم منی بە قوربانی فەیسبووک کردووە، بۆیە چیدی بەرگە ناگرم و جیادەبمەوە".

پیاوێک بەدەست ساردوسڕیی ژنەکەیەوە گیرۆدە بووە، بۆیە دەڵێت کاتێک ئامێرێکی ریکۆردم لەنێو ئۆتۆمبێلەکەی دانا، دەرکەوت کە پەیوەندی لەگەڵ کەسێک هەیە. هەرچەندە قسەکانیان لە چوارچێوەی هاوڕێیەتییە و هێڵی سووری نەبەزاندووە، بەڵام چیدی بەرگەی ساردوسڕیی ژنەکەم ناگرم، دەمەوێ تەڵاقی بدەم.

ئەو چەند کێشەیەی سەرەوە مشتێکن لە خەرواری کێشە کۆمەڵایەتییەکانی رۆژگاری ئەمڕۆ کە سەرچاوەکەیان ئامێرەکانی گەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکان وئەوداتایانەی کە لە دادگاکاندا لەبەردەستدان، زۆربەی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆ بەهۆی مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوەیە، زۆربەی ناپاکی هاوژینیش هەر لەو رێگەیەوە دەکرێ. ناپاکییەکەش بە پلەی یەک لەلایەن پیاوانەوە دەکرێ، چونکە ژنان بەهۆی سەرقاڵییان بە کاری دەرەوە و ماڵ و منداڵ، زۆر ناپەرژێنە سەر بەکارهێنانی ئامێرەکانی گەیاندن، پیاوانیش زیاتر لە ژنان دەستبەتاڵترن، بەتایبەتی بەهۆی قەیرانی داراییەوە رێژەی بێکاری هەڵکشاوە.

جاران ناپاکیی هاوژینی زۆرتر ئەوە بوو کە ژن و پیاو پێکەوە بەچاو ببینرێن، بەڵام ئامێرەکانی گەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، تێڕوانینی خەڵکی بۆ ناپاکیی هاوژینی گۆڕیوە. مەرج نییە هەموو قسەکردنێک و پەیوەندییەک لە رێگەی مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵاتییەکان لەگەڵ رەگەزی بەرامبەر خیانەت بێ، رەنگە زۆرجار تەنیا وەکو دوو هاوڕێ قسە لەگەڵ یەکدی بکەن، بەڵام زۆر کەس ئەوە بە خیانەت و ناپاکی دەزانێ و لە هاوژینەکەی جیادەبێتەوە.

ئەگەر بۆ یاسا بگەڕێینەوە، یاسایەکی تایبەت هەیە بە ناوی یاسای ژمارە (6)ی ساڵی 2008 ، یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستان. کاتێک کێشەکان دەبێتە سکاڵا، ئەوا بەپێی ئەم یاسایە بەدواداچوون بۆ سکاڵاکە دەکرێ، بەڵام لایەنەکان بڕوایان بەمە نییە کەوا لایەنەکان تەنیا بە خراپی مۆبایل یان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان بەکارهێنابێ ، بەڵکو ئەو نامە و قسانەی بە چات و دەنگ کردوویانە بە ناپاکی هەژماری دەکەن و داوای جیابوونەوە دەکەن.

بەڵام مادده 377 لە یاسای سزادانی عێراقی ناپاکیی هاوژینی روونکردووەتەوە و دەڵێت "بە گرتن سزا دەدرێت ژنی زیناکار و ئەوەی زینای لەگەڵ کردووە". بۆیە هەموو قسە و گفتوگۆیەک ناچێتە خانەی ناپاکییەوە.

* بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر

ڕووداو
ژمارە (439) - دووشەممە 2017/1/2

## 1500 خێزانی دەشتی نەینەوا کۆچیان کردووە

ڕووداو – دهۆک

قەشە خوری فلیب، بەرپرسی ئاوارە کریستیانەکان لە سنووری پارێزگای دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ساڵی ڕابردوو 1500 خێزانی کریسیتیانی دەشتی نەینەوا کۆچیان کردووە بۆ وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا. ئەو قەشەیە زانیاری زیاتر لەبارەی ئاوارە کریستیانەکانی دەشتی نەینەوا ئاشکرا کرد و گوتی "نزیکەی 5 هەزار خێزانی کریستیانی دەشتی نەینەوا ئاوارەن و لە ناوچەکانی سەر بە پارێزگایی دهۆک دەژین، بەڵام لە ساڵی 2016 زۆرترین کریستیانی دەشتی نەینەوا کۆچیان کردووە کە 1500 خێزان بووە". زۆربەی مەسیحیەکانی دەشتی نەینەوا لە قەزای تلکێف نیشتەجێن کە هێشتا لە ژێر کۆنترۆڵی چەکدارانی داعش دایە.



### کاری کۆچبەرێکی کوردە

# فیلمێکی دۆکیومێنتاری تۆڕەکانی بازرگانی بە کۆچبەرانەوە ئاشکرا دەکات



ڕووداو– هێلسنکی

ماوەیەکی زۆری پێچوو تا ڕێگەی قاچاخی بڕی و لەگەڵ خێزانەکەی گەیشتنە سوێد، لەوێش هەرچەندە ژیانێکی تاراددەیەک ئارامیان هەبووە، بەڵام لەوێش ئۆقرەیان نەگرت و بە دەردەسەرییەکی زۆرەوە گەیشتنە فینلاند. ئەوەندەی نەبرد سانا بووە جێی باسی میدیاکان و ئێستا فینلاندییەکان شانازیی پێوە دەکەن.

سانا تاهیر، تەمەن 26 ساڵان، لە دایکبووی ڕۆژئاوای کوردستانە، 7 ساڵی تەمەنی لە ڕێگەی کۆچ و بە ئاوارەیی بەسەر بردووە. لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە بۆ هەرێمی کوردستان، پاشان تورکیا و تا گەیشتە سوێد، لەوێش دوای مانەوەی ساڵێک بێ وەڵام، گەیشتە فینلاند و ئێستا لە باکووری ئەو وڵاتە دەژی.

سانا ئێستا خەریکی کارێکە کە بەهۆیەوە وەک پاڵەوانی ڕێگەی کۆچ باس دەکرێت و وەک خۆیشی دەڵێت، کڕیاری سەدان هەزار یۆرۆ بۆ کارە دۆکیۆمێنتارییەکەی هەیە.

#### چەند جارێک ئاوارە بوون

چیرۆکی نەهامەتی و ناخۆشیی ئەم کچە کوردە لەو ڕۆژەوە دەستپێدەکات کە بەهۆی شەڕی ناوخۆی سووریاوە، ئاوارەی هەرێمی کوردستان بووە، پاشان دەگەڕێتەوە زێدی خۆی "پێمانوابوو ڕزگارمان بووە و سەرفراز دەبین، نەمانزانی ژیانێکی خراپتر چاوەڕێمان دەکات".

دوای چەند مانگێک لە کشانەوەی زۆربەی دەزگاکانی سەر بە ڕژێمەکەی ئەسەد لە ڕۆژئاوای کوردستان، سانا لەگەڵ خێزانەکەی دەگەڕێتەوە ڕۆژئاوای کوردستان، بەڵام کەسێکی نزیکی لە ڕووداوێکی تەمومژاویدا لە عاموودە دەکوژرێ و ناچار دووبارە ئاوارەی هەرێمی کوردستان دەبنەوە. بە گوتەی خۆی، ژیانیان لە هەرێمی کوردستان زۆر باشتر نەبووە لەوەی ڕۆژئاوای کوردستان "لەوێش لە ڕەوشێکی زۆر خراپدا بووین، بۆیە بە ناچاری ڕوومان کردە تورکیا".

دوای مانەوەیان لە تورکیا و هەوڵدان بۆ کڕینەوەی ڤیزا، ئەوەی هەیانە لە دەستی دەدەن و بە ڕێگەی قاچاخ دەچنە یۆنان، لەوێشەوە بۆ ئیتاڵیا و دوای بڕینی چەند سنوورێکی دیکە دەگەنە سوێد "ساڵێک لە سوێد ماینەوە و چارەنووسمان هیچ دیار نەبوو، بۆیە بە قاچاخ چووینە فینلاند و ئێستا لە باکووری ئەو وڵاتە دەژین".

#### بۆمبێک لە ڕێگای کۆچ

ئەم کچە کوردە ئێستا لە ڕێگەی بەڵگەفیلمێکەوە کە لەبارەی نەهامەتییەکانی منداڵانی کۆچبەر ئامادەی دەکات، بووەتە جێی باسی میدیاکان "ئەگەرچی کامێراکەم لە ئاستێکی پێویست نەبوو، بەڵام بە بەهای سەدان هەزار یۆرۆ گرتەی ڤیدیۆییم پێ تۆمار کردووە". سانا پێیوایە بەڵگە فیلمەکەی "بۆمبێکە و دەتەقێتەوە".

سانا زانیاری زیاتر لەبارەی ناوەڕۆکی دۆکیۆمێنتارییەکەی باس دەکات و دەڵێت "تێیدا باسی هەموو ئەو لایەنانە دەکەم کە دەستیان بە خوێنی ژن و منداڵانی کۆچبەر سوور بووە". سانا ناوی ئەو لایەنانە ئاشکرا دەکات و دەڵێت "گەریلاکانی پەکەکە، کارمەندانی دەزگا ئەمنییەکانی تورکیا، پۆلیسی تورکیا، تەنانەت کارمەندانی باڵیۆزخانەی وڵاتانی ئەورووپی لە ئەنقەرە، ئەمانە هەموویان تۆڕێک بوون و لەگەڵ قاچاخییەکان شەریک بوون". هەروەها دەڵێت "بەڵگەی بازرگانیکردن بەو منداڵانەوە ئاشکرا دەکەم کە بوونە قوربانیی دەستی پۆلیس و کارمەندانی باڵیۆزخانەکان، دواتر مێدیای وڵاتەکانیان بازاڕکارییان بە تەرمی ئەو منداڵانەوە دەکرد".

### سانا تاهیر:

## بەڵگەی بازرگانیکردن بە منداڵانی کۆچبەر ئاشکرا دەکەم

### ستافێکی فیلمەکە:

## کارەکەی سانا بڕیاری نوێ لەبارەی کۆچبەرانەوە بە کاربەدەستانی ئەوروپا دەردەکات

سانا بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە زۆر دیمەنی کارە دۆکیۆمێنتارییەکەی دەگێڕێتەوە "قسە و پێکەنینی ئەو منداڵانەم لایە کە دواتر تەرمەکانیان دۆزرانەوە. بەرپرسانیش کە دەستیان تێیدا هەبوو، دواتر فرمێسکی تیمساحییان بۆ دەڕشتن".

هانا ئیرکی، بەرپرسی سانا و خێزانەکەی لە فینلاند کە ڕۆڵی لە پێگەیاندنی کارەکانی سانادا هەبووە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "سانا شانازییە بۆ ئێمەی مرۆڤدۆست و هەموو کەسێکی ئەم جیهانە". گوتیشی "سانا کەسێکە دەبێت سوود لە تواناکانی وەربگرین. ئەو وەکو گەنجێک ئەزموونێکی سەرکەوتووی کۆچبەرانە کە ئەگەر پشتگیریی بکرێن و پەرە بە کارەکانیان بدرێت، دەبنە ئەو کەسانەی کە وڵات لە داهاتوودا شانازییان پێوە دەکات".

بەرپرسی دۆسیەی سانا و خێزانەکەی، خۆشحاڵە بەوەی هەر زوو فێری زمانی فینلاندی بووە و بیر لەوە دەکاتەوە زوو دەست بە کار بکات "سانا کە هاتە لامان سەرەتا بە ئینگلیزی و کەمێک سویدی قسەی لەگەڵ کردین و ئێستا تا ئاستێکی باش بە فینلاندی لەگەڵمان دەدوێت". گوتیشی: "ئەوەی زۆر خۆشحاڵی کردم، سەرەتای قسەکانی لەگەڵ ئێمە، بابەتی کار و خوێندن بوو، دواتر زانیمان کە خاوەنی ئەم شاکارەیە و سەدان بەڵگەی ڤیدیۆیی لایە، ئیدی بۆیە بڕیارمان دا پەرە بە کارەکەی بدەین و ببێتە یەکێک لە فیلمە بەڵگەییە بەهێزەکان".

### ڕەوشی کۆچبەران دەگۆڕێت

چاوەڕێ دەکرێ دۆکیۆمێنتارییەکەی سانا تاهیر دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبێ و کاریگەری لەسەر بڕیاری کاربەدەستانی وڵاتان لەسەر ڕەوشی کۆچبەران هەبێ.
ئێلیسا ئاینۆ کە یەکێکە لە ستافی بەڵگەفیلمەکەی سانا، دەڵێت "پێموایە بە تەواوبوونی کارەکەی، ئەوروپا بڕیاری نوێ لە بارەی کۆچ دەدات". ئاینۆ کە کار لەسەر پاککردنەوە و بەرزکردنەوەی کوالێتی گرتەکانی بەڵگە فیلمەکەی سانا دەکات، گوتیشی "زۆر نهێنی ڕێگاکانی کۆچ، لە ڕێگەی ئەم فیلمەوە ئاشکرا دەبن کە بۆ ڕای گشتی چاوەڕواننەکراو دەبێ".

### کورد لەوە نیگەرانن

# زمانی عەرەبی دەبێتە دووەم زمانی سوێد

ڕووداو– ستۆکهۆڵم

"ئەگەر ئەمە ڕاستی بێت و زمانی عەرەبی بووبێتە دووەمین زمانی سوێد، ئەوە سوێد لە بەردەم تەعریبێکی ڕاستەقینەدایە و تەواو پێی نیگەرانم". ئەمە بۆچوونی کوردێکی دانیشتووی سوێدە لەبارەی هەواڵێک کە دەڵێت زمانی عەرەبی بووەتە دووەم بەربڵاوترین زمانی ئاخاوتن لە سوید.

بەپێی دوایین ئامار کە کۆتایی ساڵی ڕابردوو لەلایەن مێدیاکانی سوێدەوە بڵاوکرایەوە، زمانی عەرەبی بەهێزترین ڕکابەری زمانی فینلاندییە بۆ ئەوەی دوای زمانی سوێدی ببێتە زمانی دووەم لەو وڵاتەدا.

بەڵام ئاماری فەرمیی دەوڵەت تا ئێستا وەک ڕکابەری زمانی دووەم ناوی زمانی عەرەبیی هێناوە. بەپێی زانیارییەکان، لەحاڵەتی قبوڵکردنی دوایین وەجبەی کۆچبەران کە زۆرینەیان عەرەبن، ئەوە یەکلایی دەبێتەوە کە زمانی عەرەبی دەبێتە دووەم زمانی سەرتاسەریی سوێد لەدوای زمانی سوێدی. بەمەش عەرەب لە ڕووی زمان و لە ڕووی ژمارەوە دەبنە گەورەترین پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە سوێد لەکاتێکدا پێشتر زمانی فینلاندی دووەم بوو.

ئەم ڕاستییە بەشێک لە سوێدییەکان و فینلاندی و زۆربەی پەنابەرانی کوردی نیشتەجێی ئەو وڵاتەی نیگەران کردووە، بەڵام عەرەبەکانی نیشتەجێی سوێد پێی خۆشحاڵ بوون و ئاهەنگیان گێڕا.

#### سوێدییەکان فێری عەرەبی بوون

سوێدییەکان شارەزای زۆر لە وشە عەرەبییەکان بوون و لەزۆر لە گفتوگۆکانیاندا لەگەڵ کورد و بیانییەکانی دیکەی ئەو وڵاتە، ئەو وشانە بەکاردەهێننەوە کە زۆر بڵاون. بەتایبەتی لەو ناوچانەی عەرەب زۆرینەن، لەوانەش شاری مالموێ.

ئەبوو مونعیم حەمید سامەڕایی کە مامۆستای زمانی عەرەبییە، پێیوایە ئەوە پەیوەندی بە بەهێزیی جالیەی عەرەبی و هێز و کاریزمای زمانی عەرەبییەوە لەسەر کۆمەڵگەی سوێدی هەیە.

سامەڕایی بە (ڕووداو)ی گوت "ئێستا لەنێو بازاڕ و یانەکانی شەوانە، لە ئاهەنگە گەورەکاندا گۆرانی عەرەبی دەگوترێ". سامەڕایی دڵگرانە لەوەی کە هەندێ پێکهاتە و ڕەوەندی دیکەی نیشتەجێی سوید بەوە ناڕەحەت بوون و گوتی "بەداخەوە زۆر کەس بە تەشەنوجەوە بابەتەکەیان وەرگرتووە".

کورد و سریانەکانی ئەم وڵاتە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان قسەی زۆریان لەسەر ئەو بابەتە کردووە و بە هەڕەشە بۆ سەر ئایندەی خۆیان و تەنانەت سوێدییەکانیشی دەزانن.

لەهیب سیمانتۆس ئاشوورییەکی دانیشتووی سوێدە و دەڵێت "گەیشتنی زمانی عەرەبی بەو ئاستە، دەستپێکی گۆڕانێکی سیاسیی نوێیە کە ئیسلامی سیاسی و ئابووریی وڵاتانی کەنداوی لە پشتە". گوتیشی "ئەم ڕاستییە هەڕەشەیە لەسەر هەموو دانیشتووانی سوێد".

هەروەها ئازاد جەبار، کوردی دانیشتووی سوێد دەڵێت "بە هەڕەمەکی و بە بەرنامەش عەرەبێکی زۆر ڕووی لە سوێد کردووە، بەشێوەیەکی زۆر خێرا ژمارەیان زیاد دەکات. هەتا کوردێک و سوێدییەک دەبنە خاوەنی منداڵێک، عەرەبێکی سوێد دەبێتە خاوەنی چوار منداڵ".

ئازاد بە دووری نازانێ لە 10 ساڵی داهاتوودا عەرەب ڕکابەری سوێدییەکانیش بکەن. ئەو دەڵێت "سوێد لەژێر هەڕەشەی بە عەرەبکردندایە".

#### شار و گەڕەکە عەرەبنشینەکان، ئارام نین

پێشتر (ڕووداو) بڵاوی کردەوە ژمارەی مزگەوت و ناوەندە کولتوورییە عەرەبییەکان بە پاڵپشتی وڵاتانی کەنداو ڕوو لە زیادبوونە. ئازاد جەبار کە خۆی شارەزای کاری ڕێکخراوە کولتوورییەکانە، دەڵێت "ئەوان کار لەسەر کولتوورێکی توندئاژۆ و یەکترسڕینەوە و ئیسلامیی عەرەبی دەکەن، زیادبوونی ئەم ژمارەیە چالاکی کولتووریی و سیاسیشی لە پشتەوەیە".

ئازاد پێیوایە بوونی ئەو هەموو عەرەبە لە ئەورووپا هەڕەمەکی نییە و بە بەرنامە دەکرێ "ناڵێم عەرەب نەتەوەیەکی توندئاژۆن، بەڵام بەرنامەیەک لە پشت ناردنی ئەم هەموو عەرەبە بۆ ئەوروپا هەیە، سەرەتای کاریگەرییەکانی لە سوێدەوە بەدیارکەوتووە". جەبار گوتیشی "بۆ پرسیاری ئەوە ناکەن، کە هیچ یەکێک لە شار و گەڕەکە عەرەبنشینەکان بە دەگمەن ئارامی بەخۆیەوە دەبینێ".

هەفتەی ڕابردوو، بڕینی چەند دووکان و گەورە مارکێت و سووتاندنی چەند ئۆتۆمبێلێک لە گەڕەکی هیوزبی لە باکووری شاری ستۆکهۆڵم، مێدیاکانی سوێدی تەنی و چەند خاوەن کارێکی ئەو گەڕەکە کە زۆربەیان کورد بوون، وەک ناڕەزاییەک لە بەرامبەر نەبوونی ئاسایش لەو ناوچەیە شوێن و دووکانەکانیان داخست، یەکێک لەوانە گەورە بازرگانی کورد سەلام کوردە بوو کە بە (ڕادیۆی سوێد)ی گوت "ئەم ناوچانە تەواو فەرامۆشکراون و خەریکە ژیانی تێدا نامێنێ".

هیوزبی لەگەڵ چەند گەڕەکێکی دیکەی باکووری ستۆکهۆڵم کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی عەرەبن، لەپاڵ شارەکانی دیکەی وەک مالموێ و سیودێرتێلیا و ئیسکلستوونە، بەلای زۆر لە سوێدییەکانەوە ئەو ناوچانەن کە ئارامیان تێدا نییە و هەفتە نییە ڕووداوی کوشتن، یان سووتاندن، یان دزیکردنی تێدا ڕوونەدات.

بەڵام ڕۆژنامەنووسێکی سوێد لە نیگەرانییەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکە بەرامبەر زیادبوونی عەرەب لە سوێد کەمدەکاتەوە و دەڵێت "سوێد وڵاتێکی ئەوەندەش هەژار نییە لە ڕووی هەواڵگری، تا کار لەسەر ئەو بابەتە نەکات".

ئان سوێدیرمان کە بە ڕۆژنامەنووسێکی سوێدیی نزیک لە عەرەب ناسراوە، بە (ڕووداو)ی گوت "لە خۆوە نییە کە ڕێگە بە فرۆشتنی مارکێتە گەورەکان بە سەرمایەدارانی عەرەب نادرێ".

هانس ئولیڤیا، ئەندامی پارتی سوێدییە دیموکراتەکان پێیوایە "زۆربوونی ڕێژەی عەرەب و زاڵبوونی زمانەکەیان سەرەتای دەرکەوتنی مەترسیی زۆربوونی ڕێژەی بیانییەکانە". ئەو پارتەی هانس لایەنگریەتی بە پارتی دژە بیانییەکان ناسراوە و بیرکردنەوەیەکی ڕەگەزپەرستانەی هەیە. هانس دەڵێت "ئێمە زوو ڕامانگەیاند کە کۆچبەر دەبێت وەک میوانێکی کاتی ڕێزی لێ بگیرێت و نابێت ببنە خاوەن ماڵ".

### کوردێکی تاراوگەنشین:

## سوێد لەژێر هەڕەشەی بەعەرەببووندایە



### فەیلییەکان دوودڵن

فەیلییەکانی سوێد کە نزیکەی 15 هەزاریان تەنیا لە دەوروبەری ستۆکهۆڵم کۆبوونەتەوە، زۆربەیان تەنیا زمانی عەرەبی دەزانن. ئەوان تێکەوتوون و لەگەڵ هەردوولا کێشەیان هەیە. نیزام فەیلی کە لەدایکبووی بەغدایە و 20 ساڵە لە سوێد دەژی، تەنیا زمانی عەرەبی دەزانێت، دەڵێت "ڕاستییەکەی نازانم پێمخۆشبێت کە ئەو زمانەی قسەی پێدەکەم بووەتە زمانی دووەمی سوێد، یان بە هەڕەشەی بزانم". ئەو گوتی "ئێمە زمانی کوردی نازانین، خۆشمان بە عەرەبزمان نازانین".

## پزیشکانی کوردستان ڕای جیاوازیان هەیە لەبارەی

# پزیشکێک بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکانی ڕێگایەکی چینی بەکاردێنێ

سەروەر سالار
رووداو- سلێمانی

پزیشـکێکی پسـپۆڕ دوای گەڕانـەوەی لـە دەرەوەی وڵات، نێوەندێکـی چارەسـەر بـە دەرزیئاژنین دەکاتەوە و دەڵێ ئەو ڕێگەچارەیە کاریگەرییەکی کارا و خێرای هەیە، بەڵام بەپێی ڕاپرسییەکی ئۆنلاینی رووداو، ژمارەیەکی کەمی پزیشکان باوەڕیان بەو ڕێگەچارەیە هەیە.

چارەسـەر بە دەرزیئاژنین فەلسەفەیەکە لە ئاینی تاویزمەوە سـەرچاوەی گرتووە کە بڕوای وایە لەکاتی نەخۆشیدا وزەی ژیان لە جەستەدا نارێکـی تێـدا دروسـت دەبێـت. بەپێـی ئەو بۆچوونـە وزەی ژیان بەشـی ئەرێنی و نەرێنی هەیە کە هاوسـەنگن و نەخۆشییەکان هیچ نین جگە لە تێکچوونی باڵانسی ئەو دوو بەشە.

بەبـڕوای چینییەکان دەرزیئاژنین ڕێگایەکە بۆ گێڕانـەوەی ئەو باڵانسـە و کۆتاییهێنان بە نەخۆشـییەکە، بـەڵام لـە جیهانی پزیشـکیی مۆدێرندا تاوەکو ئێسـتا بە ڕوونی نازانرێت ئەم ڕێگاچارەیە چۆن کاردەکات.

چینییەکان کـە خاوەنی راسـتەقینەی ئەم چارەسازییەن، بە باشترین ڕێگەچارەی دەزانن لـە هەندێـک حاڵەت و نەخۆشـیدا، بـەڵام لە دونیای مۆدێرندا هەمان پێناسـەی کلاسـیکیی چینییەکان بۆ ڕێوشـوێنی کارایی دەرزیئاژنین ناکرێـت، واتـە بیـردۆزی وزەی ژیـان بنەمای هەڵبژاردنـی ئەم چارەسـازییە نییە لە وڵاتانی ڕۆژئـاوا. هەندێک لە پزیشـکەکان وای دەبینن دەرزیئاژنیـن تەنیا کاریگەریـی دەروونی هەیە و ئەوانەی بۆیـان دەکرێ لەڕووی دەروونییەوە بڕیار دەدەن کە دەرزیئاژنین کاریگەرە و ئەوەش ڕۆڵـی دەبێت لە کەمکردنەوەی هەسـتکردن بە ئازار، بـەڵام هەندێکی دیکـە وا لێکیدەدەنەوە کـە ئـەو دەرزییانەی لەسـەر چەندین ناوچەی جەسـتە دەدرێـن، دەبنـە هـۆی چالاککردنی سـووڕی خوێن و ڕژاندنی ماددەی سروشـتیی دژەئازار و ئەوەش هانی سەرکوتکردنی هەندێ ئازار دەدات.



### بنەمای زانستیی بۆ دادەنێ

پزیشـکێکی پسـپۆڕ کە وەک خۆی دەڵێ 10 سـاڵ ئەزموون و چوار ساڵ خوێندنی لەو بوارەدا بەسـەر بردووە، دەڵێ کارەکەی ئەو زانسـتییە و ئەو کارەش دەبێ پزیشک بیکات، نەک کەسێکی ئاسایی "لە ئەمریکا هەر لە سەرەتاوە نازانستییانە ڕۆیشـت و هـەر کـەس دەیتوانی بیـکات، بۆیە ڕێگەچـارەی چارەسـەری چینـی و لەنێویانـدا دەرزیئاژنین لەو وڵاتە ڕوو لە پاشەکشـەیە. بەڵام ئەوروپاییەکان هەرزوو بڕیاریاندا کە تەنیا پزیشک بۆی هەیە بیکات، بۆیە لە ئەوروپا ڕێگەی دروستی خۆی گرتووە و لەبرەودایە". ئەوە گوتەی د.ئامانج عەبدولکەریم، پزیشـکی پسـپۆڕی بێهۆشکاری و شارەزا لە پزیشکیی کلاسیکی چینییە.

د.ئامانـج سـاڵی 1983 کۆلێژی پزیشـکیی زانکـۆی بەغـدای تـەواو کـردووە و ئێسـتا مامۆسـتای سکوڵی پزیشـکیی کۆلێژی زانستە پزیشـکییەکانی زانکـۆی سـلێمانییە و دەڵـێ ئێسـتا چەنـد وانەیەکـی بـۆ خوێندکارانـی کۆلێژەکەی چەسـپاندووە لە کۆرسی خوێندنی ساڵی پێنجەمی پزیشکیی گشتیدا.

ئـەو پزیشـکە پسـپۆڕە کـە لـە نەمسـاوە گەڕاوەتـەوە باشـووری کوردسـتان، متمانـەی تەواوی بە ڕێگەچارەی دەرزیئاژنین هەیە و دەڵێ نەخۆشـەکان وەڵامی سەرسوڕهێنەریان هەیە بۆ ئەو چارەسـەرە "کارەکەی من پشـتی بە زانست بەسـتووە و لە ڕوانگەی پسپۆڕییەکەمەوە کاری تێـدا دەکـەم، بۆیە ئەنجامەکان دڵخۆشـکەرن و نەخۆشەکان زۆر لە ئەنجامەکان ڕازین".

وەک دکتـۆر ئامانـج باسـی دەکات، هـەر نەخۆشـێک پێویسـتی بە 3-4 نۆرەی چارەسەر هەیـە. زۆرترینـی حاڵەتەکانیـش کـە ڕوویـان تێدەکەن ئازارە درێژخایەنەکانی وەک خەوزڕان و دڵەڕاوکێ و گوشـاری دەروونین و بۆ هەر ڕۆژێک 10-15 نەخۆش چارەسەر وەردەگرن.

پزیشـکەکە هۆشـداری دەدات دەرزیئاژنیـن پرۆسـەیەکی هەروا سـادە نییە هەمـووان تاقی بکەنـەوە، بەڵکـو دەبێت دڵنیابن لە شـارەزایی ئەنجامدەرەکە و داوای بڕوانامە و مۆڵەتی کارکردنی لێبکەن، چونکە ڕەنگە هەمووان بزانن بە هەڵە و بێ زانینی ڕێوشوێنەکان بیکەن و نەخۆشیش بە وردی جیای ناکاتەوە کە کەسەکە بەڕاستی لەسەر بنەمـا سـتانداردەکان دەیکات یان نـا. هەروەک دەبێت دڵنیابن لە خاوێنیی ئەنجامدانی پرۆسەکە، چونکـە بەکارهێنانی هەمـان دەرزی بۆ زیاتر لە کەسێک مەترسیی گواستنەوەی چەندین نەخۆشی زیاد دەکات.

### کاریگەرییەکەی دەروونییە!

پزیشـکێکی پسـپۆڕ وای دەبینـێ ئـەو کاریگەرییانـەی دوای دەرزیئاژنیـن دروسـت دەبـن، ئەوەنـدەی بـاوەڕی نەخۆشـەکەن، ئەوەنـدە لێکەوتـەی بەرجەسـتەی خـودی چارەسەرییەکە نین.

د.جەعفـەر عومـەر، پزیشـکی پسـپۆڕی نەخۆشـییە دەروونییـەکان، بـە (رووداو)ی گوت "دەرزیئاژنین و چارەسـەرە جۆراوجۆرە چینییـەکان، زۆرینەیان جگـە لە کاریگەرییە جەسـتەییەکان، فاکتـەری دەروونـی ڕۆڵـی گـەورەی هەیـە لـە دەرکەوتنـی کاریگەریی چارەسەرەکەدا".

لە جیهاندا دوو قوتابخانەی پزیشـکی هەن: پزیشـکی ترادیسـیۆنی یان مۆدێرن کە پشـت بـە بەڵگـە و توێژینەوەی زانسـتی سـتاندارد دەبەسـتێ. پزیشـکی جێگرەوە (لـە بری) کە زۆرتـر ئەنجامی ئەزموونی خەڵکانی پێشـووە. پزیشـکی چینـی و عەرەبی و کوردی و هیندی هەموویان بە پزیشکی جێگرەوە دادەنرێن.

پزیشـکێکی پسـپۆڕ ڕەتیدەکاتـەوە جێگرەوەیەک هەبێ بۆ ئەو زانسـتە پزیشکییە مۆدێرنەی ئێستا پیادە دەکرێ. د.زانیار نووری، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە نەخۆشـییەکانی هەنـاو، دەڵـێ " قبـوڵ نییە بـەم ڕێگاچارانە بگوترێـت جێگرەوە، ئەوپـەڕی دەبێ بگوترێت هاوکار بۆ پزیشکیی ئێستا".

پزیشکە پسـپۆڕەکەی هەناو هەروەها دەڵێ " زۆربەی چارەسـەرەکانی پزیشـکی کلاسیکی چینـی دەرکەوتـوون کە بێ بەڵگـەی تەواون، تەنانـەت دەرزیئاژنینیـش، ئەوپـەڕی وەک ئازارشـکێن بەکاردێـن، دەنا هیـچ بەڵگە نییە بەسوود بن وەک چارەسەری یەکجاری".

دکتۆر زانیار ترسی خۆی ناشارێتەوە لەوەی ئـەم ڕێگەچارانە ببنە سـەرچاوەی مەترسـی، نەک چارەسـەر، بۆ نەخۆشەکان "ترس لەوەیە لەبری چارەسـەرە راستەقینەکە بەکاری بهێنن کـە دەبێتە هۆی درەنگکەوتن لە چارەسـەر و ئاڵۆزبوونـی نەخۆشـییەکە". هەروەهـا دەڵێ "لەوە زیاتر من دەترسـم لـەوەی ئەوانەی ئەو کارە دەکەن، بێ دەستنیشـانی نەخۆشییەکە، ئەو ڕێگەچارەیە بەکاربێنن".

### پزیشکانی کوردستان دڵنیا نین

**(رووداو) بە ڕێگەی ئۆنلاین پرسیاری لە 56 پزیشکی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان کرد کە ئاخۆ بڕوایان بە کاریگەریی پزیشکی کلاسیکی چینی هەیە؟**

**لە وەڵامدا تەنیا 11 پزیشـک (19.6% ی بەشـداربووان) بە بەڵـێ وەڵامیان دایەوە. 23 کەسی دیکە (41%) بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە و ئەوانی دیکە کە 22 پزیشک (39.2%) بوون، گوتیان دڵنیا نین لەوەی ئەو جۆرە پزیشکییە کاریگەرە یان نا.**

# چێژبینین لە ژیان تەمەن درێژ دەکات

رووداو- مێدیکاڵ نیوز تودەی

توێژینەوەیەکـی نوێـی بەریتانـی دەڵـێ ئەوانـەی چێـژ لـە ژیـان دەبینـن، ئەگەری مردنیان کەمترە.

توێژەرانـی کۆلێژی زانکۆیی لە لەندەن لێکۆڵینەوەیان کردووە لە کاریگەرییەکانی چێژبینیـن لـە ژیـان و ڕەزامەنـدی لـەو ژیانەی تێیدان.

توێژینەوەکە لەسـەر 9365 کەس کراوە کـە نێوەنـدی تەمەنیـان 63 سـاڵ بووە و لەنێوان سـاڵانی 2002-2006 کراوە، سـێ جـار هەڵسـەنگاندن بـۆ ڕادەی چێژبینینی بەشـداربووان لـە ژیـان کـراوە. هـەر دوو دانەیان دوو ساڵی نێوان بووە. دواتر ساڵی 2013 خەمڵاندن بۆ ژمارەی مردووان کراوە لـە نێوان بەشـداراندا و دەرکەوتووە 1310 کەسیان مردوون.

بـە بـەراورد بەوانـەی چێژیـان لـە ژیان نەبینیوە و هەستیان بە دڵخۆشی نەکردووە، ئەوانەی دوو جار دڵخۆشـیی زۆریان هەسـت پێکـردووە و چێژیان لە ژیان بینیوە ئەگەری مردنیـان بـە ڕادەی 17% کەمـی کـردووە، ئەوانەی سـێ جـار ئەو هەسـت و چێژەیان ئەزموون کردووە، ئەگەری مردنیان بە ڕادەی 24% کەمتر بووە.

توێژەرەکان بۆیان دەرکەوتووە ژنان زۆرتر لە پیاوان چێژ لە ژیان دەبینن و دڵخۆشترن، هەروەهـا ئەوانەی هاوسـەرگیرییان کردووە، ئەوانـەی بێکار نین، ئەوانەی خاوەن بڕوانامە بوون، ئەوانـەی دەوڵەمەندبـوون و ئەوانەی گەنجتر بوون چێژێکی زۆرتریان بینیوە.

توێـژەرە بەریتانییـەکان گوتوویانـە ئەنجامـەکان ئەو ڕاسـتییە دەسـەلمێنن کە تاوەکـو کەسـێک زۆرتر و بۆ مـاوەی درێژتر چێژ لە ژیان ببینێ، زۆرتر دەژی.

توێژەرەکان داوایـان کردووە لە داهاتوودا لێکۆڵینـەوە لـەوە بکـرێ کـە پاڵنەرەکانی پەیوەسـت بە بایۆلۆژیی جەسـتە و شێوازی هەڵسوکەوت چۆن ڕۆڵیان هەیە لە درێژکردنی تەمەنی ئەوانەی دڵخۆشـترن و زۆرتر چێژ لە ژیان دەبینن.





# کەس بە دڵشکان دەمرێ؟

رووداو- سی ئێن ئێن

تەنیـا ڕۆژێـک دوای مردنـی ئەکتـەری ئەمریکایی کاری فیشەر، دایکیشی کتوپڕ و بە هۆکارێکی نادیار مرد.

کاتێـک هاوژینەکان، یـان ئەندامانی خێزان بـەدوای یەکـدا دەمرن، دەگوتـرێ فڵان کەس بەهۆی دڵشکان مرد! ئایا لە زانستدا جێگەیەک هەیە بۆ ئەم گوتەیە؟

د.ماتیۆ لۆربەر، پزیشکی پسپۆڕی دەروونی، لـە زانکۆی لینۆکـس هیڵ لە نیویـۆرک دەڵێ "حاڵەتی دڵشـکان، بابەتێکی راسـتەقینەیە و هەیـە. کاتێک ڕوودەدات کە هەواڵێکی شـۆک دەگاتە کەسـێک. لـەو کاتەدا بڕێکـی ئێجگار زۆر لە هۆرمۆنەکانی گوشـار دەڕژێنە سـووڕی خوێنـەوە، دواتر ئـەم هۆرمۆنانە دەگەنە دڵ و دەیخەنە ژێر گوشارێکی بەهێز".

د.لۆربـەر دەڵـێ هـەر لە مردنی کەسـێکی ئازیـزەوە، تاوەکو گرفتە توندە خێزانییەکان و لەدەسـتدانی کار، لەوانەیـە ڕێگە بۆ دڵشـکان خۆش بکەن.

هەندێکجـار هەواڵێکی لەپڕی زۆر خۆشـیش، هەمان لێکەوتەی دەبێ و وەک دەگوترێ کەسەکە لە خۆشیدا دەمرێ.

### نیشانەکانی دڵشکان!

نیشـانەکان بریتین لە ئازارێکی توندی سنگ، هەناسـەتوندی و گۆڕانێکـی گەورە لە گوشـاری خوێـن. کاتێک هۆرمۆنەکانی گوشـار کار لە دڵ دەکـەن، گـۆڕان لـە ریتمی لێدانەکانی دروسـت دەکـەن (زۆر خێرابـوون و زۆر خاوبوونـەوەی بەدوای یەک) مەترسـی لەسـەر ژیانی کەسـەکە دروست دەکەن.

نەخۆشـییەکە لەنێـو ژنـان زۆرتـر بـڵاوە، بەجۆرێـک دەگوتـرێ 90%ی قوربانییـەکان لـە ڕەگەزی مێیینـەن. هەروەها زۆرتر لەوانەدا بڵاوە کە گرفتە دەمارییەکانیان هەیە، وەکوو گەشـکە، یان ئەوانەی نەخۆشیی دەروونییان هەیە.

### هۆکارەکە تەواو روون نییە

بیردۆزی زاڵی ئێسـتا بۆ لێکدانەوەی هۆکاری مردن بە دڵشـکان، هۆرمۆنەکانی گوشارە. بەڵام د.کێڤین کامپڵ پسـپۆڕی نەخۆشـییەکانی دڵ و پرۆفیسـۆری یاریدەدەر لە نەخۆشییەکانی هەناو لە زانکـۆی کارۆلاینای باکـوور، هەرچەندە لاری نییە لەوەی ئەو بیردۆزە راست بێت، نایشارێتەوە کە هۆکاری ئەو حاڵەتە سـەدا سـەد روون نییە.

دکتـۆر کامپـڵ دەڵێ یەکەمجار لە سـاڵی 1990 ژاپۆنییـەکان لێکۆڵینەوەیان لە دڵشـکان کرد و لێکدانەوەیان بۆ کرد.

ئـەو پزیشـکە پسـپۆڕەی دڵ، لەبـارەی ئـەوەی چی بەسـەر دڵـدا دێت لـە حاڵەتی دڵشـکاندا دەڵـێ "ئەگەر سـنگی کەسـەکە بکەیتـەوە و دڵی ببینـی و وێنەیەکی بگری، دەبینی دڵ کشاوە و هەڵاوساوە".

هەرچەنـدە شـێوازی مردن بە دڵشـکان و بە جەڵتـەی دڵ لـە ڕواڵەتدا لە یـەک دەچن، بەڵام لەڕاسـتیدا دوو حاڵەتـی جیـاوازن. وەک دکتۆر کامپڵ دەڵێ "لە دڵشکاندا بۆڕییەکانی خوێنی دڵ ناگیرێن و تەواو ئاسایی دیارن"، بەڵام خودی دڵ هەڵاوسـاو و کشاوە (وەکوو میزڵدانی فوودراو) و زۆر لاوازە. لەکاتێکدا لە جەڵتەی دڵدا بۆڕییەکانی خوێنی دڵ دەگیرێن.

مەرج نییە ئەوەی تووشی دڵشکان هات ئیدی بمـرێ، بەڵکـو هەندێکجـار دوای چەنـد ڕۆژێک خۆبەخۆ چاک دەبنەوە.

### ڕاڕەوێکی کوشندە

دڵشـکان بە زاراوە زانستییەکە پێیدەگوترێ "stress-induced cardiomyopathy" واتە نەخۆشـبوونی ماسـولکەکانی دڵ بەهۆی گوشـاری دەروونـی، هەندێکجاریـش بـە Takotsubo syndrome ناسـراوە بەتایبـەت لای ژاپۆنییەکان.

ئەو کەسانەی هەر لە خۆیاندا دڵێکی ناسک و ناجێگیریان هەیە، بەرگەی ئەو هەموو گۆڕانە ناگرن کە هۆرمۆنەکانی گوشار لە دڵدا دروستی دەکەن، بۆیە تووشی جۆرەها ئاڵۆزکاری دەبن، وەکوو: کۆبوونەوەی ئاو لە سـییەکان، هەڵبەز و دابەزی زۆری گوشـاری خوێن، جەڵتەی دڵ، جەڵتەی مێشک و مردن.

# رووسیا برەو بە سوپایەکی ترسناکی ئەلیکترۆنی دەدات



رووداو- هەولێر

ژەنەراڵ و بەرپرسانی وەزارەتی بەرگریی رووسیا چەند ساڵێکە هەستیان بەوە کردووە کە لە سەردەمی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵدا جەنگەکان تەنیا بە چەک و تەقەمەنی و هێزی سەربازیی سەدان هەزار کەسی ناکرێن، بەڵکو هەر ئەم پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییانە کە سنوورە سیاسییەکانیان لاداوە، دەرفەتی دروستکردنی سوپایەکی نوێیان هێناوەتە ئاراوە کە هەم هێزی مرۆیی کەمتری پێویستە و هەمیش باشتر و کاریگەرتر بەرژەوەندییەکانی کریملین لە جیهاندا دەپارێزن.

بۆیە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا روویان لە کەسانی وەکوو ئەلێکساندەر ڤیاریا، تەمەن 33 ساڵ کردووە کە پرۆگرامسازێکی کۆمپیوتەرە و رۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکی دیمانەیەکی لەگەڵدا ساز کردووە.

بەگوێرەی راپۆرتەکەی تایمزی ئەمریکی، ڤیاریا لە سوپای رووسیادا کاری کردووە و سەرەتا وای زانیبوو کاری ئەو رێگرتنە لە هێرشی هاککەرەکان. بەڵام پاش ماوەیەک بۆی دەرکەوت کە فەرماندەکانی سوپای رووسیا داوای کارێکی پێچەوانەی ئەمەی لێدەکەن، واتە خۆی دەبووایە خەڵک و دامەزراوەی دیاریکراو هاک بکات.

ڤیاریا بە نەرێنی وەڵامی داواکەی داوەتەوە، وەک خۆی بە رۆژنامە ئەمریکییەکەی گوتووە "ئەمە لەدژی پرەنسیپەکانی من و کارێکی نایاساییش بوو". بەڵام ڤیاریا زانیبووی ئەم وەڵامە بێ ئاکام نابێت، بۆیە یەکسەر بۆ فینلاند رایکردبوو.

رۆژی پێنجشەممەی رابردوو باراک ئۆباما، سەرۆکی ئەمریکا، فەرمانی وەدەرنانی 35 دیپلۆماتی گومانلێکراوی رووسی لە ئەمریکا دەرکرد، کۆمەڵێک سزاشی لەسەر نۆ کەس و دوو دەزگای هەواڵگریی رووسیا سەپاند. ئەم هەنگاوەی ئۆباما لە دوایین رۆژەکانی سەرۆکایەتی خۆیدا ئاماژەیەکی زەقە بە هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە گرژییەکانی رووسیا و ئەمریکا لە قۆناغی دوای جەنگی سارد کە تێیدا کەسانی خاوەن شارەزاییەکەی ڤیاریا رۆڵێکی بەرچاو لە براوە و دۆڕاوی گرژییەکاندا دەبینن.

ئەم کاردانەوەیەی ئۆباما دوای ئەوە دێت کە بەر لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا، دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە رووسیا سیستەمی داتاکانی کۆمیتەی نیشتمانی پارتی دیموکراتی ئەمریکای هاک کردووە. دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنیش دەزگا ئەمنییەکانی ئەمریکا ئاشکرایان کرد کە رووسیا دامەزراوە و سیستەمەکانی پەیوەندیدار بە هەڵبژاردنی ئەمریکایان هاک کردووە، ئامانجیش لە هاککردنەکان یارمەتیدانی کۆمارییەکان بووە بۆ ئەوەی کاندیدەکەیان لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا بەسەر کاندیدی دیموکراتەکان سەربکەوێت. مۆسکۆ هەر دوو تۆمەتەکەی رەتکردووەتەوە.

ئێستاش ئەڵمانیا، فەرەنسا و هۆڵەندا نیگەرانیی ئەوەیان لێ نیشتووە کە هاککەرە رووسەکان ئەمجارەیان هەڵبژاردنەکانی ئەوان بکەنە ئامانج و یارمەتی راستڕەوە توندڕەوەکان بدەن لە هەڵبژاردنەکاندا سەربکەون.

ماوەی زیاتر لە سێ ساڵە حکومەتی رووسیا دەستی بە هەڵمەتی گەڕان بەدوای پرۆگرامسازەکانی کۆمپیوتەردا کردووە، لەم هەڵمەتەشدا هەلی کار پێشکەش بە قوتابیانی ئەو بوارە و کەسانی پرۆفیشناڵی بواری دروستکردن و شکاندنی کۆدەکان دەکرێت. گرێبەستی ئەم جۆرە پیشانە لە رێگەی کۆمپانیاکانی پەیوەندیدار بە سوپا و ژمارەیەک یەکەی زانستیی نوێوە دەکرێ کە لە بنکەکانی سوپای رووسیا لە سەرانسەری وڵات کراونەتەوە.

وەزارەتی بەرگریی رووسیا بۆ رێکلامکردن بۆ ئەمجۆرە کارە، پەنای بۆ تۆڕی کۆمەڵایەتی ڤی کۆنتاکتێ (Vkontakte) بردووە کە تۆڕێکی کۆمەڵایەتی هاوشێوەی فەیسبووکە و بە جەماوەریترین تۆڕی کۆمەڵایەتیی رووسی دادەنرێ. لە یەکێک لە ریکلامەکاندا کە کۆمپانیای لێکۆڵینەوەی (EW)ی سەر بە سوپای رووسیا لەو تۆڕەدا بڵاوی کردووەتەوە، هاتووە "ئایا دەتەوێ بەشدار بیت لە پەرەسەندنی زانستی سەربازی، ساڵێک خزمەت بکەیت کە بۆ داهاتووت قازانجی هەبێت، تواناکانی خۆت نمایش بکەیت، ببیت بە ئەفسەرێکی سەربازی و هەست بە شانازییەکی تەواو بکەیت؟ هەلی گەیشتن بە ئەمانە لای ئێمەیە".

بەڵام هەڵمەتەکەی حکومەتی رووسیا تەنیا قوتابیان و پرۆگرامسازانی کۆمپیوتەر و کۆدشکێنەکان ناگرێتەوە، بەڵکو ژمارەیەک لەو کەسانەشی کردووەتە ئامانج کە هاککەرن و مێژوویەکی درێژ لە تاوانی سایبیرییان هەیە. بە گوێرەی راپۆرتەکەی تایمزی ئەمریکی، سوپای رووسیا ئەمجۆرە کەسانە بەو هاککەرانە ناودەبات کە کێشەیان لەگەڵ یاسادا هەیە. بۆیەش ئۆلێگ ئۆستاپێنکۆ، جێگری وەزیری بەرگریی رووسیا، بە رۆژنامەی روسیسکایا گازێتێی نزیک لە کریملینی راگەیاندووە "یەکەکانی زانستی کۆمپیوتەری سوپا دەکرێ هاککەرە تاوانبارەکانیشی تێدا بێت، چونکە ئەگەر لە روانگەی توانای زانستیی ئەم کەسانەوە سەیری بکەین، ئەم مەسەلەیە باسێکی زۆر هەڵدەگرێ".

کەسێکی وەکوو ڤیاریا کە کارەکەی رەتکردەوە، نێچیرێکی سەرنجڕاکێش بووە بۆ سوپای رووسیا. ڤیاریا دوو خاڵی پۆزەتیڤی بۆ سوپای رووسیا هەبووە: یەکەم رابردوویەکی پاکی هەبووە و هاککەرەکانی رووسیا و جیهان نایناسن. دووەم پێشتر لە چەندین رۆژنامە و تەلەفزیۆن و ماڵپەڕ لە بواری بەرەنگاربوونەوەی هاکدا کاری کردووە، بۆیە لە ساڵی 2015 داوای لێدەکرێ لەگەڵ ڤاسیلی برۆڤکۆ، یەکێک لە بەڕێوەبەرانی کۆمپانیای سەربازیی نزیک لە حکومەت، سەردانی سۆفیای پایتەختی بولگاریا بکات، بەڵام وەک خۆی بۆ تایمزی ئاشکرا کردووە "ئامانج لە گەشتەکە بینینی بەرنامەیەکی نوێ بوو کە بۆ هێرشی سایبیری و هاککردن بەکار دەهات".

بە گوتەی ڤیاریا، لە کاتی نمایشکردنی بەرنامەکەدا، بۆ سەلماندنی توانای بەرنامەکە بۆ ماوەیەکی کورت ماڵپەڕی وەزارەتی بەرگریی ئۆکراینا هاک کرا. ئەم بانگەشەیەی ڤیاریا لەلایەن وەزارەتی بەرگریی ئۆکرایناوە پشتڕاست کراوەتەوە. پاش نمایشکردنەکە، برۆڤکۆ داوای لە ڤیاریا کردووە پرۆگرامەکە باشتر بکات و خۆی کاری هاککردنی پێ بکات.

راکێشانی بەرنامەنووس و هاککەرەکان، شۆڕشێکە کە لە کاتی هاتنە سەرکاری سێرگەی شۆیگو، وەزیری بەرگریی رووسیا، پلانی بۆ دانرا. بنەماکانی دارشتن و جێبەجێکردنی ئەم پلانەش لە ژەنەراڵ ڤالێری گێراسیمۆڤ، جێگیری وەزیری بەرگریی رووسیا، دانرا. گێراسیمۆڤ دەڵێت سنووری نێوان جەنگ و ئاشتی کاڵ بوونەتەوە، بۆیەش تەکتیکی شاراوەی وەکوو شەڕی بە وەکالەت یان شەڕی شاراوە بایەخی خۆی هەیە.

## کاردانەوەی کۆمارییەکان چی دەبێت؟

بە دەرکردنی ئەم فەرمانە، ئۆباما بە تیرێک دوو نیشانی پێکاوە. لە سەرێکەوە، گورزێکی قورسی لە پوتین و ئیدارەکەی داوە، لە سەرەکێکی دیکەشەوە ناکۆکییەکی گەورەی لە نێو کۆمارییەکاندا دروستکردووە کە دوژمنایەتییەکی لەمێژینەیان لەگەڵ رووسیادا هەیە. بەم بڕیارەی ئۆباما کۆمارییەکان لە نێوان دوو بژارەدا هێشتووەتەوە، واتە یان ئەوەتا دەبێ دەست لە هەڵوێستی لە مێژینەی خۆیان هەڵبگرن و پشتگیری لە ترەمپ و هەوڵەکانی بۆ نزیکبوونەوە لە رووسیا بکەن، یان لەسەر هەڵوێستە نەریتییەکەی خۆیان بەردەوام بن و دژی روانگەی سەرۆکی هەڵبژێردراو بوەستنەوە.

گرتنەبەری هەرکام لەم دوو بژارەیە هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت کە کۆمارییەکان هەستیان بەوە کردەوە خەمساردی ئۆباما لە ماوەی هەشت ساڵی رابردوودا رێخۆشکەر بووە بۆ ئەوەی رووسیا لە کریمیا و ئۆکراینەوە بەرەو سووریا و دواجار بۆ نێو جەرگەی دامەزراوە حکومییەکانی ئەمریکا دەست بۆ سەرکێشی گەورە بەرێت کە ئەگەر وەڵام نەدرێتەوە دوور نییە کۆمارییەکان خۆیان ئامانجی داهاتووی هێرشەکانی مۆسکۆ بن.

# ئاگربەستەکەی سووریا سەردەگرێ؟



(فۆتۆ: AFP)

رووداو- هەولێر

لە دوایین رۆژەکانی ساڵی 2016دا، فلادیمیر پوتین، سەرۆکی رووسیا، لە پەیامێکدا ئاگربەستی نێوان حکومەتی سووریا و ژمارەیەکی زۆر لە گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریای راگەیاند کە لە نیوەشەوی 29ی کانوونی یەکەمەوە کەوتە واری جێبەجێکردنەوە. ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەی گرووپە چەکدارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا ئامادەیی خۆیان بۆ پابەندبوون بەم ئاگربەستەوە راگەیاندووە.

لە رێککەوتنەکەدا تەئکید لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە داعش بەشێک نین لەم رێککەوتنە، حکومەتی سووریاش رایگەیاندووە کە ئامادە نین بەرەی فەتحی شام (بەرەی نوسرەی جاران) بهێننە نێو ئاگربەستەکەوە. حکومەتی تورکیاش لای خۆیەوە رایگەیاندووە کە ئامادە نییە پارتی یەکێتی دیموکراتیک (پەیەدە) وەکوو بەشێک لە ئاگربەستەکە ببینێ.

لە هەنگاوێکی دیکەدا، هەردوو لایەنی حکومەت و ئۆپۆزیسیۆن ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ بەشداریکردن لە دانوستاندنەکانی ئاشتیدا کە بڕیارە لە کانوونی دووەمی 2017 بە نێوبژیوانیی رووسیا، تورکیا و ئێران لە ئاستانەی پایتەختی کازاخستان بەڕێوەبچێ، هەڵبەت ئەم گفتوگۆیە بەستراوەتەوە بە بەردەوامیی ئاگربەستەکەی رۆژی پێنجشەممە. ئەوە سێیەم رێککەوتنی ئاگربەست بوو کە حکومەتی سووریا و هێزە دژبەرەکانی لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا واژۆی بکەن.

لە ماوەی چەند دەیەی رابردوودا ئەوە یەکەمجارە رێککەوتنێکی ئاگربەست واژۆ بکرێت و ئەمریکا بەشێک نەبێت لە رێککەوتنەکە. چاوەڕێش ناکرێت ئەمریکا لە دانوستاندنەکانی ئاشتیی نێوان رژێمی ئەسەد و گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆندا بەشدار بێت. مارک تۆنەر، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئاگربەستەکەی بە هەنگاوێکی پۆزەتیڤ وەسف کرد و هیوای خواست "هەموو لایەنەکان بە تەواوەتی جێبەجێی بکەن و رێزی لێ بگرن".

بەگوێرەی ژمارەیەک ئامار، لە جەنگی شەش ساڵەی سووریادا، نزیکەی 470 هەزار کەس کوژراون، 4.8 ملیۆن کەس ناچار بوون سووریا بەرەو تورکیا، لوبنان و ئوردن و هەرێمی کوردستان جێبهێڵن. هەمان ژمارەش لە نێوخۆی سووریادا ئاوارەی ناوچەکانی دیکە بوون. هەر بۆیە ئاساییە کە هەواڵی ئاگربەستەکەی شەوی پێنجشەممە هەم بۆ خەڵکی سووریا و هەمیش بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەواڵێکی دڵخۆشکەر بێت. ئەزموونی ئەم چەند ساڵەی رێککەوتنە شکستخواردووەکان سەلماندوویەتی کە تاکە ئەڵتەرناتیڤی ئاگربەست خوێنڕشتنی زیاترە.

پوتین رایگەیاندووە کە ژمارە و ئاستی ئامادەیی سەربازیی وڵاتەکەی لە سووریا کەم دەکاتەوە. رووسیا، بە پێچەوانەی ئێران و تورکیاوە کە هێزی ناوچەیین، نایەوێت لەنێو جەنگێکی چەندین ساڵەی سووریادا گیر بخوات. بەڵکو هیواخوازە دەرفەتێکی دەستبکەوێت بۆ ئەوەی بە زۆرترین دەستکەوتەوە سووریا جێبهێڵێت. ئەمەش پێویستی بەوەیە کە دەست بە دانوستاندنێکی سەرتاسەری لە نێوان حکومەتی بەشار ئەسەد و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بکرێت. لە پاش کۆنترۆڵکردنی حەلەب لەلایەن هێزەکانی لایەنگری ئەسەد، رووسیا دڵنیا بووەتەوە پێگەی ئەسەد لە دانوستاندنی ئاشتیدا بەهێز دەبێت.

لەلایەکی دیکەوە تورکیا کە پشتگیری لە گرووپە چەکدارە عەرەبە سوننەکان و تورکمانەکانی سووریا دەکات، گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی بۆ رێگرتن لە فراوانبوونی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی پەیەدە و خۆپاراستنی لە رووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی لایەنگری ئەسەد لە باکووری سووریا، ناچارە بە هەندێک خاڵ، لەوانەش مانەوەی ئەسەد لە داهاتووی سیاسی سووریادا، رازی بێت.

هەڵوێستی ئێران لەم پرۆسەیەدا دوو لایەنەیە: لەلایەکەوە تاران هاوشێوەی مۆسکۆ نایەوێت لە جەنگێکی درێژخایەنی نێوخۆییدا گیربخوات، بە تایبەتیش ئەگەر گەرەنتی ئەوە وەربگرێت کە ئەسەد لە داهاتووی سووریادا رۆڵێکی بەرچاوی دەبێت و بەمەش پلانی ئێران بۆ دروستکردنی هیلالی شیعە (لە تارانەوە بۆ دەریای نێوەڕاست) شکست ناهێنێ. لەلایەکی دیکەوە ئێران جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نوێنەری وڵاتانی کەنداو، لەسەرووی هەمووشیانەوە سعودیە، نابێ لە دانوستاندنی چارەسەری رەوشی سووریادا بەشدار بن. لەبەر ئەوەی تاران پێیوایە ئامانجی ستراتیژیی سعودیە (بە پێچەوانەی تورکیا و رووسیا) لادان یان لاوازکردنی لەرادەبەدەری ئەسەدە. رووسیا لاریی نییە لەوەی سعودییەکان بەشداریی دانوستاندنەکان بکەن.

ئەمە دەریدەخات کە ئێران و رووسیا، وەکوو دوو پاڵپشتیکاری سەرەکیی ئەسەد، لەسەر هەموو خاڵەکانی پەیوەندیدار بە داهاتووی سووریا هاوڕا نین، لە کاتێکدا ئێرانیش دەزانێ بەبێ پاڵپشتی هێزە ئاسمانییەکانی رووسیا نەک هەر کۆنترۆڵکردنی ناوچەی دیکە کارێکی ئاسان نابێت، بەڵکو پاراستنی ئەو ناوچانەش کە لە یەک مانگی رابردوودا کۆنترۆڵیان کردوون، قوربانییەکی زۆری دەبێت. ئەمەش دەستی رووسیا بەهێزتر دەکات لەوەی نێوبژیوانی سەرەکیی دانوستاندنەکان بێت و دەستی لە پێدانی خاڵ بە ئێران یان تورکیا والاتر دەکات.

حاڵی حازر، شارە سەرەکییەکانی سووریا لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی لایەنگری ئەسەددان کە زیاتر لە 60%ی دانیشتووانی سووریا لەخۆدەگرێت. هەم حکومەتی ئەسەد و هەم ئێرانییەکانیش دەزانن کە هێزی پیادەی پێویستیان بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەی دیکە لەبەردەست نییە، لە کاتێکدا سوپاکەی ئەسەد لە ماوەی شەش ساڵی رابردوودا نیوەی سەربازەکانی کوژراون و هەر ئەمەش ئەگەری ئەوە کەم دەکاتەوە بتوانێ بەرەیەکی نوێی جەنگ لە سووریا بکاتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، رووسیا، تورکیا، ئێران و سووریا چاوەڕێی دەستبەکاربوونی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکان کە پێشتر بەڵێنی دابوو ئامانجی سەرەکی ئیدارەکەی لەناوبردنی گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکانی سووریا دەبێ، نەک لادانی ئەسەد لەسەر کورسیی دەسەڵات، بۆ ئەم مەبەستەش هاوکارییەکی نزیکی رووسیا دەکات. وەزارەتی دەرەوەی رووسیاش رایگەیاندووە لەگەڵ دەستبەکاربوونی ستافی نوێی کۆشکی سپیدا، ئەمریکا دەتوانێ بەشداری ئەو پرۆسەی چارەسەرییە بێت کە بە دەستپێشخەریی مۆسکۆ، تاران و ئەنقەرە دەستی پێکردووە. هەتا ئەو کات ئەم چوار وڵاتە، بە تایبەتیش رووسیا، دەیانەوێ پێشنیارێکی کۆنکرێتییان لەسەر مێز هەبێ، بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی ئەو پێشنیازەدا دانوستاندن لەگەڵ ئیدارەی نوێی ئەمریکا بکەن.

ئەگەرچی فەتحی شام و ئەحراری شام لەپاڵ داعش لە ئاگربەستەکەدا بەشدار نین و لە رۆژی یەکەمی جێبەجێکردنی ئاگربەستەکەشدا چەندینجار ئاگربەستەکە لەلایەن حکومەت و ئۆپۆزیسیۆنەوە پێشێل کراوە، بەڵام ئەو هۆکارانەی لەسەرەوە باسکران وادەکەن وڵاتانی نێوبژیوان وەکیلەکانی خۆیان لە جەنگی سووریادا کۆنترۆڵ بکەن، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت هەتا رۆژی دانوستاندنی ئاشتی ئاگربەستەکە رابگرن، ئەگەرچی ئەم راگرتنە تەنیا بەشێوەیەکی رەمزیش بێت.

## پێشبینییەکانی ناوەندی ستراتفۆر بۆ ساڵی 2017:

# پاش شەڕی مووسڵ پەیوەندیی عێراق و کوردستان ئاڵۆزتر دەبێ



(فۆتۆ: AFP)

رووداو- هەولێر

ناوەندی ستراتفۆر (ستراتیژیک فۆر کاستینگ) کە یەکێکە لە گرنگترین سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و ئەمنی لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وا چاوەڕوان دەکات کە دوای کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ، ناکۆکیی نێوان هێزەکانی هەرێمی کوردستان زیاتر دەبێ، چونکە هەم پارتی و هەم یەکێتی هەوڵی فراوانکردنی ناوچەی نفوزی خۆیان دەدەن. ستراتفۆر چاوەڕێش دەکات کە کەرکووک ناوچەی ململانێی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی عێراق بێ "لەبەر ئەوەی لەلایەکەوە پارتی هەوڵ دەدات ئەوەی بەدەستی هێناوە بیپارێزێت. بەغداش کە پشتگیریی ئێرانی لەگەڵە، هەوڵ دەدات وەریبگرێتەوە. ئەم گۆڕانکارییە بەربەست بۆ هاوکارییەکانی نێوان بەغدا و کوردستانی عێراق لە بواری وزە و دابەشکردنی داهات دروست دەکات".

### جەنگی سووریا.. دڵی خۆتان بە 2017 خۆش مەکەن

لە دوایین هەفتەکانی 2016دا، حکومەتی سووریا کۆنترۆڵکردنەوەی رۆژهەڵاتی حەلەبی راگەیاند. ئاخۆ دەکرێ 2017 دوایین ساڵی جەنگی نێوخۆیی سووریا بێت؟

پێشبینییەکانی ئەو ناوەندە ئەمریکییە کە میدیای ئەمریکی بە (CIA)ی سێبەر ناوی دەبەن، وا دەردەخات کە جەنگی سووریا لە 2017 کۆتایی نایەت "چونکە سوپاکەی ئەسەد بۆ گەیشتن بە سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوە بە چەند لایەکدا ئاراستە دەکرێ. لەلایەکەوە دەبێ ناوچەکانی خۆیان لە باکوور بپارێزن، لەلایەکی دیکەوە دەبێ چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن لە ناوچەکانی نێوان حەلەب و دیمەشق و تەنانەت دەوروبەری دیمەشقیش دەربکەن". جیا لەمە هێزەکانی لایەنگری حکومەتی سووریا پەلکێشی ئەو ناوچانە دەکرێن کە داعش لە دێرەزوور، لە رۆژهەڵاتی سووریا، کۆنترۆڵی کردوون.

ناوەندی ستراتفۆر پێیوایە هێزەکانی لایەنگری رژێم "هێشتا کاری زۆریان ماوە و لە وڵاتێکی وەکوو سووریا کە لە شەڕدا شەکەت بووە، هەر چەشنە گۆڕانکارییەک لە مەیدانی رووداوەکاندا دەتوانێ هاوسەنگیی هێز بگۆڕێ".

ساڵی 2015 ساڵی بەشداریی راستەوخۆی رووسیا لە جەنگی سووریا بوو، بەڵام ساڵی 2016 ئەو ساڵە بوو کە تورکیاش راستەوخۆ لەجەرابلوسەوە هاتە نێو خاکی سووریا و ئێستاش چاوی لەسەر ئەلبابە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لە ساڵی 2017دا ئەمریکاش بەشداریی راستەوخۆ و بەرفراوانی خۆی لە جەنگی سووریادا رادەگەیەنێ؟

ئەمریکا سەرۆکێکی نوێی هەڵبژاردووە کە ستراتیژێکی نوێ دەگرێتەبەر. بەپێی پێشبینییەکانی ستراتفۆر، لەم ستراتیژە نوێیەدا واشنتن یارمەتییەکانی خۆی بەلای ئەو هێزانەدا دەشکێنێتەوە کە دژی چەکدارانی داعش دەجەنگن، بۆیە چاوەڕێ دەکرێ کۆشکی سپی لە "پشتگیریکردنی هێزە کوردییەکان بەردەوام بێت، بەڵام هاوکارییەکانی خۆی بۆ چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن لە ئیدلیب رادەگرێ".

بە گوێرەی ستراتفۆر ئەم سیاسەتەی ئەمریکا دەکرێ سێ ئاکامی هەبێ:

**یەکەم:** تورکیا، سعودیە وقەتەرهاوکارییەکانی خۆیان بۆ چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن، لەوانەش گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان، زیاد بکەن.

**دووەم:** پشتگیرییەکانی ئەم سێ وڵاتە و گوێ خەواندنی ئەمریکا لە شەڕی نێوان ئۆپۆزیسیۆنی و هێزەکانی لایەنگری حکومەت، دەرفەتی گەشەکردن بۆ گرووپە توندڕەوەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆنی سووریا دەڕەخسێنێ.

**سێیەم:** رووسیا دەتوانێت هاوکاری تەکتیکی لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بکات، لە کاتێکدا رووسیا دەیەوێ کۆمەڵێک خاڵ لە رۆژئاوا وەربگرێت، لەوانەش لادانی سزاکانی سەر رووسیا کە لەدوای هێرشەکەی سەر کریمیا و رووداوەکانی رۆژهەڵاتی ئۆکراینا بەسەر ئەم وڵاتەدا سەپێنراوە.

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا ئەمریکا لە پاڵ نەتەوە یەکگرتووەکان نێوبژیوانی سەرەکی دانوستاندنەکانی چارەسەری قەیرانی سووریا بووە، بەڵام ناوەندی ستراتفۆر دەڵێت دوور نییە رووسیا هەوڵ بدات ئەم شوێنە بە ئەمریکا لەق بکات و خۆی ببێتە نێوبژیوانی سەرەکی نێوان هێزە ناکۆکەکانی سووریا.

### تورکیا و جەنگی سووریا

بەگوێرەی پێشبینییەکانی ناوەندە ئەمریکییەکە، لە کاتێکدا زلهێزەکانی دیکە سەرقاڵی جەنگی دژی داعش دەبن، تورکیا "سنووری نفووز و دەسەڵاتی خۆی لە سووریا فراوانتر دەکات". ئامانج لەمەش رێگرییە لە فراوانبوونی سنووری جوگرافیایی دەسەڵاتی کوردی لە سووریا. چاوەڕێش ناکرێ تورکیا لە شاری ئەلباب ئەوبەرتر بچێت. بەڵام لە پاش کۆنترۆڵکردنی ئەلباب، "ئەگەری ئەوە هەیە تورکیا بەرەو رۆژهەڵات، واتە شاری منبج، هێرش بەرێت". ستراتفۆر بە دووری نازانێت "تورکیا لۆبی بکات بۆ ئەوەی لە جەنگی کۆنترۆڵکردنەوەی رەققە رۆڵێکی گەورەتری هەبێت".

لە بەشێکی دیکەی پێشبینییەکانی ستراتفۆردا هاتووە "تورکیا لە ستراتیژەکەی (لە سووریا) هەندێک پاشگەز دەبێتەوە، چونکە تورکیا بەردەوام مەترسی ئەوەی لەسەرە کە رەنگە لەگەڵ هێزە کوردییەکانی سووریا و لەگەڵ رووسیا تووشی پێکدادان بێت. هەر بۆیە ئەنقەرە دەبێ فۆکەسی لەسەر پاراستنی پەیوەندیی نزیک لەگەڵ مۆسکۆ و خۆدوورگرتن لە ئاڵۆزتربوونی رەوشی مەیدانیی جەنگی سووریا بێت".

> ## تورکیا و ئێران دەکەونە کێبڕکێ بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی پاش دەرکردنی داعش لە مووسڵ

### تورکیا و عێراق

بەرژەوەندییەکانی تورکیا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەنیا لە سووریا مەترسی لەسەر نییە، بەڵکو لە عێراقیش ململانێیەکی توند لەنێوان ئەنقەرە و تاران لە ئارادایە. ستراتفۆر پێشبینی دەکات "تورکیا سنووری نفوز و کاریگەریی خۆی لە باکووری عێراق پەرەپێبدات". هەوڵەکانی تورکیاش لەم پەیوەندییەدا هەتا ئەو شوێنە دەڕۆن کە "سەردەمانێک سنووری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو، واتە شنگال، مووسڵ، هەولێر و کەرکووک".

پاش جەنگی مووسڵیش تورکیا و ئێران دەکەونە کێبڕکێ بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی پاش دەرکردنی داعش لە مووسڵ دروست دەبێت. بۆ ئەم مەبەستەش "تورکیا وەکیلەکانی خۆی بەهێز دەکات بۆئەوەی خۆی ببێتە دەوڵەتی پشتیوانی عەرەبە سوننەکانی عێراق".

بەڵام ئەم هەوڵانەی ئەنقەرە هەڕەشەی جدی لە پلانی ئێران بۆ دروستکردنی هیلالی شیعی دەکەن کە خاڵی پێکەوە بەستنەوەی بە باکووری رۆژئاوای عێراق و رۆژهەڵاتی سووریادا تێدەپەڕێت. بەپێی ناوەندی ستراتفۆر ئێرانیش دەستەوەستان نابێ، لەبەر ئەوەی "زۆر رێگەی لەبەردەستە بۆ ئەوەی وەڵامی جموجوڵەکانی تورکیا بداتەوە". یەکێک لە رێگەکانیش ئەوەیە ئێران "هانی شیعەکانی بەغدا بدات بەرەنگاری هەوڵەکانی تورکیا ببنەوە کە ئێران بە هەوڵێکی داگیرکاری لەلایەن تورکیاوە ناوی دەبات". ئێران هەروەها دەشێ دەسەڵاتی هەندێک لە لایەنە شیعەکان بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی بە زەقکردنەوەی ناوچە کێشە لەسەرەکانی دەوروبەری مووسڵ، بەربەست بۆ تورکیا دابنێت، ئەمە جگە لەوەی تاران دەتوانێت بە دروستکردنی دووبەرەکی لە نێوان کوردەکانی هەرێمی کوردستان "رێگری لە تورکیا بکات".

### تورکیا و کێشە نێوخۆییەکانی

لەگەڵ هەموو ئەم کێشە دەرەکییانە، تورکیا لە نێوخۆش کۆمەڵێک کێشەی گەورەی هەیە: لەلایەکەوە کێشەی شەڕ و پێکدادانی هێزە ئەمنییەکان و گەریلاکان و چەکدارانی هێزە کوردییەکان هەڕەشەیەکی بەردەوامە. لەلایەکی دیکەشەوە چونکە تورکیا رۆڵی هەبووە لە بەرتەسککردنەوەی رێگەی هاتوچۆی چەکدارانی داعش، بۆیە چاوەڕێ دەکرێ "لە ساڵی 2017دا ئامانجی سەرەکیی هێرشەکانی ئەم گرووپە بێت".

بەڵام لەم کێشەیە گرنگتر بۆ داهاتووی تورکیا، گشتپرسییەکەی تایبەت بە گۆڕینی دەستووری تورکیایە کە دەستی سەرۆک کۆمار لە بەڕێوەبردنی وڵات والاتر دەکات، حکومەتەکەی پارتی داد و گەشەپێدان لە ساڵی 2017 ئەم گشتپرسییە بەڕێوەدەبات.

لە دوای کودێتاکەی 2016/7/15 هەڵمەتێکی بەرفراوانی دەستگیرکردن و هەڵپەساردنی بەرپرسان و ئەندامانی پۆلیس، هێزە ئەمنییەکان و بەڕێوەبەرانی دامودەزگا حکومی و زانستییەکان دەستی پێکرد، ئەم هەڵمەتە وای کردووە ئاسایشی تورکیا ئەو سەقامگیرییەی بەر لە کودەتای نەبێت، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی "ئابووریی تورکیا لەرزۆک بێت... لەکاتێکدا نرخی لیرە لە بەرامبەر دۆلاردا شکاوە، ئەمەش بەهای قەرزە نێودەوڵەتییەکانی لەسەر ئەنقەرە زیاد کردووە".

هەڵمەتەکانی حکومەت لە دوای کودەتاکەی مانگی تەمووز کاریگەریی زۆر نێگەتیڤی لەسەر دانوستاندنەکانی ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپا دانا. ستراتفۆر پێشبینی دەکات گفتوگۆکانی ئەندامێتی لە نێوان ئەنقەرە و برۆکسل لە ساڵی 2017شدا پێشکەوتنێکی ئەوتۆ بەخۆیەوە نەبینێ.

### ئێران و ئەمریکا

بەدەر لە تموحە ناوچەییەکانی لە عێراق، سووریا، لوبنان و یەمەن، ئێران کۆمەڵێک کێشەی هەیە کە کاریگەریی راستەوخۆ لەسەر رەوشی نێوخۆیی ئەو وڵاتە دادەنێن. بە گوێرەی ستراتفۆر، ساڵی 2017 ساڵی تاقیکردنەوەی تەمەنی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران دەبێت. لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا هێزی دەریایی ئێران هەڕەشەی لە هێزی دەریایی ئەمریکی لە کەنداوی عەرەبی کردووە و سیستەمی مووشەکی باڵستیکی تاقیکردووەتەوە. ستراتفۆر چاوەڕێ دەکات ئیدارەی نوێی ئەمریکا لەچاو ئیدارەکەی ئۆباما کاردانەوەی توندتری بەرامبەر ئەمجۆرە کردەوانەی ئێران هەبێت، لە روانگەی تارانیشەوە کاردانەوەی توندتری ئەمریکا "وەکوو پێشێلکردنی رێککەوتنە ئەتۆمییەکە سەیر دەکرێت".

ئەگەرچی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا، چەندینجار هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوە یان پێداچوونەوە بە رێککەوتنەکەی ڤیەنای کردووە، بەڵام ستراتفۆر بە دووری دەزانێ ئەمە رووبدات. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەمریکا "بەرژەوەندییەکی ئەوتۆ لەوەدا نابینێ لە شەڕێکی دیکەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تێوەبگلێت، بە تایبەتیش لە دژی ئێران. لەلایەکی دیکەوە تاران پێویستی بە بووژاندنەوەی ئابووریی وڵاتەکەیەتی، ئەمەش بەبێ ئاڵوگۆڕی بازرگانی ناکرێت" بۆ ئەم مەبەستەش ئێران پێویستی بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە هەیە.

مانگی ئایاری 2017 هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار لە ئێران بەڕێوەدەچێت، لەم هەڵبژاردنەشدا ئاستی گەشەی ئابووریی ئێران رۆڵی دەبێت لە دیاریکردنی ئاکامی هەڵبژاردنەکە. لەم هەڵبژاردنەدا حەسەن رووحانی، سەرۆک کۆماری ئێران "هەوڵ دەدات لادانی سزا ئەتۆمییەکان و سەقامگیرکردنی ئاستی هەڵاوسانی ئابووریی وڵات" وەکوو خاڵێکی پۆزەتیڤ بۆ ئیدارەکەی خۆی بەکاربهێنێ. بەڵام سوپای پاسداران تۆمەتباری دەکەن بەوەی "لە ئاست ئەمریکادا نەرمیی نواندووە و کۆنترۆڵی ئابووریی ئێرانی داوەتە دەست لایەنە نێودەوڵەتی و بیانییەکان".

بەپێی ناوەندە ئەمریکییەکە ئەنجامی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی مانگی ئایار هەرچی بێت، موحافزکارەکان کۆنترۆڵی سیاسەتی ئێران دەکەن. عەلی خامنەیی، رێبەری ئێران، متمانەی بە ئەمریکا نییە، بەڵام دەشزانێ کە وڵاتەکەی پێویستی بەوەیە دەرگای ئابووریی جیهانی لێ بکرێتەوە.

بەگوێرەی پێشبینییەکانی ستراتفۆر، دوو هۆکار رێگرن لەوەی ئێران بە ئامانجە ئابوورییەکانی خۆی بگات:

**یەکەم:** دیار نییە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە هەتا کەی بەردەوام دەبێت.

**دووەم:** ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی نوێی ئەمریکا، کە هەتا ئێستا دیار نییە چۆن دەبێت.

### سعودیە و خەونی چاکسازیی نێوخۆیی

سعودیە پێشوازییەکی گەرم لە گرژبوونی پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا دەکات کە لە ماوەی ئیدارەی ئۆبامادا زیاتر لە هەموو کاتێک لە یەک نزیک ببوونەوە. چاوەڕێش دەکرێ ریاز هاوشێوەی ئەنقەرە گرووپە چەکدارەکانی نزیک لە خۆی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەهێزتر بکات، بۆ ئەوەی رێگە لە فراوانبوونی سنووری نفوزی ئێران یان شیعە لە ناوچەکەدا بگرێ.

بەگوێرەی ناوەندی ستراتفۆر، خولیاکانی سعودیە تەنیا نابەستریتەوە بە رێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی کاریگەری و نفوزی ئێران لە ناوچەکەدا، بەڵکو هەوڵەکانی چاکسازیی لە نێوخۆی وڵاتیش چڕتر دەکاتەوە.

ناوەندی ستراتفۆر پێشبینی دەکات چاکسازییەکانی حکومەتی سعودیە زیاتر لەسەر کەرتی ئابووری وڵات چڕدەکرێنەوە و بەو رادەیە چاکسازی کۆمەڵایەتی ناگرنەوە. چونکە "بچووکترین چاکسازی کۆمەڵایەتی دەتوانێ ناکۆکی لە نێوان دامەزراوەی ئاینی سعدیە و ئالی سعوددا دروست بکات".

### رووسیا و ئەورووپا

ناوەندی ستراتفۆر پێشبینی دەکات ساڵی 2017 ساڵی دەرفەت بێت بۆ رووسیا. یەکێک لە دەرفەتەکانیش لادان یان کەمکردنەوەی سزاکانی ئەورووپایە لەسەر رووسیا. بۆ ئەم مەبەستە، مۆسکۆ چاودێری ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەڵمانیا، فەرەنسا و هۆڵەندا دەکات، لەم هەڵبژاردنانەشدا پشتگیری لە "دژەکانی دامەزراوەی باوی وڵات و ئەو لایەنانە دەکات کە بەرامبەر یەکێتیی ئەورووپا بەدگومانن"، لە پاڵ ئەمەش "بە هێرشی سایبیری و هەڵمەتی پروپاگەندە دووبەرەکی و ناکۆکییەکانی نێو یەکێتیی ئەورووپا تۆختر دەکاتەوە".

هەڵبەت هەر ئێستاش بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە پەیوەندییەکانی رووسیا و ئەورووپا هەیە. بە گوێرەی ناوەندە ئەمریکییەکە "فەرەنسا، ئیتاڵیا، نەمسا و یۆنان خوازیاری پەیوەندییەکی هاوسەنگترن لەگەڵ رووسیا، بەڵام وڵاتانی دیکە کە دەشێت لە هەمبەر هێرشی راستەوخۆی رووسیادا بن، لەوانەش پۆڵەندا، رۆمانیا، سوید و وڵاتانی باڵتیک، هەوڵی لێکنزیکبوونەوە دەدەن، بۆ ئەوەی بە هەوڵی هاوبەش، رێگە لە هێرش یان دەستدرێژیی رووسیا بگرن". ئەڵمانیا رێگەیەک دەگرێتە بەر کە دەکەوێتە نێوان ئەو دوو رێگەیە.

بەپێی پێشبینییەکانی ناوەندە ئەمریکییەکە، هەڕەشەکانی سەر مانەوەی یورۆزۆن لە ساڵی 2017دا دەگاتە ئاستێکی مەترسیدارتر، بە جۆرێک "هەڕەشەی جدیتر لەسەر ئەو دامەزراوە ئەورووپییانە دروست دەبێت کە کاروباری کیشوەرەکە بەڕێوەدەبەن".

ماوەی چەند ساڵێکە هێزە ناسیۆنالیستەکان لە ئەڵمانیا، فەرەنسا و ئیتاڵیا هێز کۆدەکەنەوە، ئەم هێزانە "ئەگەر نەتوانن لە هەڵبژاردنەکانیشدا سەربکەون، دەتوانن کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی نوخبەی سیاسی و ئیداریی وڵاتەکەیان دابنێن. واتە داوا بکەن سەروەری بۆ حکومەتە نیشتمانییەکان بگەڕێتەوە، بەمەش کردارەکان زیاتر گوزارشت لە روئیای دەوڵەتەکان بکات، نەک یەکێتی ئەورووپا".

ستراتفۆر پێشبینی دەکات پرسەکانی "ئاسایش و کۆچبەران لە هەڵبژاردنەکانی وڵاتانی ئەورووپیدا رۆڵی سەرەکی بگێڕن، بە تایبەتیش لە هەڵبژاردنی ئەڵمانیادا"، هەروەها ئەگەر ئەڵمانیا هەوڵ بدات رۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە ئەورووپا بگێڕێت، بەمە حکومەتە بەرهەڵستکارەکانی یەکێتییەکە هەڕەشەی پابەند نەبوون بە بڕیارەکانی یەکێتییەکە دەکەن، لە ئاکامیشدا ئەڵمانیا ناچار دەبێت کۆمەڵێک چاکسازی لە بەرژەوەندی ئەو حکومەتانە لە نێو یەکێتیی ئەورووپادا قەبووڵ بکات.

سەبارەت بە بەریتانیا و دەرچوونی لە یەکێتیی ئەورووپا، ناوەندە ئەمریکییەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە "چیدی کێشەکە ئەوە نییە ئاخۆ بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا جودا دەبێتەوە یان نا، بەڵکو کێشەکە پەیوەندیدارە بە چۆنێتی دەرچوونەکە"، لە کاتێکدا پەرلەمانی بەریتانیا داوا دەکات "لەم پرسەدا قسە و کاریگەری زیاتری هەبێ".

ناوەندی ستراتفۆر چاوەڕێ دەکات بەریتانیا هەوڵ بدات رێککەوتنی بازرگانیی ئازاد لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپادا واژۆ بکات، لە هەمان کاتدا سەربەخۆیی خۆی لە بواری سیاسەتی کۆچبەریدا بپارێزێت. بەڵام دووریش نییە بەریتانیا و یەکێتیی ئەورووپا رێککەوتنێکی کاتی بکەن، بۆ ئەوەی هەردوو لایەن کاتێکی زیاتریان بەدەستەوە بێت بۆ یەکلاکردنەوەی پرسە هاوبەشەکان، لەوانەش پێگەی هاووڵاتیانی ئەورووپی لە بەریتانیا و پێگەی بەریتانییەکان لە وڵاتانی ئەورووپی. بە گوێرەی پێشبینییەکانی ستراتفۆر، گەورەیی قەبارەی پرسەکان وادەکات "بڕیارە گرنگەکان بۆ 2018 دوابکەون".



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# عەرعەر

ئەوەیان ئاساییە کەسێکی وەک ئەنجلینا جوولی خەڵاتی ڕێزلێنان لە پای یارمەتیدانی هەژار و لێقەوماودا وەربگرێت. با نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکخراوێکیش بێ تا سەر ئێسقان تێوەگلاو لە گەندەڵی، ئەوە هیچ لە بایەخی ئەوە کەم ناکاتەوە کە شاکیژۆڵە نادییە موراد، ببێتە باڵیۆزی نیازپاکیی نەتەوە یەکگرتووەکان. فەقە کە ڕێکخراوی گومناوی عەرعەر، خەڵاتێک کە گوایە لە بەرامبەر پێشکەشکردنی باشترین خزمەت بە کەسوکاری ئەنفالکراوان دەداتە هێژایان عومەر فەتاح و قادر حەمە جان، ئەمە ئەو بۆچوونە بە درۆ دەخاتەوە کە دەڵێ میللەت لە کاتی قەیراندا توانای بەرهەمهێنانی نوکتە و گەپی کەم دەبێتەوە.

پێدەچێ ڕێکخراوەکە جگە لە خۆیان، لای کاک عومەر و کاک قادریش زۆر مەشهوور بن، ئەگینا دڵنیام پرسگەی ئەو دوو بەڕێزەش ڕۆژی بەخشینی خەڵاتەکە ناوی ڕێکخراوەکەیان بیستووە. زۆرمان دیوە کەسێک بانگهێشت بکرێت تا خەڵات بکرێت، ئەوە تەنیا لای عەرعەر مۆدێلە بەخشینی خەڵات بە دیلیڤەری، وەک فەلافل و ئەزبەری، ئاخر ئەوان خەڵاتەکەیان داوە بە کۆڵیاندا و بەگەرمی گەیاندوویانەتە بارەگای مەکتەبی سیاسی.

تۆ لەوە گەڕێ ئەوانەی ناوبانگی ڕێکخراوی عەرعەریان بیستووە، پاسێکی دوازدە نەفەریی پڕ ناکەن، خۆ بەینی خۆمان نەبێ ناوبانگی بەڕێزان عومەر فەتاح و قادر حەمە جانیش، لە نەسر و باریکە بەولاوە وردە کاڵ دەبێتەوە. لە ناوچەی بەرواری کە یەکێکە لەو جێیانەی ڕۆژانی ڕەشی ئەنفال ژیاوە و ئەو دوو بەڕێزەش خەڵاتەکەیان لەسەر خزمەتکردنی کەسوکاریئەنفالکراوان وەرگرتووە، ئەگەر ناوی قادر حەمەجان بێنی لەوانەیە وابزانن ئەفغانییە، ئەگەر زۆرە پێیان بڵێی عومەر فەتاح سەرکردەیەکی حوسییەکانی یەمەنە باوەڕت پێبکەن، ئاخر ئەو کەسانەی لەسەر کاری مەزن خەڵات دەکرێن، نزیکەی لە تەواوی گۆی زەوی ناسراون.

دەسەڵاتداری پارەداری کورد، بۆ پێداهەڵدان بە شان و شەوکەتی جەنابی خۆیدا، فێرە یان ڕۆژنامەیەک دەردەکات کە تیراژەکەی بەشی ئەوە ناکات سێ جار نان و کەبابی لەسەر بخۆی، یانیش ڕێکخراوێکی قۆڕ دروست دەکات و پارەی دەداتێ تا ئەمیش وەک بورگەر خەڵاتی بۆ بێنێتە ماڵێ، ئاخر لەوانەیە کورد تاکە میللەتی دونیا بێت، کە ژمارەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تێیدا، لە ژمارەی دانیشتووان نزیک دەبێتەوە و هێشتاش فرێ بە مەدەنییەتەوە نییە.

ڕێکخراوی عەرعەر خۆیان شایەنی خەڵاتی وردبینی و نەفەسدرێژی و خاووخلیچکین، ئاخر ئەوان خەڵاتێک دەدەنە کا عومەر چونکە ئەها کاتی خۆی کە لە ئەنجوومەنی وەزیران بووە، کاری بۆ کردوون، ئافەرین ڕێکخراو نزیکەی دە ساڵ پێبچێ تا بیرت بکەوێتەوە کێ چی بۆ کردوویت!



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# چارەنووسی ڕۆژئاوا

ئەو بەشە لە جوگرافیای ڕۆژئاوای کوردستان کە لە ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ خرایە سەر دەوڵەتی سووریا، جیاواز لە پارچەکانی تری کوردستان یەکێتییەکی بەهێزی جوگرافیای نییە. بۆ نموونە باشووری کوردستان پارچەیەکی پێکەوە بەستراوی جوگرافییەو خراوەتە سەر عێراق، ئەمە بۆ ڕۆژهەڵات و باکووریش هەر بەو جۆرەیە، بەڵام ئەو بەشەی لکێندراوە بە سووریاوە، پێکەوەییەکی بەهێز هەموو خاکەکە نابەستێت بەیەکەوە. بەشێکی زۆری دەچێتە قووڵایی ناو خاکی عەرەب و بە پێچەوانەشەوە لە چەند ناوچەیەک خاکی عەرەب دێتە قووڵایی کوردستانەوە. واتا لەڕووی دیمۆگرافی و جیۆپۆلەتیکەوە یەکێتییەکی لاوازە کە ئەمەش کاریگەری لەسەر پێگە و ئایندەی کورد دەبێت لەو وڵاتە.

بەدرێژایی سەدەی ڕابردووش، دەسەڵاتدارانی عەرەب سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزییان بەرامبەر بە کورد لەو ناوچانە پەیڕەو کردووە، ئەوەش یارمەتیدەرێکی گەورەکردنەوەی کەلێنەکانی یەکێتیی خاک و نەتەوەی کورد بووە لە سووریا و یەکێک لە هۆکارەکانی ناهاوسەنگیی شۆڕش و گەشەسەندنی بزووتنەوەی کوردیی ئەو بەشەی کوردستانە بەراورد بە پارچەکانی دیکە. بەڵام لە دەیەی یەکەمی هەزارەی سێیەمەوە بزاوتێک بەخێرایی گەشەی کرد، لەگەڵ پەرەسەندنی ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی و گەیشتنی ئاگری ڕاپەڕینەکان بە سووریا، کورد لە پێشهاتێکی چاوەڕواننەکراودا بەشێکی زۆری ئەو جوگرافیایەی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، توانرا لەژێر ناوی (کانتۆن) لە چەند بەشێکی ڕۆژئاوای کوردستان خۆبەڕێوەبەرێتی ڕابگەیەنن، هەرچەندە نەتوانرا کانتۆنەکان پێکەوە ببەستنەوە.

شەڕی داعش و پەلامارەکانی بۆ سەر ناوچە کوردییەکان، بەرەنگاربوونەوەی قارەمانانەی کچان و کوڕانی کورد، ناوبانگێکی گەورەی بە شۆڕشی کورد لە سووریا بەخشی، شێوازی خۆبەڕێوەبەرێتی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا، بەشداریی ژنان لە بەڕێوەبردن و لە بەرەنگاربوونەوەی داعش، بوونە هۆی ئەوەی جیهان ئاشنای کورد بێت لەو وڵاتە. تورکیا دژایەتییەکی زۆری کردن، مەرجی بۆ بەشداری لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی، پەراوێزخستنی ئەم بزووتنەوە کوردییە بوو. ئۆپۆزسیۆنی وڵاتەکەش لەسەر ئەرزی واقیع و لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکانیش لە دژیان بوون، لە کۆبوونەوەکانی جنێف مافی بەشداریکردنیان نەبوو، لە گفتوگۆ و ڕێککەوتنەکان خرابوونە دەرەوە. بەڵام بەهۆی چوونی پێشمەرگە بۆ کۆبانی، ئازایەتی شەڕڤانەکان، پشتیوانیی خەڵک و هەندێک لە هێز و دەزگاکانی باشوور بۆ ڕۆژئاوا، دەرگای گەورە بەڕوویاندا کرایەوە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەو هاوپەیمانێتییەی بۆ شەڕی داعش دروست کرابوو، بوونە پشتیوانی ئەو بزووتنەوە کوردیە، چەک و کەلوپەلی پێویستیان پێشکەش کردن و تا ئێستاش لەئاسمانەوە پشتیوانی شەڕڤانەکانن لەدژی داعش، بەڵام دوای داعش مەرج نییە ئەم هاوکێشەیە وەک خۆی بمێنێتەوە.

بەهۆی فەرامۆشکردنی بەشێک لە هێزە کوردییەکانی تر و ڕێگەنەدان بە بەشداریی سیاسیان لە کانتۆنەکان، لە دەرەوە ڕووبەڕووی ڕەخنە و لە ناوخۆشدا ناڕەزایەتی بەرامبەریان زۆرە، بەڵام ئەمە مەترسییە گەورەکە نییە لەسەر پەیەدە و ئایندەی ڕۆژئاوا. گەرچی بەهۆی ئەو لاوازییە دیمۆگرافی و جیۆپۆلەتیکییەی خاکەوە، پێکەوە نەبوونی کورد لەسەنگ و پێگەی کەم کردوونەتەوە، بەڵام هەڕەشە و مەترسیی گەورە لەو ڕێککەوتنە سێ قۆڵییەی ئێران تورکیا ڕووسیادایە لەسەر ئایندەی سووریا و ئەو لێکەوتانەی لەو ڕێککەوتنە دەکەونەوە، کە دوور نییە لەسەر حسابی پەیەدە و ئۆپۆزسیۆنی سووریا بێت. ڕووسیا نێوەندگیرییەکی زۆری کرد بۆ لێکگەیشتنێکی هاوبەش لە نێوان تورکیا و ئێران بۆ ئایندەی سووریا، تورکیا بەمانەوەی ئەسەد ڕازیە و دەست لە پشتیوانیی ئۆپۆزسیۆنی سووریا هەڵدەگرێت لەسەر حسابی پەیەدە و کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا، ئێرانیش دەستبەرداری کورد دەبێت لەسەر حسابی خستنە دەرەوەی نەیارەکانی ئەسەد.

ئێستا لەسەروبەندی بەرەو کۆتایی ڕۆیشتنی سیناریۆی داعش، ئاماژەکانی بەهێزبوونەوەی ئەسەد و قبوڵکردنەوەی لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان دەرکەوتوون، وێڕای پلانی پێشوەختە و هاوبەش لەنێوان پەیەدە و دەسەڵات لە سووریا و هاوکاری و هەماهەنگیی نێوانیان لە دوورخستنەوەی مەترسییەکان لەسەر ئایندەی سووریا، سەرەڕای ئەوەی پەیەدە بەشێک بوو لە جەمسەربەندیی ئێران و ڕووسیا لە هاوکێشەکاندا، بەڵام پێناچێ مانەوە و بەهێزبوونەوەی ئەسەد بە قازانجی پەیەدە و مانەوەی کانتۆنەکان بێت. ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت بەریەککەوتن و پەلاماری لەشکری سووریایە بۆ سەر ناوچە کوردییەکان، واتا پەیەدە بە دۆستەکانی خۆی لە قاڵبی دەدەن. ئەمەش جیا لەوەی خواست و مەرجی تورکیایە بۆ مانەوەی ئەسەد، بەڵکوو لەبەر ئەوەش کە تاکە ناوچەیەک وەک جێپێی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بتوانرێ پشتی پێ ببەسترێ، ناوچە کوردییەکانن.

ئەمریکا هەروا بە ئاسانی گۆڕەپانەکە بۆ ئێران و ڕووسیا چۆڵ ناکات، هیچ دەروازەیەکی تریشی نییە جگە لەو جوگرافیا کوردییەی سووریا کە دراوسێی هاوپەیمانە ستراتیژیەکەیەتی، واتە تورکیا. کەواتا ئەمریکا پێویستی بە گۆڕەپانەکە هەیە نەک هێزەکەی. چونکە مانەوەی ئەو هێزە بەو ستراتیژەیەوە لەلایەن تورکیاوە قبوڵنەکراوە. لەبەر ئەوە ئایندەی پەیەدە و کانتۆنەکان لەبەردەم مەترسیی لەناوچووندان.

ئەوەی ئێستا دەگوزەرێ قۆناغی سیناریۆکانە، دوورکەوتنەوەی ئەمریکا و تورکیا بریتی نییە لە ستراتیژیەتی ئەم دوو هێزە، ئەوەندەی سیناریۆیەکە بۆ برینی دەستی ڕووسیا و ئێران لەو ناوچە سنوورییانەی تورکیا بە مەترسی لەسەر سەقامگیریی وڵاتەکەی دەیبینێت. پشتیوانی هاوپەیمانان لە پەیەدە بریتی نییە لە بەهێزبوونی پێگەی پەیەدە و گواستنەوەی لە جەمسەری ئێرانەوە بۆ تورکیا، ئەوەندەی کارکردنە بۆ گۆڕینی خودی پەیەدە بە هێزێکی وابەستە بە تورکیاوە. ئەمانە دوای شەڕی داعش و نیشتنەوەی دووکەڵی بە سوتماککردنی سووریا دەردەکەون.

کەواتا دوای شەڕی داعش و چەسپاندنی پلانی ناو ڕێککەوتننامەکان لەسەر زەمین، ئاسۆیەک نییە بۆ ئارامبوونی ناوچەکە، بەتایبەتی ناوچە کوردییەکانی سووریا. پێش هەر دوژمنێکی تر ئەگەری بەهێز ئەوەیە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی تورکیا، ئەسەد پەلاماری پەیەدە بدات، ئەوەی تورکیا دەیویست لە هاوپەیمانەکانی بەدەستی بهێنێ، بە دەستەبەرکردنی ناوچەیەکی ئارام لەناو خاکی سووریا وەک دڵنیاییەک بۆ سەقامگیریی ناوچە سنوورییەکانی، بەشار ئەسەد لە بەرامبەر مانەوەی، ئەو دڵنیاییە بۆ تورکیا مسۆگەر دەکات. تورکیا و ئەمریکاش لەوەدا یەکدەگرنەوە کە ئاسایشی تورکیا پارێزراو بێت. ئەمریکا وەک جێپێی خۆی پێویستی بە جوگرافیاکەی کوردستانە کە ئەمەش دڵنیایی زیاتر بۆ تورکیا مسۆگەر دەکات، بەڵام جیاوازی لە تێڕوانینیان بۆ ئەو پشتوێنەیە ئەوەیە کە کام هێزی کوردی دەتوانێ هاوپەیمانی ئەمریکا بێت.

ئەوەی تا ئێستا دەخوێندرێتەوە، سەربارى ئەوەی پەیەدە جۆرێک هەماهەنگی لەگەڵ ئەمریکا لەشەڕی داعشدا دروستکردووە، بەڵام لەهەمانکاتدا نەیتوانیوە خۆی لە وابەستەیی پەکەکە و ئێران قوتار بکات، ئەگەر تا ئێستا ئەم حاڵەتە بە ئاسایی چووبێتە سەر، ئەوە دوای شەڕی داعش پەیەدە دەکەن بە قوربانی. بۆ ئەوەی ئەمە ڕوونەدات، بۆ ئەوەی کورد لەسەر خاکەکەی خۆی بمێنێتەوە، پێویستە پەیەدە لەبری پەکەکە هاوپەیمانێتی لەگەڵ هێزە کوردییەکانی تری ڕۆژئاوای کوردستان دروستبکات، بەمەش لەلایەک یەکێتییەکی نەتەوەیی دێتە ئاراوە، لەلایەکی تریشەوە لە جەمسەری ئێران دەچێتە دەرەوە. ئەوکاتە دەتوانێ لەگەڵ تورکیاش پەیوەندییەکانی لەسەر بنەمایەکی دروست و هاوسەنگ ڕابگرێت و ببێتە هاوپەیمانێکی دوورمەودای ئەمریکا و هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی.



ڕابەر تەڵعەت

# کۆچ و جیهاد لە هەزارەی سێیەمدا

ئەو بەشە لە جوگرافیای ڕۆژئاوای کوردستان کە لە ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ خرایە سەر دەوڵەتی سووریا، جیاواز لە پارچەکانی تری کوردستان یەکێتییەکی بەهێزی جوگرافیای نییە. بۆ نموونە باشووری کوردستان پارچەیەکی پێکەوە بەستراوی جوگرافییەو خراوەتە سەر عێراق، ئەمە بۆ ڕۆژهەڵات و باکووریش هەر بەو جۆرەیە، بەڵام ئەو بەشەی لکێندراوە بە سووریاوە، پێکەوەییەکی بەهێز هەموو خاکەکە نابەستێت بەیەکەوە. بەشێکی زۆری دەچێتە قووڵایی ناو خاکی عەرەب و بە پێچەوانەشەوە لە چەند ناوچەیەک خاکی عەرەب دێتە قووڵایی کوردستانەوە. واتا لەڕووی دیمۆگرافی و جیۆپۆلەتیکەوە یەکێتییەکی لاوازە کە ئەمەش کاریگەری لەسەر پێگە و ئایندەی کورد دەبێت لەو وڵاتە.

بەدرێژایی سەدەی ڕابردووش، دەسەڵاتدارانی عەرەب سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزییان بەرامبەر بە کورد لەو ناوچانە پەیڕەو کردووە، ئەوەش یارمەتیدەرێکی گەورەکردنەوەی کەلێنەکانی یەکێتیی خاک و نەتەوەی کورد بووە لە سووریا و یەکێک لە هۆکارەکانی ناهاوسەنگیی شۆڕش و گەشەسەندنی بزووتنەوەی کوردیی ئەو بەشەی کوردستانە بەراورد بە پارچەکانی دیکە. بەڵام لە دەیەی یەکەمی هەزارەی سێیەمەوە بزاوتێک بەخێرایی گەشەی کرد، لەگەڵ پەرەسەندنی ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی و گەیشتنی ئاگری ڕاپەڕینەکان بە سووریا، کورد لە پێشهاتێکی چاوەڕواننەکراودا بەشێکی زۆری ئەو جوگرافیایەی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، توانرا لەژێر ناوی (کانتۆن) لە چەند بەشێکی ڕۆژئاوای کوردستان خۆبەڕێوەبەرێتی ڕابگەیەنن، هەرچەندە نەتوانرا کانتۆنەکان پێکەوە ببەستنەوە.

شەڕی داعش و پەلامارەکانی بۆ سەر ناوچە کوردییەکان، بەرەنگاربوونەوەی قارەمانانەی کچان و کوڕانی کورد، ناوبانگێکی گەورەی بە شۆڕشی کورد لە سووریا بەخشی، شێوازی خۆبەڕێوەبەرێتی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا، بەشداریی ژنان لە بەڕێوەبردن و لە بەرەنگاربوونەوەی داعش، بوونە هۆی ئەوەی جیهان ئاشنای کورد بێت لەو وڵاتە. تورکیا دژایەتییەکی زۆری کردن، مەرجی بۆ بەشداری لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی، پەراوێزخستنی ئەم بزووتنەوە کوردییە بوو. ئۆپۆزسیۆنی وڵاتەکەش لەسەر ئەرزی واقیع و لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکانیش لە دژیان بوون، لە کۆبوونەوەکانی جنێف مافی بەشداریکردنیان نەبوو، لە گفتوگۆ و ڕێککەوتنەکان خرابوونە دەرەوە. بەڵام بەهۆی چوونی پێشمەرگە بۆ کۆبانی، ئازایەتی شەڕڤانەکان، پشتیوانیی خەڵک و هەندێک لە هێز و دەزگاکانی باشوور بۆ ڕۆژئاوا، دەرگای گەورە بەڕوویاندا کرایەوە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەو هاوپەیمانێتییەی بۆ شەڕی داعش دروست کرابوو، بوونە پشتیوانی ئەو بزووتنەوە کوردیە، چەک و کەلوپەلی پێویستیان پێشکەش کردن و تا ئێستاش لەئاسمانەوە پشتیوانی شەڕڤانەکانن لەدژی داعش، بەڵام دوای داعش مەرج نییە ئەم هاوکێشەیە وەک خۆی بمێنێتەوە.

بەهۆی فەرامۆشکردنی بەشێک لە هێزە کوردییەکانی تر و ڕێگەنەدان بە بەشداریی سیاسیان لە کانتۆنەکان، لە دەرەوە ڕووبەڕووی ڕەخنە و لە ناوخۆشدا ناڕەزایەتی بەرامبەریان زۆرە، بەڵام ئەمە مەترسییە گەورەکە نییە لەسەر پەیەدە و ئایندەی ڕۆژئاوا. گەرچی بەهۆی ئەو لاوازییە دیمۆگرافی و جیۆپۆلەتیکییەی خاکەوە، پێکەوە نەبوونی کورد لەسەنگ و پێگەی کەم کردوونەتەوە، بەڵام هەڕەشە و مەترسیی گەورە لەو ڕێککەوتنە سێ قۆڵییەی ئێران تورکیا ڕووسیادایە لەسەر ئایندەی سووریا و ئەو لێکەوتانەی لەو ڕێککەوتنە دەکەونەوە، کە دوور نییە لەسەر حسابی پەیەدە و ئۆپۆزسیۆنی سووریا بێت. ڕووسیا نێوەندگیرییەکی زۆری کرد بۆ لێکگەیشتنێکی هاوبەش لە نێوان تورکیا و ئێران بۆ ئایندەی سووریا، تورکیا بەمانەوەی ئەسەد ڕازیە و دەست لە پشتیوانیی ئۆپۆزسیۆنی سووریا هەڵدەگرێت لەسەر حسابی پەیەدە و کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا، ئێرانیش دەستبەرداری کورد دەبێت لەسەر حسابی خستنە دەرەوەی نەیارەکانی ئەسەد.

ئێستا لەسەروبەندی بەرەو کۆتایی ڕۆیشتنی سیناریۆی داعش، ئاماژەکانی بەهێزبوونەوەی ئەسەد و قبوڵکردنەوەی لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان دەرکەوتوون، وێڕای پلانی پێشوەختە و هاوبەش لەنێوان پەیەدە و دەسەڵات لە سووریا و هاوکاری و هەماهەنگیی نێوانیان لە دوورخستنەوەی مەترسییەکان لەسەر ئایندەی سووریا، سەرەڕای ئەوەی پەیەدە بەشێک بوو لە جەمسەربەندیی ئێران و ڕووسیا لە هاوکێشەکاندا، بەڵام پێناچێ مانەوە و بەهێزبوونەوەی ئەسەد بە قازانجی پەیەدە و مانەوەی کانتۆنەکان بێت. ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت بەریەککەوتن و پەلاماری لەشکری سووریایە بۆ سەر ناوچە کوردییەکان، واتا پەیەدە بە دۆستەکانی خۆی لە قاڵبی دەدەن. ئەمەش جیا لەوەی خواست و مەرجی تورکیایە بۆ مانەوەی ئەسەد، بەڵکوو لەبەر ئەوەش کە تاکە ناوچەیەک وەک جێپێی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بتوانرێ پشتی پێ ببەسترێ، ناوچە کوردییەکانن.

ئەمریکا هەروا بە ئاسانی گۆڕەپانەکە بۆ ئێران و ڕووسیا چۆڵ ناکات، هیچ دەروازەیەکی تریشی نییە جگە لەو جوگرافیا کوردییەی سووریا کە دراوسێی هاوپەیمانە ستراتیژیەکەیەتی، واتە تورکیا. کەواتا ئەمریکا پێویستی بە گۆڕەپانەکە هەیە نەک هێزەکەی. چونکە مانەوەی ئەو هێزە بەو ستراتیژەیەوە لەلایەن تورکیاوە قبوڵنەکراوە. لەبەر ئەوە ئایندەی پەیەدە و کانتۆنەکان لەبەردەم مەترسیی لەناوچووندان.

ئەوەی ئێستا دەگوزەرێ قۆناغی سیناریۆکانە، دوورکەوتنەوەی ئەمریکا و تورکیا بریتی نییە لە ستراتیژیەتی ئەم دوو هێزە، ئەوەندەی سیناریۆیەکە بۆ برینی دەستی ڕووسیا و ئێران لەو ناوچە سنوورییانەی تورکیا بە مەترسی لەسەر سەقامگیریی وڵاتەکەی دەیبینێت. پشتیوانی هاوپەیمانان لە پەیەدە بریتی نییە لە بەهێزبوونی پێگەی پەیەدە و گواستنەوەی لە جەمسەری ئێرانەوە بۆ تورکیا، ئەوەندەی کارکردنە بۆ گۆڕینی خودی پەیەدە بە هێزێکی وابەستە بە تورکیاوە. ئەمانە دوای شەڕی داعش و نیشتنەوەی دووکەڵی بە سوتماککردنی سووریا دەردەکەون.

کەواتا دوای شەڕی داعش و چەسپاندنی پلانی ناو ڕێککەوتننامەکان لەسەر زەمین، ئاسۆیەک نییە بۆ ئارامبوونی ناوچەکە، بەتایبەتی ناوچە کوردییەکانی سووریا. پێش هەر دوژمنێکی تر ئەگەری بەهێز ئەوەیە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی تورکیا، ئەسەد پەلاماری پەیەدە بدات، ئەوەی تورکیا دەیویست لە هاوپەیمانەکانی بەدەستی بهێنێ، بە دەستەبەرکردنی ناوچەیەکی ئارام لەناو خاکی سووریا وەک دڵنیاییەک بۆ سەقامگیریی ناوچە سنوورییەکانی، بەشار ئەسەد لە بەرامبەر مانەوەی، ئەو دڵنیاییە بۆ تورکیا مسۆگەر دەکات. تورکیا و ئەمریکاش لەوەدا یەکدەگرنەوە کە ئاسایشی تورکیا پارێزراو بێت. ئەمریکا وەک جێپێی خۆی پێویستی بە جوگرافیاکەی کوردستانە کە ئەمەش دڵنیایی زیاتر بۆ تورکیا مسۆگەر دەکات، بەڵام جیاوازی لە تێڕوانینیان بۆ ئەو پشتوێنەیە ئەوەیە کە کام هێزی کوردی دەتوانێ هاوپەیمانی ئەمریکا بێت.

ئەوەی تا ئێستا دەخوێندرێتەوە، سەربارى ئەوەی پەیەدە جۆرێک هەماهەنگی لەگەڵ ئەمریکا لەشەڕی داعشدا دروستکردووە، بەڵام لەهەمانکاتدا نەیتوانیوە خۆی لە وابەستەیی پەکەکە و ئێران قوتار بکات، ئەگەر تا ئێستا ئەم حاڵەتە بە ئاسایی چووبێتە سەر، ئەوە دوای شەڕی داعش پەیەدە دەکەن بە قوربانی. بۆ ئەوەی ئەمە ڕوونەدات، بۆ ئەوەی کورد لەسەر خاکەکەی خۆی بمێنێتەوە، پێویستە پەیەدە لەبری پەکەکە هاوپەیمانێتی لەگەڵ هێزە کوردییەکانی تری ڕۆژئاوای کوردستان دروستبکات، بەمەش لەلایەک یەکێتییەکی نەتەوەیی دێتە ئاراوە، لەلایەکی تریشەوە لە جەمسەری ئێران دەچێتە دەرەوە. ئەوکاتە دەتوانێ لەگەڵ تورکیاش پەیوەندییەکانی لەسەر بنەمایەکی دروست و هاوسەنگ ڕابگرێت و ببێتە هاوپەیمانێکی دوورمەودای ئەمریکا و هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی.



بەرزان فەرەج
barzanfa@gmail.com

جیهانێکی دی

# قوربانییەکانی پاشا و شۆڕشی خامۆش

دوای پێنج ساڵ لە بەهاری عەرەب، لە 28ی ئۆکتۆبەری پێشوودا لە دیمەنێکی تراژیدیی ترسناکتر لە مەرگی بوعەزیزیی تونس، فیکری موحسینی ماسیفرۆش بۆ قووتی ڕۆژێکی خێزانەکەی بووە قوربانییەکی دیکەی شۆڕشی شکستخواردووی وڵاتێک کە بووەتە موڵکایەتییەکی ئەبەدیی بنەماڵە و پاشایەکی پەرستراو و ئەو سیاسییە بازرگانانەی تێناگەن کە هاواری ملیۆنان هەژاری بێ هیوا لە ژیان و ئاییندە، تەنها داوای بەدیهێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و کەمترین ژیانە لە دەسەڵاتێک کە هەرگیز ئامادە نییە بەشێکی کەم لە دەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانیی خۆی لەگەڵ ئەوانی دیدا بەش بکات.

بەبیانووی بە نایاسایی فرۆشتنیەوە، هەموو ماسییەکانی موحسین فیکری کە سەرچاوەی ژیانی ئەو ڕۆژەی خۆی و خێزانەکەیەتی، لەلایەن پۆلیسی مەغریبییەوە داگیر دەکرێن و بە بەرچاوی خۆیەوە فڕێ دەدرێنە ناو پیکابی خۆڵڕێژەوە کە بە چەقۆ ئاسنینەکانی لەگەڵ خاشاکدا دەیانهاڕێت. بەڵام ئەم بەو تروسکە هیوایەی کە نابێت ڕزقی ڕۆژێکی خۆی و خێزانی ئاوا بەبا بڕوات و بێ نان بمێنێتەوە، بێ هوودە بە بەرچاوی پۆلیسەکان و ئەو خەڵکانەی دەوروبەری کە دیمەنی کارەساتەکەیان بە مۆبایلەکانیان دەگرت، بۆ دەرهێنانەوەی ماسییەکانی خۆی فڕێ دەداتە ناو پیکابی خۆڵڕێژەکەوە و چەقۆکانی لەگەڵ خولانەوەیاندا جەستەی پارچە پارچە دەکەن و تێکەڵاوی خۆڵ و خاشاک و پاشەڕۆی کۆکراوەی دەکەن. ئەم دیمەنە یەکسەر لە مۆبایلەکانەوە بە هەموو مەغریب و جیهانی عەرەبی و دنیادا دەگەڕێت و هەموو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە. شەپۆلێکی ناڕەزایی و خۆپیشاندان دەتەقێنێتەوە دژی دەسەڵاتداران و هاواری بەدیهێنانی عەدالەت بەرز دەبێتەوە و جارێکی دی مەغریبییەکان دەکەونەوە ناو یادەوەریی ڕۆژانی بزووتنەوەی (20ی شوبات)ی 2011 کە تێیدا لە گەرمەی بەهاری عەرەبدا هیوایان بەوە بوو دەسەڵات ئاوڕێک لە شۆڕشی ئارامیان بداتەوە. بەڵام مەرگی موحسین بێ هیواو بێ هوودە هەر زوو مەرگی شۆڕشێکی دیکەی مەغریبییەکانی ڕاگەیاند و بەخێرایی هەموو شتێک لەبیر کرا، هەروەک ئەو بەڵێنانەی کە دەسەڵات لە دوای بزووتنەوەی 20ی شوبات بە هەژارانی دا بە بەدیهێنانی عەدالەت و چاکسازیی ئابووری و خۆشگوزەرانکردنی خەڵک.

لە مەغریب هەموو ناڕەزاییەکان بە بێدەنگی و بەناوی پیرۆزیی پاشای مەغریب و ئەمیری موئمینینەوە کۆتایی دێت و دواجار دەسەڵات هیچ لێپرسراوێتییەک لە مەرگی موحسینەکان و ملیۆنان هەژاری دیکە ناگرێتە ئەستۆ لە کۆمەڵگەیەکدا کە دەسەڵات وای فێرکردوون دەبێت هەمووان تێیدا خۆشحاڵی و شوکوربوون بە بەشی خۆیان نمایش بکەن و شاد بن بەوەی کە خودا (مەولای ئەمیری موئمینین)ی کردووە بە پاشایان.

مەغریب وڵاتێکە سیستەمەکەی پاشایەتییە، بەڵام تێیدا دەسەڵاتی حوکم بە دیموکراسیەت لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت. واتە لە مەغریب گەل دەسەڵات دروست دەکات، بەڵام دواتر دەسەڵاتی ژێر سێبەری پاشا دەبێتە ئامرازی هەمیشە سەرکوتکردن و خنکاندنی دەنگی خەڵک.

خەڵکی مەغریب لە گوتارێکدا هاوبەشن، بەرجەستەی بێزارییان لە ژیانی ناو سیستەمێک دەکات کە نازانرێت دەبێت چەند شۆڕش و ناڕەزایی دیکە تێیدا بە بێدەنگی و نهێنی دابمرکێنرێت تا ئاسۆیەکی گۆڕان دەرکەوێت. کە پرسیاری (چۆنی) لە مەغریبییە سادەکان بکەیت، هەموو یەک وەڵام دەدەنەوە: (ئەنا مەتحوون) واتە من هاڕدراوم یان هاڕیویانم. هاڕینی جەستەی موحسین لە پیکابی خۆڵدا ئەو دەستەواژە مەجازییەی بە واقیعی نمایش کرد.

لەبەرامبەریشدا دەسەڵات گوتارێکی دیکەی باڵادەست کردووە و وێنەی مەغریبێکی شاد و هێمن و سەقامگیر لای دەرەوە و ئەو بیانیانەدا نیشان دەدات کە وەک گەشتیاری سێکس ڕوودەکەنە ئەو وڵاتە و هەر گەشتیاری سێکسیش بڕبڕەیەکی سەرەکیی ئابووری و گوزەرانی وڵاتەکەیە کە دەوڵەمەندییەکی بێ سنووری بۆ توێژێکی بچووک و ژیانێکی کولەمەرگیی بە لاقەکراویی کەرامەتەوە بۆ ملیۆنان هەژار فەراهەم کردووە. گەر گەشتیارێک لە هەر مەغریبییەکی خۆشنود یان ترساو بپرسێت (چۆنی؟) وەڵامێکی ئامادە دەبیستێ: "لە مەغریب هەموو خەڵک بە یەک ئەندازە بەختەوەرن". واتە ئەو دەوڵەمەندەی لە کۆشکێکی قەشەنگدا دەژی و ژەمە خواردنەکانی بێ مەشوی و کوسکوسی شاهانە نییە، لەگەڵ ئەو هەژارەی لە کەلاوە و کونجە داڕووخاوەکاندا دەژی و ژەمی ڕۆژانەی شۆربایەکی (حەریرە) و پارچە نانێکە، هەردووکیان بەختەوەرن. کێ باوەڕ بەم لۆژیک و گوتارە ئیستیهلاکیەی دەسەڵات دەکات کە لەبەر ئەوەی گەلێک لەژێر سایەی پاشایەکدا دەژی ئارامی و ئاسایشی بۆ مسۆگەر کردوون، ئیدی ئاستی ژیان و گوزەران هیچ مانایەکی نییە و خەڵک مەحکومن، بە تایبەتی هەژارەکان، کە بەو قەدەرە ڕازی بن و خۆشبەخت بن بەوەی یەکێک لە نەوەکانی بنەماڵەیەکی بەڕەگەز عەلەوی کە لەسەدەی حەڤدەهەمەوە حوکمی مەغریب دەکەن، مەولانا محەممەدی شەشەم پاشایان بێت؟ پاشایەک کە لەلایەکەوە ئابووریی وڵاتەکەی بە گەشتیاریی سێکس و ئۆتێلە قەشەنگەکان و دیسکۆ و مەلهاکان خستووەتە گەڕ، لەلایەکی دیکەوە نازناوی ئەمیر ئەلموئمینینی بەخۆی داوەو خۆی بە میراتگری ئالای پێغەمبەری ئیسلام دادەنێت و مەزنترین مزگەوتی جیهان لە مەراکیش دروست دەکات.

مەغریب وڵاتێکی هەژارە و خاوەنی نەوت و گاز و کانزا نییە، بەڵام پاشاکەی یەکێکە لە ملیاردێر و هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهان و لە ڕیزبەندیدا پێش میری قەتەریش کەوتووە و تەنیا سامانی شەخسیی خۆی جگە لە براو کەسانی دیکەی بنەماڵەکەی، سێ ئەوەندی سامانی میری قەتەر دەبێت. هاوکێشەکەش ئاسانە، لەڕاستیدا سەراپای مەغریب لە موڵکایەتیەکی شەخسیی پاشا و بنەماڵەکەی زیاتر چیدی نییە کە نەک هەر دەسەڵات و خاک، بەڵکو شادەماری ئابووریی وڵاتیشی کردووەتە موڵکی خۆی. پاشا خاوەنی (کۆمپانیای نیشتمانیی وەبەرهێنانە) کە گرووپێکی فرە لقە لە سەرتاپای وڵاتدا و هەموو جووڵەیەکی ئابووریی ئەو وڵاتەی مۆنۆپۆڵ کردووە، هەر لە بازرگانیی شمەک و بنیاتنان و خانووبەرەو گەشتیاری و تەلەفۆنەوە تا دەگاتە بانکەکان و بازاڕی دراو.

ئەوەی لە مەغریبدا ڕوودەدات، نموونەیەکە لە هەموو بەشەکانی دیکەی ئەم جیهانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نزیک و دوورەدا دووبارە دەبێتەوە، هەموو خەڵکە هاڕدراوەکان ململانێیەک لەسەر ژیان نەک لەسەر دەسەڵات وەکو چەمکی سیاسی و حوکم لەگەڵ دەسەڵات دەکەن. مرۆڤگەلێکی هەژار تەنها داوایان لە دەسەڵات دابینکردنی ژیانێکی سادە و کەمترین بەشی خۆیانە لە سامان و خێری نیشتمانێک کە هی هەموویانە نەک تەنها موڵکی پاشا و سەرۆک و سەرکردەی حیزبەکان، لە بەرامبەریشدا دەسەڵات لە پشتی ئامرازی حوکمی سیاسییەوە سەرتاپای نیشتمانی بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆی مۆنۆپۆڵ کردووە و لە خەیاڵێکدا دەژی کە سامان و دەوڵەمەندبوون پاراستنی پایەکانی مانەوەو دەسەڵاتی زامن دەکات، بۆیە ئامادە نییە کەمێک لەم خۆشگوزەرانییە لەگەڵ ڕەعیەتەکەی خۆیدا دابەش بکات.

لەوانەیە هاوکێشەکە لەوە ئاسانتریش بێت. لە پشتی یاخیبوون و شۆڕشەوە ململانێیەک هەیە بۆ دابەشکردنی پارەو سامان و خێر و بێر، ئەم دابەشکردنە لەناو سیستەمە ڕۆژئاوایی و دیموکراسیەکاندا بە جۆرێک ڕێکخراوە کە سەرباری ناعەدالەتی و ناهاوتایی لە دابەشکردندا، بەڵام چ نەبێت لەو سیستەمە سەرمایەدارییانەدا جۆرێک ڕکێفی وەحشیبوونی سەرمایەدار (بە پێناسەی مارکس) کراوە کە لە پاڵ ملیاردێرەکاندا ئاستی سەرەکیی ژیان و گوزەران بۆ هەموو کەسێکیش دابین بکرێت لە (کار، داهاتێکی مانگانە و شوێنی ژیان).

بەڵام لەم جیهانە فەرامۆشکراو و بێ یاسا و سیستەمانەدا، توێژێک هەموو ملیارەکان و هەموو خۆشییەکانی لایەو لێشاوێکیش لە خەڵکی هاڕدراو لێی بێبەشن. ئەم هاوکێشەیەش ئاسانە. بێبەشەکان تەنها ژیانێکی سادەیان دەوێت، ئەوان بە دیکتاتۆرەکانیش ڕازین، تەماعیان نەکردووەتە دەسەڵاتیان، بەوەش ڕازین کە تا دێت ملیارەکانیان بخەنە سەر یەک، بەڵام لە بەرامبەردا تەنیا بەشی ژیانێکی سادەی ڕۆژانە بۆ ئەمان جێبهێڵن، ئەوە هاوکێشەکەیە کە پاشاکان، سەرۆکەکان، سەرکردە سیاسییەکان، دانیشتووی گەڕەکی فیرعەونەکان و گردەکان لێی تێدەگەن، بەڵام بەو ناهاوتاییە کەمەش ڕازی نابن کە دڵۆپێک لە دەریای ملیارەکانی خۆیان بۆ ئەو زۆرینەی هەرە زۆرە جێبهێڵن. ئەو زۆرینەیەی ژیان دروست دەکەن و هەر ئەوانیش دەتوانن سەرلەبەری تێکبدەن و بیرووخێنن، بە کۆشکی سەرکردەو فیرعەونەکان و هەموو گردەکانی دەسەڵاتیشەوە.

* حەریرە، شۆربایەکە لە نۆکی هاڕدراو و بەهارات، خواردنی سەرەکیی هەژارانی مەغریبە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی

rebwar.karim@rudaw.net

# پەکەکە شنگال چۆڵ دەکات؟

1

سەرباری ئەوەی کە موراد قەرەیلان ڕایگەیاندووە پەکەکە ئامادەیە شنگال چۆڵ بکات، بەڵام پێناچێ پەکەکە وا بە ئاسانی دەستبەرداری ئەو پێگەیە بێت کە لە ئەنجامی هەوڵێکی مێژوویی و لە مێژینە دەستی کەوتووە. جارێ هەر خودی ئەوەی کە پەکەکە چۆن و بۆچی خۆی خزاندە ئەو ناوچەیەوە جێگەی پرسیارە. پەکەکە زۆر لەمێژە و تەنانەت ئەو کاتەی کە سەددامیش لەسەر حوکم بوو، بەهۆی بوونی بنکە و بارەگاکانی لە مووسڵ، توانای دەستڕەسییان بە خەڵکی ناوچە کوردنشینەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان هەبوو، بۆیە ئەو ناوچانە و بەتایبەتیش ناوچە ئێزدینشینەکان بە درێژایی دەیەی ڕابردوو مەیدانی ململانێی نێوان پارتی و پەکەکە بوونە. هەردووکیان بەو ئاراستەیە کاریان کردووە کە وا خۆیان نیشانی ڕای گشتی بدەن، پارێزەری نەتەوە، ئایین و ئایینزاکانی کوردستانن، تا لەو ڕێگەیەوە پشتیوانیی زیاتری نێودەوڵەتی بەدەست بهێنن. هاوکات پردەکانی پێکەوەبەستنەوەی بەشەکانی دیکەی کوردستان کە جێگەی تەماح و نفوزی هەردووکیانن، کۆنترۆڵ بکەن. نیگایەکی خێرا بە هەڵکەوتەی جوگرافیی بنکەکانی پەکەکە لە ناوچە سنوورییەکان ئەوە دەردەخات کە پەکەکە چۆن سنوورەکانی کۆنترۆڵ کردوون.

شنگال کارتێکی گرانبەهایە کە کەوتووەتە دەست پەکەکە و وا بە ئاسانی نایداتەوە بە پارتی. لەو پێناوەدا، دەبێ پارتی هەندێک شت بۆ پەکەکە دەستبەر بکات. ئەولەوییەتی داواکانی ئێستای پەکەکە لە پارتی ئەوەیە کە بیپارێزێت، داشی پارتی لە هەموو لایەکەوە سوارە و پەکەکە لە پاشەکشەدایە. بۆیە زامنکردنی دانوستاندنێکی شەرافەتمەندانە لە نێوان پەکەکە و تورکیا، ئیمتیازێکی گەورەیە بۆیان و، باشیش دەزانن کە کشانەوەیان لە شنگال مەتڵەبێکی نێودەوڵەتییە، جا ئەوە لە ڕووی بەرژەوەندییەوە بێت، یان ئەوەی کە پارتی توانیبێتی بیکاتە ڕۆژەڤی ئەو وڵاتانە.

بە هەردوو باردا دەردەکەوێ کە پارتی لەو هاوکێشەیەدا دەستی زۆر بەهێزە و کەسیش وەکو جاران بە فریای پەکەکەوە نەهات، چونکە ئامانجی سەرەکی بە خۆشی بێت یان بە ناخۆشی، بەستنەوەی ڕۆژئاوای کوردستانە بە باشوورەوە، ئەوەیش کە بیەوێ ڕێگری لەوە بکات، بە دەردی ئەنسارولئیسلام و کۆمەڵ دەچێ لە تەوێڵە و بیارە.

## بارزانی مەرجەعە

2

کوردستانی ڕۆژئاوا کە ئێستا لە سایەی حوکمڕانیی پەکەکەوە، پێناسەکەی لە هەموو بەها نیشتمانی و نەتەوەییەکان داماڵدراوە و کراوەتە ناوچەیەکی جوگرافیی ڕووت (باکووری سووریا) لە گێژاودایە. گێژاوێک کە بەرئەنجامی سیاسەت و تاکتیکە بێماناکانی پەکەکەیە. کەس نازانێ ئەمڕۆ دەسەڵاتەکەی پەکەکە کە خەڵکی خۆیشی لەگەڵدا نییە، لەگەڵ کێدایە؟ کێ پشتیوانیەتی و چۆن درێژە بە مانەوە دەدات؟ سەیر ئەوەیە بە درێژایی چەند ساڵی ڕابردوو، خەڵکی کورد و دنیا وا تێگەیەندراوە کە پارتی و بارزانی دوژمنی سەرسەختی دەسەڵاتی پەکەکەن لە ڕۆژئاوا! ڕەنگبێ لە دەرەوەڕا وا ببینرابێت، بەڵام لەڕاستیدا بارزانی لە هەموو ڕوویەکەوە گەورەترین پشتیوانیی لە پەکەکە کردووە لە ڕۆژئاوا. چونکە لێگەڕێ لەوەی کە چۆن پەکەکە چەکدارەکانی خۆی بردنە ئەوێ و بالادەستیی سەربازیی بۆ خۆی دەستەبەر کرد، بارزانی لە ڕووی هاوکاریی سەربازی، مرۆیی و ئابووری و هاوکات بەدەستهێنانی پاڵپشتیی نێودەوڵەتیش پارێزەری ڕۆژئاوای کوردستان بووە. هەر بۆیە هەموو ئەوانەی ئەمڕۆ دەیانەوێ نەخشەی داهاتووی سووریا دابڕێژنەوە، باش دەزانن کە وجودی پەکەکە و ئەو باڵادەستییەی بە زەبری چەک دەستەبەری کردووە، کاتی و ڕاگوزەرە، بۆیە ڕوویان لە بارزانییە.

ئەوەی ئەمڕۆ پەکەکە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان وەکو ماف دەیبینێ، 5 ساڵ پێش ئێستا لە سایەی بارزانییەوە بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژئاوا بە زیاتریشەوە دەستەبەر کرابوو، ئەگەر پەکەکە بەڵێنەکانی خۆی بردبایە سەر. ئەوانەی ئەمڕۆ پاڵپشتی سیاسەتەکانی پەکەکە دەکەن لە ڕۆژئاوا، ئایا قەت لە خۆیان و پەکەکەیان پرسیوە کە مادام دەسەڵاتەکەتان هێندە دیموکراتییە، ئەو هەموو پەنابەرەی ڕۆژئاوا بە چییان لە ژیانی زەحمەتی نێو کەمپەکانی کوردستانی باشوور داوە!

بۆیە پەکەکەش دەبێ مەرجەعییەتی بارزانی بۆ داهاتووی کوردستان قەبوڵ بکات، وەک چۆن هێزەکانی باشوور و ڕۆژهەڵات قەبوڵیانە. لە غەیری ئەوە ئەو (گەل) ەی کە وێردی سەر زمانیانە، چیدی ئەو موزایەدە و ساختەکارییەیان لێ قەبوڵ ناکات. دەرفەتێک هەیە کە پەیەدە، بە ئاگری پەکەکەوە نەسووتێ و بزووتنەوەی کوردایەتی لە ڕۆژئاوا لە شەڕی دژی تیرۆرەوە نەبێ بە جوڵانەوەیەکی تیرۆریستی. ئەگەر پەکەکە بیەوێ لەسەر تاکڕەوی بەردەوام بێت، بارزانی پشتیان ناگرێ و قسەی خێریشیان بۆ ناکات. بۆیە هەقە پەکەکە لە سۆنگەی ئەو بارودۆخەی کە دەرئەنجامی هەڵە ستراتیژییەکانی بووە لە دیاریکردنی دۆست و دوژمن، جارێکی دیکە بە وردی بەخۆیدا بچێتەوە، چونکە (کات) ڕەحم بە کەس ناکات.

## کەچەڵ حەسەن

3

پڕۆژەکەی گۆڕان، سەراوبنکردنەوەی پڕۆژەکەی پارتی و پەیامەکەی بارزانییە. ڕاستییەکەی چارەسەری قەیرانی سیاسییە بە میتۆدی دروستکردنی قەیران.. ئەولەویەتی چارەکردنی قەیرانی سیاسی و وەگەڕخستنەوەی پەرلەمان و کاراکردنەوەی حکومەت، گۆڕینی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نییە. پارتییەکان جاران خەونیان بەو ڕۆژەوە دەدیت کە مام جەلال نەمێنێ، بەڵام ئێستا کاڵەک بە ئەژنۆی خۆیان دەشکێنن! ئەوانەی کە خۆیان بە خەمخۆر دەزانن، دەبێ زۆر شوکر بن کە هێشتا هەم پارتی و هەم کوردستان کەسێکی وەک کاک مەسعودی تێدا ماوە. کاک مەسعود، ڕابەرایەتییەکەی بەرهەمی تەوافوقی سیاسی نییە و پێگەکەشی پۆست نییە، بەڵام ئەگەر ئیسرارێک هەیە لەسەر ئەوەی پێگەکەی بەرهەمی پۆستە، دە کەواتا یەکێک بدۆزنەوە بۆ ئەو پۆستە و ئینجا ئەوکات گۆڕینی ئاسانە.



زریان ڕۆژهەڵاتی

لەناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

# کۆتایی داعش و ئیسلامگەرایی لە کوردستان

جەنگی داعش ڕێگای گرت لەوەی کە شەپۆلی ئیسلامگەرایی وەک پرۆژەیەکی سیاسی لە کوردستان سەربکەوێت، بەڵام لەوانەیە قۆناغی دوای داعش ڕێگا بۆ بەهێزبوونەوەی حیزبە ئیسلامییەکان خۆش بکات.

لە کاتێکدا کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاسۆکانی جەنگی داعش ڕوونتر دیار دەبن، سێ لایەنی ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان بڕیاریان داوە لیژنەیەکی باڵا بۆ "کاری هاوبەش و دانانی ڕێوشوێنەکانی یەکخستنیان" پێکبهێنن. هێشتا دیار نییە ئەمە سەردەگرێت یان نا، بەڵام ئەگەر وای دابنێین کە سەردەگرێت، ئەوسا پرسیاری جدی لەبەردەم ئەو هاوپەیمانییە گریمانەییەدا ئەوەیە کە چۆن لەگەڵ بابەتە نەتەوەییەکاندا دەجوڵێتەوە؟ ئایا بەشێک لە مێژووی سیاسی کوردی دووبارە دەکاتەوە و ڕێگا بۆ پرۆژەیەکی نوێی ئیسلامی- کوردی خۆش دەکات، یان ڕوویەکی ئایدیۆلۆژیی بەهێز دەگرێت و تەگەرە بۆ بابەتە نەتەوەییەکان دروست دەکات؟

### ئیئتیلافی هەڵبژاردن یان هاوپەیمانیی ستراتیژی؟

لەوانەیە هەر سێ لایەنی یەکگرتوو-کۆمەڵ-بزووتنەوە کە پاشگری ئیسلامییان هەڵگرتووە، بیانەوێت خۆیان بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی هەرێمی کوردستان ئامادە بکەن و "کاری هاوبەش" ەکەیان ئیئتیلافێکی هەڵبژاردنی لێبکەوێتەوە. ئەگەر لەو هۆکارانە بکۆڵینەوە کە پاڵ بە حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستانەوە دەنێن لەبەر سیاسەتی ناوخۆ و هەڵبژاردنی داهاتوو، بیر لە دروستکردنی میکانیزمێکی هاوبەش بکەنەوە، دەتوانین سەرەتا ئاماژە بە سەرنەگرتنی پرۆژەی گۆڕان بکەین. لەڕاستیدا هەوڵەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ئەو شتەی کە خۆی بە "چاکسازیی لە سیستەمی سیاسی و حوکمڕانیی کوردی" ناوی دەبرد، بە هۆکاری جیاجیا سەری نەگرت و دواجاریش بەشداریکردنی لە حکومەت، نزیکبوونەوەی لە یەکێتی و بوونی بە شەریکی ئیدارەی سلێمانی، وای کرد حیزبە ئیسلامییەکان چاو لەو جەماوەرە نارازییە ببڕن کە پێشتر گۆڕان یاریی لەسەر دەکرد. لەوانەیە ئیسلامییەکان پێیانوابێت کە پێکەوە دەتوانن بەشێکی زۆری دەنگەکان بۆ خۆیان بماشنەوە.

جگە لەوە، لەوانەیە حیزبە ئیسلامییەکان بیانەوێت بە هاوپەیمانیی خۆیان، باڵانسێک لەلایەک بەرامبەر هاوپەیمانیی گۆڕان- یەکێتی و لەلایەکی دیکەش، بەرامبەر پارتی دروست بکەن.

هەڵبەت زەمینەی لەبار هەیە بۆ ئەوەی "کاری هاوبەش"ی ئەو سێ لایەنە ئیسلامییە، لە ئیئتیلافێکی هەڵبژاردنەوە بۆ هاوپەیمانییەکی ستراتیژی بگۆڕێت. بەشێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستاندا گوتاری نەتەوەگەرایی کوردی لە پاشەکشەدایە و ئەمەش دەرفەت بۆ گەشەکردنی ڕەوتە ئیسلامییەکان دەخولقێنێت. سنوورەکانی ململانێ و کێشمەکێشی پارتی -پەکەکە و یەکێتی و گۆڕان-پارتی، کاریگەریی ڕاستەوانەی لەسەر ئەم پاشەکشەیە هەبووە. جگە لەوە، لە بەشێکی ڕای گشتیدا، هەموو شکست و سەرنەکەوتوویییەکانی حوکمڕانیی کوردی، لە حیسابی ئەو حیزبانە دادەنرێ کە بە "نەتەوەگەرا" ناودەبرێن و ئەمەش دەرفەت بۆ گەشەکردنی گوتارێکی بەدیل دەڕەخسێنێ کە دەشێ ئیسلامگەرایی بێت.

### سوننەگەرایی وەک بەشێکی شوناسی کوردی

بەهێزبوونی شیعە لە عێراق بە جۆرێک کە خەریکە فۆرمی دەوڵەت لەم وڵاتە دەگۆڕێت و وەک دەوڵەتێکی شیعیی لێدەکات، دەتوانێت هۆکارێکی دیکە بێت بۆ ئەوەی ئیسلامییەکانی کوردستان زیاتر بکەونە خۆیان و یەکبگرن. لەوانەیە بەهێزبوونی حەشدی شەعبی و مەترسیی باڵادەستیی شیعی، شوناسی کوردی زیاتر ئاوێتەی سوننەگەرایی بکات و بەمەش دەرفەتی بەهێزبوونی حیزبە ئیسلامییەکان لە داهاتوودا زیاتر بێت.

جگە لە فاکتەری ترس لە شیعە، جوڵانەوەی نەتەوەگەرایی کوردی بەشێوەیەکی نەریتی ئاوێتەی دین بووە و دەمارێکی شاراوەی سوننەگەرایی تێدایە. بەشێکی زۆر لە سەرکردەکانی جوڵانەوەی نەتەوەگەرایی کورد یان سەر بە بنەماڵە ئایینییەکان بوون، یاخود لە چینی باڵادەستی کۆمەڵگەی کوردییەوە هاتوون کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ دەزگای ئایینیدا هەبووە. هەڵبەت کاریگەریی ئاین و مەزهەبی سوننە لەسەر جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد تەنها ئەوە نەبووە و زۆر جاریش گوتاری مەزهەبی ڕێگەی لە گەشەکردنی بزاڤی نەتەوەگەرایی کوردی گرتووە یان بەلاڕێیدا بردووە. لەوانەیە هاوپەیمانیی گریمانەیی حیزبە ئیسلامییەکان، پرۆژەیەکی ئیسلامی- کوردی لێ بکەوێتەوە، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کە ئەگەری بوونیشی بە پرۆژەیەکی ئایدیۆلۆژی- دینیی بەهێز لە ئارادا هەیە و ئەوەش دەتوانێت پرۆژەی کوردی لاواز بکات.



مامەند ڕۆژە

لەناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

# دوو دەوڵەت – یەک وڵات دۆزی ستراتیژیی ئەمساڵ

ساڵی 2016 هاوشێوەی 2015، دۆزی ستراتیژی لە هەرێمی کوردستان بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داعش و ڕەواندنەوەی سەرچاوەکانی هەڕەشەی سەلەفیەتی جیهادی لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان بوو. ئێستا ئێمە تازە پێدەنێینە ساڵی تازەوە. لێرە دەپرسین گەلۆ دۆزی ستراتیژیی هەرێمی کوردستان لەساڵی 2017دا چییە؟ دەپرسین ئایا لەم ساڵەدا بڕبڕەپشتی پێشهاتە سیاسییەکان چین؟

### دیفاکتۆی دەوڵەت هەتا جەنگی چەتەیی

پێدەچێ لە ساڵی 2017دا ئۆپەراسیۆنی مووسڵ بەشێنەیی بەرەو یەکلابوونەوە بڕوات. هەروەها ئەگەری ئەوە بەهێزە لە ساڵی 2017دا جەنگی مووسڵ نەبێتە جەنگی قەلاچۆکردنی داعش! فاکتەکانیش ئەوە دەسەلمێنن کەوا داعش وەکوو دیفاکتۆ خەلافەت و دیفاکتۆ- دەوڵەت لە عێراق نامێنێت. بەڵام لەمەودوا داعش وەکوو گرووپێکی چەکداری ڕوودەکاتە جەنگی چەتەیی و ستراتیژی جەنگی پارتیزانی پیادە دەکات. بۆیە پێشبینی دەکرێ لە 2017دا یەکێک لەو هەڕەشانەی بەرۆکی هەرێمی کوردستان دەگرێ، هەڕەشەی داعش بێت.

جۆری هەڕەشەی داعش پێشبینی ناکرێت، بەڵام پێدەچێ لەتوێی چەند تاکتیکێکی سەربازیدا خۆی بنوێنێت. بۆ نموونە: لە شارە کوردنشینەکانی سنووری عەرەبستانی عێراق، پێدەچێ تاکتیکی هێرشی بەکۆمەڵ پیادە بکات. واتە هاوشێوەی ئەو هێرشانەی لە کەرکوک کردوونی. ئەمەش شنگال، باشیک، مەخموور، دوبز، کەرکووک، دووزخورماتوو، داقوق، قەرەتەپە، گوڵاڵە، کفری، کەلار، خانەقین و تاد دەگرێتەوە.

لە هەندێک ناوچەش داعش تاکتیکی جەنگیی وەکوو تەقاندنەوە و هێرشی خۆکوژی ئەنجام دەدات. ئەمەش شارەکانی هەولێر، سلێمانی و تەنانەت دهۆکیش دەگرێتەوە. بەتایبەت ئەگەری ئەوە بەهێزە داعش لەمەولا چاوی خۆی لەسەر پایتەخت زیاتر چڕبکاتەوە و تاکتیکی نوێ بەرهەمبهێنێ. لەو واوەتر داعش دوای شکستی مووسڵ، سیاسەتی دژمنکاریی زیاتر لەدژی کورد پەیڕەو دەکات. لەمەولا هەموو کوردێک بۆ داعش ئامانجە مەدەنی بێت چی سەرباز!

ئەگەری ئەوەش هەیە داعش بیەوێ لە بەرزاییەکانی حەمرینەوە بەرەو بەرزاییەکانی قۆپی قەرەداغ، ئاجداغ، بەمۆ، زمناکۆ، شەمێران و هەورامان و تەنانەت ناوچەکانی دیکەش بکشێ و بیەوێ لە ناوچە کوێستانییەکانی کوردستان ڕەگ دابکوتێت. لەم حاڵەتەدا ئەگەری هەڕەشە بۆ سەر ناوچەکانی دەربەندیخان، هەڵەبجە، خورماڵ، هەورامان و پێنجوێن و تەنانەت شارباژێر لەئارادا دەبێت.

### هەولێر: بەرەو پۆست- فیدراڵیزم

پێدەچێ بڕبڕەی پشتی دۆزی ستراتیژیی ئەمساڵ چیتر داعش نەبێت. پێدەچێ ئەمساڵ ڕۆژەڤی گەورەتر ببنە دۆزی ستراتیژی بۆ هەرێمی کوردستان. گرنگترینیشیان ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقە. هەر لە ئێستاوە گەلێک پرۆژە بۆ ئەمە ئامادەکراون. لە پرۆژەی جاڕدانی سەربەخۆییەوە بگرە هەتاوەکوو پرۆژەی کۆنفیدراڵیزم یاخود مانەوەی دۆخی ئێستا وەکوو خۆی بە کەمێک جیاوازییەوە، واتە فیدراڵیەتێکی بەرفراوانتر!

هەڵبەت ئەمە پەیوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵ دۆسیەی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستان هەیە. ئەگەر دۆسیەی ناوخۆیی ڕێکنەخرێتەوە، ئەگەر دەزگا شەرعییەکان وەگەڕ نەخرێنەوە، ئەگەر پەیوەندییەکانی پارتی لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان ئاسایی نەکرێتەوە، ئەگەر پەیوەندییەکان لەگەڵ کەجەکە ئاسایی نەکرێنەوە، ئەوە پەیوەندییە ناوخۆییەکان دەبنە سەرچاوەی هەڕەشەی ناوخۆیی و هەڕەشە لە پایەکانی ئاسایشی نیشتمانی کوردستان دەکەن.

لەمە بەولاوە، لە ئەگەری ڕێکخستنەوەی دۆسیەی ناخۆیی گرنگترین بابەت کە دەبێتە دۆزی ستراتیژی بۆ ساڵی 2017، ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی کورد — شیعە یاخود هەرێمی کوردستان و کۆماری فیدراڵیی عێراقە! ئەمە لە سەرچاوەی هەڕەشە بێبەری نییە، بەڵکوو هێزێکی ئایدیۆلۆژیی فراوانخوازی پۆشتەکراوی بەدەستووریکراو لە بناگوێی هەرێمی کوردستاندا، بەخشکەیی و بەشێنەیی پەل دەهاوێت. ئەم هێزە حەشدی شەعبییە و پێدەچێ لە 2017 شایەتی چەندین پێکدادان لەنێوان هێزی پێشمەرگە و حەشدی شەعبی عێراقیدا بین!

یەکێک لە گرنگترین پرۆژە ستراتیژییەکانی 2017 پرۆژەی کۆنفیدراڵیزمی کوردستان — عێراقە. ئەمەش خۆی لەتوێی سەروەریی زیاتر بۆ هەرێمی کوردستاندا دەبینێتەوە. پێدەچێ بەشێک لە نوخبەی سیاسی عێراق بەو ئەنجامە گەیشتبێ، بەیەکجاری کێشەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان ببڕێندرێنەوە و کۆتایی بە پرسێک بهێنرێ کە یەک سەدەی ڕێکە عێراقی گرمۆڵە کردووە. بەڵام بەشێکیش هەتا ئێستا بیر لە بەراوەژووکردنەوەی لۆژیکی فیدراڵیەت و پیادەکردنی ڕێسای ناوەندگەرایی و بەهێزکردنەوەی مەرکەز دەکەنەوە.

لە هەمووشی گرنگتر پرۆژەی کۆنفیدراڵیەتە کە بۆ ئەمەش پێویستە: هەرێمی کوردستان خاوەن دۆکترینێکی تایبەت بێت. دەشێ سوود لە تێزی (دوو دەوڵەت — یەک وڵات) یش وەربگیرێت. لەم دۆخەدا عێراق یەک وڵاتە بەڵام دوو دەوڵەتی تێدایە کە دەتوانن بۆ دۆزە ستراتیژییەکان هاوپەیمان بن و یەک ستراتیژی بەرگریی هاوبەش پیادە بکەن. لەگەڵ ئەمەشدا کوردستان سیاسەتی دراو و ئابووریی تایبەت بەخۆی هەبێت. هاوشێوەی سکۆتلاندا کە چۆن پاوەنی لە پاوەنی ئینگلاند جیاوازە بەڵام بەشێک لە بەریتانیایە، دەوڵەتی کوردستان بۆی هەبێ دراوی تایبەت بەخۆی واتە دیناری کوردستان چاپ بکات و خاوەن سەروەریی ناوەکی و دەرەکیش بێت و هیچ هێزێک نەتوانێ ئەم مافەی زەوت بکات.

#### ئەنجام: هەڕەشەکان بەردەوام دەبن

ساڵی 2017 هاوشێوەی 2016 سەرچاوەکانی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبن و بگرە زیادیش دەبن. پێدەچێ دۆخی مووسڵ بەرەو قەیران و بگرە قەیرانگەلیش پەل بکوتێ. پێدەچێ ڕەوشی سووریا جارێکی دیکە لەناو عێراق ڕەنگبداتەوە و درێژەکێشانی تەنگژەی سووریا ببێتە هۆی دروستبوونەوەی قەیرانی نوێ لەناو عێراقیش. بەتایبەت پرسی سوننەکان لە عێراق هەمیشە ئاوس بە تەنگژەی پەیتا — پەیتایە و لەڕێی تانوپۆیەکی چڕەوە بە دۆخی سوننەکانی سووریاوە بەستراوەتەوە.

داعش، حەشدی شەعبی، شەڕی کوردی — کوردی سەرچاوەی هەڕشەی دەرەکی و ناوەکی بۆ هەرێمی کوردستان پێکدەهێنن. لێرە ئەگەری ئەوەش بەهێزە تورکیا بەبیانووی پەکەکە و بەبیانووی تورکمانەکان و تەنانەت سوننەکانی عێراقەوە هەندێک تەک و بەرتەکی پێشبینی نەکردە نیشان بدات. ئەگەرێکیشە کۆماری ئیسلامیی ئێران لەناو هەرێمی کوردستان سیاسەتی جیاوازتر پەیڕەو بکا کە یەکێکیان کردەوەی تیرۆرکاری لەدژی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی لەناو سنوورەکانی هەرێمی کوردستانە!

لەگەڵ گشت ئەمانەدا سیاسەتی نیۆئۆراسیایی ڕووسیا و سیاسەتی نیۆکانی تازەی ترەمپ وێنە گەورەکە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەکێشنەوە کە لە کوردستانیش ڕەنگ دەداتەوە. واتە یەکێک لە پارامەترەکانی پێشبینیکردنی پێشهاتەکانی ساڵی 2017 سیاسەتی قەبەی (مایکرۆپۆلیتیکا) ئەمەریکا و ڕووسیایە.

لە هەمووشی گرنگتر پرسی ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدایە کە هەم بۆ ئاشتییەکی جێگیر و هەم بۆ جەنگێکی گشتگیر کراوەیە. هەڕەشەکان ئەو ساتە دەڕەوێندرێنەوە کە هەولێر خاوەن دۆکترینێکی ئاسایشی تایبەت بێ و بەوەوە پێشوازی لە پێشهاتەکان بکات.



هێمن عەبدوڵڵا

hemen@rudaw.net

# ئیتر بۆ پاشەوە

هەرچەندە گەشبینی باشە، بەڵام پێناچێ ساڵی 2017 بۆ کوردستان و دەوروبەری ساڵێکی باشتر بێت لە 2016. کوشتاری شەوی سەری ساڵ لە ئیستەنبوڵ ڕووداوێکی واتادار بوو: ئەو ئاگرەی لە سووریا و عێراق کراوەتەوە هەر لەو ئاگردانەیدا نامێنێتەوە و پریشکەکانی بۆ دەوروبەری فڕێدەدات، بەڵام لەوێش ئەوانە بەردەکەون کە بۆ فێنکبوونەوە لەدەست ئاگرەکەی عێراق و سووریا پەنایان بۆ تورکیا بردبوو.

شەڕی موسڵ هێشتا بەردەوامە و هی ڕەققەش هێشتا دەستی پێنەکردووە. هەرواش پێشبینیی هەموولایەک ئەوەیە کە لە 2017دا داعش لە سووریا و عێراق بەو هێزەی ئێستایەوە نەمێنێت. ئەمە پێشبینییەکی ڕاستە، بەڵام ڕاستییە تاڵەکە ئەوەیە کە داعش بە شێوازێکی جیاواز و جارسکەرتر دەمێنێتەوە. ساڵانی ڕابردوو ڕاهاتبووین کە ئەگەر داعش بتوانێ مەترسییەک دروست بکات، لە بەرەکانی شەڕدا بەرامبەر پێشمەرگە دروستی دەکات. بە ماندووبوونی دەزگا ئەمنییەکانیشمان و هاوکاریی خەڵک بۆیان، لە ماڵەکانماندا بە خەیاڵی ئاسوودەوە لێی دەنووستین. بەڵام ڕەنگە ئەمساڵ وانەبێت و هەم دەزگا ئەمنییەکان و هەم خەڵکیش ناچاربن ماندووتر بن بۆئەوەی ڕێگە نەدەن تەکتیکی نوێی داعش و ئەو گرووپە توندئاژۆ نوێ (یان) ی لەمساڵدا دروست دەبن سەربگرن.

ئەمساڵ هەم دەستبەکاربوونی ترەمپ و هەم ئەنجامدانی گشتپرسی لە تورکیا بۆ زۆرترکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆک و هەم هەڵبژاردنەکانی ئێران و هەم ڕووداوەکانی سووریا و کۆتاییهاتنی شەڕی موسڵیش وادەکەن ساڵێکی قەرەباڵغ و پڕ کێشمەکێش لە کوردستان بەڕێ بکەین. ئێران و تورکیا لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان شەڕی هەژمووندانان و فراوانکردنی سنووری دەسەڵاتی خۆیان دەکەن. ئەوەی شەڕەکەشیان بۆ دەکات هێزە کوردییەکانی هەردوو پارچەکەن. کێشەی شنگال و نائارامیی سیاسی و کارگێڕی لە سلێمانی و مانەوەی حەویجە لەتەنیشت کەرکووکەوە (کە ڕووداوی ناخۆشی بۆ کەرکووک و کوردستان بەگشتی بەدوادا دێت) هەموویان وادەکەن لەئێستاوە نەتوانین بە خاترجەمی بیر لە ساڵێکی خۆش بکەینەوە بۆ کوردستان.

بەرلەوەی شەڕی داعش دەستپێبکات، لە هەولێر کۆبوونەوە دەکران بۆ پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی. ئێستا کە ساڵی 2017یە تازە گەڕی دووەمی دانوستاندنەکان بۆ ئاشتبوونەوەی لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان و چالاککردنەوەی پەرلەمان و چارەسەرکردنی کێشەی سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان دەستپێدەکەنەوە. لە باکووری کوردستانیش ئەو هەدەپەیەی لێی چاوەڕوان دەکرا تەنانەت بچێتە نێو حکومەتیشەوە، کەچی هاوسەرۆکەکانی و سەرکردەکانی دیکەی، هاوشێوەی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی ڕێبەریان، شەوی سەری ساڵیان لە زینداندا بەڕێکرد.

کاک مەسعود لە پەیامی سەری ساڵدا نووسیبووی ئەو ڕەوشە، کە مەبەستی ڕەوشی باشووری کوردستانە، ناکرێ چیدیکە ئاوا بەردەوام بێت. ڕاستییەکەشی وایە و بەو هەموو سەرئێشانەوە کە چاوەڕێمان دەکەن ناکرێ هەروا بەردەوام بێت، بەڵام هەرچەند بیری لێدەکەمەوە عەقڵم نایبڕێ لایەنەکانی باشوور بتوانن هەموویان پێکەوە بگەڕێنەوە بۆ پێش ئەوکاتەی ساڵی 2015 گەیاندیانە مریشکەڕەشە. بەداخەوە وامان لێهاتووە ئارەزوو بکەین ڕەوشەکە بگەڕێتەوە پاشەوە و وەکو خۆی لێبێتەوە. واتە لەجیاتی پێداگیری لەسەر چوونە پێشەوە، ناچارین بەئاواتەوە بڵێین: ئیتر بۆ پاشەوە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

# RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



## لەگەڵ ئەم ژمارەیە

## دیاریی رووداو وەربگرە


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net



Good food

abc

Good feelings

زۆرترین خواردن لە گەورەترین رێستورانت

رێستورانتی ABC لە هەولێر / رێگەی بەحرکەی نوێ تەنیشت گوندی لوبنانی

ئێستا کراوەیە

11 رێستورانت، 660 جۆر خواردن لە ماوەی 2 کاتژمێردا

DAILY FRESH SEAFOOD premium quality

SHISHA LOUNGE

MIDDLE EAST RESTAURANT

Diner FAST FOOD

Pancakes & WAFFLES

STEAK HOUSE

Soup & BREADS ALWAYS GOOD

The Best CHINESE FOOD

FARM FRESH Salad bar

SUSHI BAR

AUTHENTIC ITALIAN CUISINE

The PASTRIES & CUPCAKES BAKERY



